




# نەمر هاشم کەریمی

**٦٥ ساڵ خەبات لە پێناو مافی دیاریکردنی چارەنووس**

**ڕێبەرێکی ڕاستگۆ، سیاسەتمەدارێکی دەگمەن و کەم وێنە.**

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست


* چەند وتەیەک ........................................................................................ ٥

* بێبەش پیرۆتی، هەرمان (هونراوە) ............................................................... ٦

* ژیاننامەی هاوڕێی تێکۆشەر هاشم کەریمی ...................................................... ٧

* خالید حەسەن پوور: کاک هاشم و پێگرتنی بیروبۆچوون و هەڵسوکەوتەکانی، بۆم دەرکەوت بڕاستی کاک هاشم لەناخەوە پیاوێکی چەپ و ئارمان گەرایە ............................................ ١٤

* کەماڵ کەریمی: کاک هاشم خەبات بۆ کۆتایی پێهێنان بە ستەمی چینایەتی، دابینکردنی مافە نەتەوەییەکانی نەتەوەکەشی دەخاتە چوارچێوەی بیرکردنەوە سیاسیەکانیەوە .................................... ١٧

* خەلیل غەزەلی: کاک هاشم کوردێکی چەپ بوە و بەرژەوەندیی نەتەوەکەی و خەباتەکەی نەخستوەتە پاش بیری چەپ و یەکسانیخوازیەوە، ئەگەرچی قەتیش یەکسانی و عەداڵەتخوازیی لەبیر نەکردوە .......................... ٢٣

* مەلا رەسووڵ پێشنمار: کاک هاشم کەریمی یەکێک لەو تێکۆشەرانە بوو کە لە تارانەوە پێوەندی گورجووگۆڵی لەگەڵ کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزب پێکهێنا بوو ...................................................... ٢٦

* سەعید بەگزادە: کاک هاشم، تێکۆشەرێکی گەورەی کورد، خاوەن قەڵەمێکی زانا، سیاسیەکی پاک و راست و سادق، بڕوادارێک بە یەکسانی و عەداڵەتی جینسی و کۆمەڵایەتییە ........................................... ٣١

* رەحیم محەممەدزادە: کاک هاشم یەکێک لە رێبەرە هەرە خۆشەویست، خۆنەویست، خاکەڕا، مامۆستا، تێگەیشتوو، خاوەن قەڵەم، روناکبیر، دەست و داوێن پاکی بووە و هەیە ............................................ ٣٧

* **هاشم ڕۆستەمی**: کاک هاشم: شارەزاییەکی زۆری لە سەر مێژوو، جوگرافیا، ئەدبیات و زۆر لایەنی دیکە هەبوو. لە رابردووی وڵاتان هەبوو ........ ٤١

* **حەسەن حاتەمی**: کاک هاشم کەریمی کە کەسێکی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو لە کۆڕی سەختی خەباتی دوو ڕێژیم سەرەڕۆی پەهلەوی دوویەم و کۆماری ئیسلامی بوو ........ ٤٥

* **مەولوود سوارە**: کەم کەسم وەک بەڕێزیان خۆنەویست،خەڵکی و خاکی، دلسۆزو نیشتیمان پەروەر لەکاری سیاسی و بەرپرسایەتیەکانی دا لەحیزبی دێموکرات دیتووە ناسیوە ........ ٥٠

* **هەمزە ئاگوشی**: کاک هاشم لە هەر ئۆرگانێکدا کاری کردبێ، ئەو ئۆرگانەی خۆش ویستووە و هەموو هەوڵی ئەوە بووە کە کەسایەتی بدات بە ستافە ........ ٥٢

* **بیرەوەرێکی کورت** ........ **جەمال بانەیی(کەریمی)** ........ ٥٤

* **ڕێزلێنانی بنکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لەندن** ........ ٥٦

* **جەلیل گادانی**: کاک هاشم وێڕای ئەوەی هەستی نەتەوەی زۆر بووە، لە سەرەتادا موتالیعەی سیاسیشی زۆر بووە و زۆر عەلاقەمەند بووە بە موتالیعەی کتیبەکانی لایەنی چەپ ........ ٥٨

* **مستەفا شەڵماشی**: کاک هاشم زۆری فێر دەکردی. هەم فێری کتێب خوێندنەوەو باسی سیاسی دەکردی و هەم فێری ئەخلاقی ئینسانی، نەتەوەیی بوون، یەکسانیخوازی و ڕاستگۆیی دەکردی ........ ٦٢

* **سمایل بازیار**: کاک هاشم ئەو کەسایەتیە سیاسییەی کوردە کە لە پێشدا کورد بووە و دواتر چەپ، بەڵام چەپێکی دیموکرات، چەپێکی نۆیخواز ........ ٦٥

* **موحەد کەماڵی**: ئینسانێکی شۆڕشگێر و نموونەی شەخسیەتێکی سیاسی ناودار و نموونەی مرۆڤێکی ئینسان دۆست بێت ........ ٧٠

* **حەیات تەوەکولی**: لە پشت هەر پیاوێکی سەرکەوتوو ژنێکی ئازا هەیە. بەراستی زێنەب خانم لە هەموو بەرز و نزمی ژیان، لە سیاسەت، دەربەدەری، ئاواربوون و نەداریدا، پشت و پەنای کاک هاشم بوو ........ ٧٣


سەرچاوە
Serchawe

* "تاجی خوێناویی" هونراوەی شاعیر شێرکۆ بێکەس بۆ هاوڕێ هاشم کەریمی ........................................ ٧٦

* یادێک لە کاک هاشم کەریمی ........................................................ شۆڕش ئەسەدزادە ............ ٨٠

* سپاس و پێزانین ی بنەماڵەی کاک هاشم کەریمی ................................... زێنەب ڕەسوولەپەنا ....... ٨٣

* بەشێک لە دیدو بۆچوونە سیاسییەکانی رێزدار هاشم کەریمی ..................... دیمانە: رەحمان نەقشی ....... ٨٥



لە راستەوە: خاتوو زێنەب رەسوولەپەنا. هاورێیانی: مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە.
هاشم کەریمی. مەولوود سوارە. و حەسەن رەستگار

# چەند وتەیەک

خوێنەری هێژا؛

بۆسپاس و پێزانین زیاتر لە ٦٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانی سیاسەتمەدار، نووسەری و سیمای دیاری رۆژهەڵاتی کوردستان و ئەندامی پێشووتری رێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان هاوڕێی تێکۆشەر کاک هاشم کەریمی، بە باشم زانی نامیلکەی (هاشم کەریمی: رێبەرێکی ڕاستگۆ، سیاسەتمەدارێکی دەگمەن و کەم وێنیە.) بۆ رێزگرتن لەم کەسایەتە مەزنەی گەلەکەمان ئامادە بکەم. بۆ ئەم مەبەستە داوام لە چەند دۆست و هاوڕێ کاک هاشم کە لە رابردوو لە ئۆرگانەکانی حیزبی هاوکار و هاوخەبات بوون کرد کە بیرەوەری یان بیروڕای خۆیان لەسەر ئەم کەسایەتە سیاسییە بنووسن، بەخۆشیەوە بەشی هەرە زۆری دۆستان وەڵامی ئەرێنیان دامەوە و بابەتی جوان و پڕ نێوەرۆکیان بۆ رەوانە کردم، یکدنیا سپاسیان دەکەم هیوادارم هەروا قەڵەمیان ڕەنگین و تەمەنیان درێژ بێ بۆ گەل و نیشتمان.

* بەشی دووهەم ئەم نامیلکەیە کۆڕێکی ڕێز لێنانی بنکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە رۆژی ٨ی مانگی جولای ٢٠١٧، لە شاری لەندن لە وڵاتی بریتانیا بۆ هاوڕێ بەڕێز کاک هاشم کەریمی ڕێکی خستبوو.

هەوڵم دا هەموو ئەم وتارانە کە بۆ ئەم کۆڕە رەوانە کرابوون لەو نامیلکەیە بیانگونجینم بەڵام بە هۆی ئەوەی بەشی هەرە زۆری پەیامەکان لە ڕێگەی گرتەی ڤیدیۆیی بوو و بەداخەوە بەشێک لەم گرتە ڤیدیۆیانەش ون و بزر بوون، بۆیە تەنیا توانیمان ئەم چەند وتارە کە بە نووسراوە بۆ ئەم کۆڕە رەوانە کرابوو و هەروەها بە هاوکاری خاتوو بەیان کەریمی و تاهیر حاجی عەبباسی دوو وتاری هاوڕێیان کاک جەلیل گادانی و کاک سمایل بازیار بینینە سەر کاغەز، سپاس و دەستی ئەم دوو هاوڕێیش خۆش بێت.

هیوادارم توانی بیتم بە ئامادە کردنی ئەم بەرهەمە ئەرکی سەرشانی خۆم سەبارەت بە خزمەت و لەخۆبردوویی ئەم کەسایەتە گەورەیەی نەتەوەکەمان کە هەموو تەمەنی خۆی و بنەماڵەکەی بۆخزمەت بە گەل و نیشتمان تەرخان کرد. هیوادارم هاوڕێ کاک هاشم و زینەب خان و گەشت بنەماڵەی گەریمی هەر ساخ و تەمەن درێژ بن بۆ کورد و کوردستان و وێنە ئەم تێکۆشەرانە هەر زۆر بن بۆ خزمەت بە گەلی بەشخورای کورد.

بەرێزو حورمەتەوە رەحمان نەقشی

## ڕێز گرتن

### هەرمان

پێشکەش بە مامۆستای بەڕێزم کاک هاشمی کەریمی

بێبەش پیرۆتی



لە داوێنی ئاربەبا و بە شنەی بڵاوێنی هەستی پیرۆزی کوردایەتی و بە عەتری گوڵەباغەکانی سڵەمانبەگ پەڕ و باڵت کرایەوە و لە فێرگەی ئۆگرانی رەها بوون و یەکسانی و زانکۆی پێشەوا و سەرۆک کۆمار خوێنی نێو دڵ و دەمارت بە تینی خۆری هیوای گەیشتن بە بەهاری سەربەستی کوردستان هاتە جۆش و خرۆشت بۆ وەدی هێنانی ژیانی هەرمان و لێواولێو لە سەربەرزی دەستی پێکرد.

بە بۆن و بەرامی ناسکترین و جوانترین گوڵەکانی نێو گوڵستانی هێمن و شێرکۆکان و پەشێوەکان عەتر پژێنی رێگای رووەو کانی مرادان بەڵام پڕ لە خار و مارت کرد و، پازدە وەرز تۆوی گەنم و نەمامی سێو و شتڵی ریحانەت چاند و لە دروێنەی دڕک و هەڵکەندنی گیاکەڵە و بژاری بێستانی ئەوین هەر نەوەستای.


وەک چۆن هەستای چۆکی دامانت دانەدا، هەدات نەدا،بە هەناسەی ماندووبوونت پۆلووی هەستی هەستدارانت، چەند بێدەریخ، گەشاندەوە تا لە شەوانی دەیجووردا گریان هەستا.

سڵاو لە تۆ ئەی مامۆستا. مامۆستاکەم پازدە وەرز سەربەرزی مانت پیرۆز بێ.

گەلاوێژی ١٣٩٦

## ڕێز گرتن

# ژیاننامەی هاوڕێی تێکۆشەر هاشم کەریمی



ئاوڕدانەوە لە لاپەڕەکانی ژیانی کاک هاشم کەریمی، لە ڕاستیدا ئاوڕدانەوەیەکە لە دوو لاپەڕەی بە یەک بەستراوی مێژووی هاوچەرخمان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان.

یەکەم لاپەڕە، گرێدراوە بە مێژووی سەرهەڵدانی دەوڵەتانی مودیڕنی داگیرکەر لە ئێران و زیاتر لە سەدەیەک ستەم، نادادپەروەری و شەڕی داسەپاو لە ڕۆژهەلاتی کوردستان.

لاپەڕەیەکی دیکەی ئەم مێژوە، هاوکات گرێدراوە بە سەرهەڵدانی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد، بە ئاڵ و گۆڕی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کوردستان و بە خەبات و بەرخۆدانی گەلێکی ستەم لێکراو.

کاک هاشم کەریمی نە تەنیا ڕۆڵی گرنگی لەم مێژوەدا هەبووە، بەڵکوو لە بەرهەمهێنانی فکر و گووتاریدا ڕاستەوخۆ بەشداری کردووە.

کاک هاشم کەریمی لە ساڵی ١٣١٩ بەرامبەر بە ١٩٤٠ی زایینی لە شاری بانە لە دایک بووە.

# ڕێز گرتن

قۆناغە سەرەتایەکانی ژیانی لە شاری بانە، لە ژێر ئاسەواری دوارۆژەکانی رژیمی رەزا شا، ڕووداوەکانی شەڕی جیهانی دووهەم و هەروەها سەرهەڵدان و ئاوابوونی کۆماری کوردستان بە سەر بردوە.

سەرەڕای تەمەنی منداڵی، کاریگەری ئەم ڕووداوە مێژووییانە هەر دەم لە سەر ژیانیدا دیار بووە. بە تایبەت سەرهەڵدانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بووە هۆی سەرەتایەک لە پێکهاتنی ئەندیشە و بیری سیاسی ئەو وەک مرۆڤێکی نیشتمانپەرەوەری کورد لە شارۆچکەیەکی دابڕاو و ستەملێکراو.

کاک هاشم ژیانی منداڵی و لاویی لە بانە لە ناو بنەماڵەیکی نیشتمانپەروەر و خاوەن هەستی کوردایەتی تێپەڕ کردوە. برا گەورەکەی - کاک محەمەد کەریمی - یەکێک لەو کەسانە بووە کە لە هاندان و داچاندنی فکری سیاسی و نیشتمانپەروەریی کاک هاشمدا ڕۆڵی گرنگی هەبووە.

لە ساڵانی نێوان ١٩٤٧ تا ١٩٥٩(بەرامبەر بە ١٣٢٦ تا١٣٣٨) کاک هاشم قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی خوێندنی تەواو کردووە و دواتریش بۆ خوێندنی مامۆستایی چۆتە دانشسرای سنە.

بۆ ئەم مەبەستە ناکرێت کە پێناسێک لە ژیانی کاک هاشم بکەی، بە بێ هەڵسەنگاندنی هەل و مەرجی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو سەردەمەدا.

ساڵانی نێوان ١٩٤٧ تا ١٩٥٩ی زایینی، سەردەمی رووخانی خەونی ئازادیخوازی کورد بوو، سەردەمی بە هێزتربوونی ڕژێمی شا و بەرفراوانتر بوونی گووتاری دەسەڵاتداری داسەپاو و سەردەمی هەوڵدان بۆ سڕینەوە بنەڕەتی جووڵانەوی رزگاری خوازی کورد بوو. هاو کات سەردەمی گۆڕنکاریە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بوو. لە هەموو گرینگتر، سەردەمی ئەوپەڕی بێدەنگ کردنی گوتاری سیاسی بوو. بە واتەیکی دیکە، سەردەمی خنکاندی هەر دەنگێکی ناڕەزایی و دژایەتی بوو. هێزەکانی سەرکوت لە سوپاوە تا ساواک لە هەموو قوژبنێکی وڵاتدا لەنگەریان گرتبوو.

بەڵام سەرەڕای زاڵبوونی ئەم فەزایە لە کوردستان، دەکرێ ئەم قۆناغە وەک قۆناغی دانەبڕان لە ئۆمێد و دەستبەرنەدان لە خەباتیش پێناس بکرێت.

ساڵەکانی ١٩٥٠ زایینی تا ١٩٦٠ ( بەرامبەر بە ١٣٣٠ و ١٣٤٠کانی هەتاوی) بە گشتی، دەکرێ وەک قۆناغێک ڕوانینی لە

## ڕێز گرتن

سەر بکرێت کە لە سەر فکر و هزری سیاسی کاک هاشم کاریگەریکی بەرچاوی هەبوو.

دیسانەوە سەرهەڵدانەوەی جووڵانەوی کورد لە ژێر ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان و دەرکەوتنی ئەو حیزبە وەک ڕێکخەرێکی پێشڕەوی دەنگی ئازادی کورد، توانی تۆوی ئۆمێد و ئاسۆ لە دڵی کەسانی وەک کاک هاشمدا دا ببووژێنێتەوە.

بێ گومان ئەمانە تەنیا فاکتۆری گۆڕانکاری نەبوون. ساڵانی دوای ١٩٥٠ی زایینی، سەرهەڵدانی بیری ئازادیخوازی چەپ و گرێدانی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە لایەکەوە، لە لایکی دیکەشەوە شەپۆلی چەندین گۆڕانکاری بنەڕەتی لەودیوی سنوورەوە، واتە لە باشووری کوردستانەوە بوو.

لەوانە بووژاندنەوەی شۆڕشی کورد لە دوای کوودتای ١٩٥٨ی زایینی کە دیارە لەبەر گرنگیی بە شۆڕش ناسراوە، دروستبوونی کەشێکی تا ڕادەیک ئازاد لە باشووری کوردستان، لە هەموو گرنگتر بەرفراون بوون لە بڵاوکردنەوەی کتێب و نووسینی کوردی، لە شیعر و ئەدەبەوە بگرە تا بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان. کە هەرێک بە شێوەیکی بەربڵاو کاریگەری لە ڕۆژهەڵات کوردستانیش هەبوو. لەو سەردەمەدا، بانە وەک شارێکی سەرسنوور ببوو بە پردێکی بە هێز بۆ راگوێزانی شەپۆلی ئەم هزر و ئەندیشە نوێیانە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بە بێ شک، بە گشتی هەر یەک لە مانە کاریگەری گرنگ و ڕاستەو خۆیان لە سەر دروست بوونی کەسایەتی سیاسی کاک هاشم هەبووە.

بەڵام دەیەی ١٩٦٠کان و سەرەتای ١٩٧٠کان (واتە ١٣٤٠کان و ١٣٥٠کانی هەتاوی) کاریگەریی ڕاستەوخۆتر و گرنگتری لە سەر کاک هاشم هەبووە. لە گەڵ بەرفراونتر کردنی دەسەڵاتی ڕژێم، بە سیستماتیک کردنی فرەتری ئەم دەسەلاتە، بە تایبەت دوابەدوای دابەزاندنی پاکەجی شۆڕشی سپی، خەبات و بەرخۆدان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێی نایە ناو قۆناغێکی ترەوە و پێناسێکی نوێتری بە خۆیەوە گرت.

لە گەڵ سەرهەڵدانی جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٨ی هەتاوی بە ڕێبەری شەریفزادە و موعینی و ئاوارە ئومێدیکی نوێی لە سەر دڵی گەنجانی وەک کاک هاشم دروست کرد.

لەم ماوەیەدا، لە ژێر مەترسی ساواکدا، کاک هاشم وەک ڕۆشنبیرێکی تازە پێگەیشتوو و وەک هەڵسووڕێکی سیاسی لە بڵاو

## ڕێز گرتن

کردنەوەی هزری سیاسی جووڵانەوەی کورد و ئاشنا کردنی لاوانی کورد بەم هزرە سیاسیە نەخشی بەرچاوی گێڕا. هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە چەند جار لە لایەن ساواکەوە بە مەبەستی دوور خستنەوەی لە خەڵکەکەی دوو جار بۆ شارەکانی ناوەڕاستی ئێران و جارێکیش بۆ گوندێکی دابڕاوی ڕۆژهەڵات دوورخرایەوە.
بەڵام، بێ گومان ئەمە نەکۆتایی بوو بە خەباتی کاک هاشم و نە کۆتایی بە شەپۆلی بێ پسانەوەی ئازادی خوازی لە ڕۆژهەڵات.

ساڵانی کۆتایی ۱۳٤۰کان و سەرەتای ۱۳۵۰کان، دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە ژیان و خەباتی کاک هاشم بوو. لە سەرەتای ۱۳۵۰دا کاک هاشم پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە گرت و هەر لەو ساڵەشدا وەک هەلسووڕێکی سیاسی ئەرکی ڕێکخستنی ئەم حیزبەی بە ئەستۆ گرت. هاوکات لەو ساڵەشدا توانی لە ڕشتەی سیاسی دانشکەدەی حقووقی زانکۆی تاران لیسانس وەربگرێت.

ساڵێک دواتر لە گەڵ خانمی زێنەب ڕەسووڵپەنا ژیانی هاوبەشی پێکهێنا. و دواتر بووە خاوەنی کچێک بە ناوی بەیان و سێ کوڕ بە ناوەکانی گۆران، سۆران و بابان.

لەم دەیەدا بوو کە کاک هاشم توانی وەک کادرێکی بە توانا لە شاری بانە و لە شارەکانی دەوروبەر و لە نێوان ڕەوندی کورد لە تاراندا دەربکەوێ، و توانی لە بڵاو کردنەوەی بیری نوێ و ئازادی خوازی بزووتنەوەی کوردیدا لە شارەکانی ڕۆژهەڵات نەخشی سەرەکی هەبێ. بە گشتی لە ژێر مەترسیکی یەکجار زۆر دا، لەم ماوەدا، کاک هاشم لە تێکشکاندی گووتاری داسەپاوی ڕژێمی پاشایەتیدا ڕۆڵی گرنگی هەبوو، کە بێ گومان گشت ئەم کاریگەریانە لە شۆڕشی ۱۹۷۹ دا ڕەنگی دایەوە.

بە واتەیکی دیکە، ناکرێ نەخشی کەسانی وەک کاک هاشم بە کەم بگیردرێت لە سەرهەڵدانی دووبارەی جووڵانەوەی ڕزگاری خوازی لە ڕۆژهەڵات لە ساڵانی ۱۳۵۰کاندا، لە بەرزکردنەوەی ورەی جەماوەر بە مانای بەرخۆدان لەبەرانبەر هێزی سەرکوتکەر، شکاندنی سامی خەڵک لە سیاسەتی ترس و تۆقاندن، لە بەگژدا چوونەوەی کۆشکی ستەم و چالاک کردنی ئەکتەرەکان و لە ئەنجامدا لە سەرهەڵدانی شۆڕشی ساڵی ۱۳۵۷دا.

پێویستە ئاماژەش بەوە بکرێت کە لە ساڵانی نێوان(۱۳٤۰ تا ۱۳۵۱ ) کاک هاشم وەک پیشە، مامۆستا بووە. هەر لەم ماوەشدا، سیستمی خوێندن لە ژێر دەسەڵاتداری دیکتاتۆڕی حکوومەتی ناوەندی وەک ناوەندێک بۆ گواستنەوەی گووتاری

## ڕێز گرتن

دەسەلات بەکاردەهێنرا و لە لایەن ئەکتەرەکانی ڕژیمەوە هەڵدەسووڕا.

لە ماوەی تەمەنی مامۆستایدا، کاک هاشم نەک تەنیا دژایەتی ڕاستەوخۆی کردووە لە گەڵ ئەکتەرەکانی ڕژێم لە سیستەمی خوێندندا وەک ئەرک هەڵگرێکی لێ هاتوو، لە بەرهەم هێنانی بیری ئازادی لە نێو منداڵان و گەنجاندا دا نەخشی سەرەکی هەبووە. هەر بەم هۆیەشەوە بوو کە چەندین جار لە لایەن بەرپرسی فەرهەنگ و کار بەدەستانی مەرزەبانی بانگهێشت کراوە، هەڕەشەی لێ کراوە و تۆمەتی بڵاو کردنەوە و فێرکردنی سروودی کوردی نیشتمانی لێ دراوە.

لە ڕاستیدا هەڕەشەکان بێ ئاکام نەبوون، بە داخێکی زۆرەوە، لە سالی ۱۹۷۳ دا (نەورۆزی ۱۳۵۲)، لە ژێر فشار و زۆرداری ساواک، کاک هاشم ناچار دەکرێ کە زێدی خۆی، هاوسەر و کچە ساواکەی، کە تەنیا چوار مانگ تەمەنی دەبێ، بە جێ بهێڵێت و بۆ هەندەران بۆ ماوەی شەش ساڵ ئاوارە بێت. کاک هاشم کاتێک وڵات بە جێ دێڵێ کە کاک عوسمانی برای لە زیندانی ریژیمی شادا بوو. دابڕان لە خەڵکەکەی بێ گومان مەبەستی سەرەکی ڕژێم بوو. زیندان، ئەشکەنجە، دوورخستنەوە، هەندێ تاکتیکی گرنگن کە دەسەڵاتداران بە کاری دەهێنن بۆ دوور خستنەوەی ئەو کەسایەتیانەی کە مەترسی دەخەنە سەر بەردەوام بوونی دەسەڵاتی ڕەهایان.

لە ساڵی ۱۹۷۳، لە لووتکەی دەسەڵاتی ساواکدا، بە داخێکی زۆرەوە شانەی نهێنی حزب لە شاری بانە بە هۆی جاسووسێکی ساواک بە ناوی سەلیمی خا شەرافەت ئاشکرا دەبێت. لە ئەنجامدا کاک قادری وێردی هەر لە شاری بانە وەبەر دەستڕێژی بەکریگیراوانی ریژیم دەدری و شەهید دەبێ و کاک مەحەمەد سەدیق و کاک عەزیز مستەفازادە لە سێدارە دەدرێن و کۆمەڵێک هەڵسووڕی سیاسی دیکە یان ئاوارە بوون یان زیندانی کران. کاک هاشم یەکێک لەو کەسانە بوو کە بە خۆشیەوە نەکەوتە دەست دوژمن و توانی گیانی دەرباز بکات و هەڵبێ. ئەگەرچی لە غیابیدا، دەستووری لە سێدارەدانی لە لایەن ڕژیمەوە دەرچوو بوو.

ئاوارە بوونی کاک هاشم بۆ ماوەی شەش ساڵ و دابڕانی لە ژن و منداڵی، خزم و کەسوکار و هاوڵاتیانی لە ڕۆژهەلات، بێ گومان کاریگەریکی قووڵ و بنەڕەتی لە سەر ڕۆح و کەسایەتی دانا.

بەڵام لە دەورانی ئاوارەبوونی دا لە باشووری کوردستانی، بوو بە هۆی کرانەوەی هەندێ دەرفەتی گرنگ، بۆ نموونە ئاشنا بوونی لە گەڵ هەندێ کەسایەتی گرنگی کورد لە دەرەوەی وڵات وە هەروەها سوود وەرگرتن لە هەندێ فەزای ئازادی سیاسی.

# ڕێز گرتن

کاک هاشم ئەم هەل و مەرجەی قۆستەوە بۆ دەوڵەمەند کردنی بیر و ئەندیشەی سیاسی، کۆمەڵایەتی خۆی و لە ئاکامدا خەڵکەکەی.

تەمەنی ئاوارەیی و دووری لە خۆشەویستان کۆڵی بە کاک هاشم نەدا و خۆڕاگرانتر لە جاران بە دژایەتی کردن لە گەڵ سیستەمی پاشایەتی و بۆ وەدەستهێنانی مافی خەڵکەکەی کاری دەکرد.

لەم ماوەدا، ژن و منداڵ و کەس و کاری لە ژێر چەپۆکی ساواکدا مابوونەوە و تەنانەت هاتنی نامەش بە ئاسانی نەدەکەوتە دەستیان.

بەڵام خۆشبەختانە، لە گەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی دژی شا لە ئێران و کوردستان، تەمەنی دووری کورت بۆوە و کاک هاشم بۆ ماوەی چوار مانگ بەر لە سەرکەوتنی شۆڕش گەڕایەوە بۆ ڕۆژهەڵات، بە مەبەستی ڕێکخستنی شۆڕشی دژ بە ڕژێمی پاشایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لەم ماوەدا بوو کە کاک هاشم وەک یەکێک لە ڕێبەرانی لێ هاتووی خەڵکەکەی لە ڕۆژهەڵات ناسرا و ئەمجارە توانی بە ئازادی دەست بکا بە هەڵسووڕانی سیاسی لە ناو خەڵکەکەیدا.

دوای شەش ساڵ ئاوارە بوون، لە ڕۆژی ٢٣ ڕێبەندانی١٣٥٧، واتە ڕۆژێک دوای سەرکەوتینی شۆڕش، کاک هاشم گەڕایەوە بۆ شاری بانە و لە لایەن زۆر لە دانیشتوانی شارەکەی پێشوازیی لێکرا.

کاک هاشم لە ماوەی کورتی ئازادی دا، بەر لە سەر هەڵدانی کۆماری ئیسلامی، لە ڕێکخستنی جەماوەری خەڵکی کوردستاندا ڕۆڵی سەرەرکی هەبوو. وەک ئەندامێکی هەڵسووری حیزبی دیموکڕاتی کوردستان، لە بەرەو پێش بردن و بەرگریکردنی ماف و ویستەکانی  خەلکەکەی نەخشی بەرچاوی گێڕاوە.

بەڵام بە داخەوە دیسان تەمەنی ئازادی کورت بوو و دیسان رژێمێکی کۆنەخواز و ستەمکاری دیکە بە دروشمێکی نوێی دیکەوە لە کورسدتاندا شەپۆلی شەرێکی نوێیی داسەپاند. لەم ماوەدا کاک هاشم وەک پێشمەرگەی گەل بەرامبەر بە ڕژێمی تازە راوەستا. سەرەرای لە دەستانی دەیان هاوڕێ و هاوسەنگەر، بە داخێکی زۆرەوە برای خۆشەویستی - کاک عوسمان کەریمی، لە بانەمەڕی ساڵی ١٣٥٨ لە شەڕی نەغەدەدا شەهید کرا.

## ڕێز گرتن

لە ساڵانی نێوان ۱۹۸۰ تا ۱۹۹۷، کاک هاشم کەریمی لە گەرمەی شەڕی داسەپاوی کوردستاندا وەک ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب، لە ڕێبەرایەتی شۆڕشی گەلی کورد بە دژی کۆماری ئیسلامی دا بووە. لەم ماوەدا سەرەڕای تێپەڕکردنی قۆناغێکی لە هەر کات دژوارتر، کاک هاشم نە تەنیا یەکێک لە ریبەرانی شۆرشی چەکداری بووە، بەڵکوو لە نووسین و وەرگێڕانی دەیان نووسراوە، چیرۆک، کتێب، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی هەستی زانستی و فکری خەڵکەکەی و ئاشنا کردنیان بە ئەدەبیاتی بەشەکانی دیکەی کوردستان و بە گشتی جیهان نەخشی بەرچاوی هەبووە.

**کاک هاشم سەرەڕای ئەمانە نەخشی بەرچاوی لە دابین کردنی ڕاستەقینەی یەکسانی لە کۆمەڵگای کوردیدا هەبووە.**

بۆ نموونە لە داهێنانی چەمکی یکسانیخوازی لە نێوان ژن و پیاو، هێنانەگۆڕی دادپەرەوری کۆمەڵایەتی، و پشتیوانی کردنی چینە هەرە چەوساوەکانی گۆمەڵگای کوردیدا نەخشی بەرچاوی هەبووە. لە هەر بەشێک لە کوردستاندا، خۆی بە هاوڕێ و هاوپشتی چینی چەوساوەی کورد زانیوە، بە دژی چینی زۆردار، کۆنەخواز و ئەو چینانەی کە بەرهەمی حزووری دەسەڵاتدارنی کوردستان و لە خزمەت بەرژەوەندی ئەواندا بوون خەباتی کردووە.

لە هەر قۆناغێک لە ژیانیدا بووبێت، کاک هاشم لە تێکۆشان، لە هەوڵدان بۆ دابین کردنی ژیانێکی باشتر، دادپەروەرانەتر، مرۆڤانەتر، و یەکسانیتر بۆ خەڵکەکەی درێغی نەکردوە.
لە گەڵ درێژبوونەوەی تەمەنی رژێمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، بەردەوامی ستەم، دژواربوونەوەی شۆڕشی گەلەکەمان و گۆڕنکاری سیاسی ناو خۆیی، کاک هاشم لە ساڵی ۱۹۹۷دا بەرەوە هەندەران سەفەری کرد. لە ساڵی ۱۹۹۷وە تا کوو ئەمڕۆ لە بریتانیا وەک پەنابەر دەژی.

سەرەڕای ژیانی دژواری پەنابەری، کاک هاشم هێشتاش لە گەڵ خەڵکەکەی هاو دڵ و هاودەنگە. لە ماوەی ژیانی لە غوربەتدا سەرەڕای کاری نووسین و وەرگێڕان، لە چوونی هەر ڕێپێوان و خۆپیشاندان بۆ پشتیوانی خەڵکەکەی و بە دژی کۆماری ئیسلامی خۆی نەپاراستوە. وەک ئەندامێکی خۆشەویستی کۆمەڵگای کورد لە بریتانیا، لە پێکهێنانی دۆستایەتی و یەکدەنگی لە نێوان کوردەکانی دایسپۆرادا بە تایبەت کوردەکانی ڕۆژهەڵاتدا نەخشی بەرچاوی هەبووە. لە پتەوکردنی هەستی یەکرپزی، هاودەنگی، و تێکشکاندنی دووبەرەکی لە نێوان کوردەکانی رۆژهەلات دا رۆڵی هەرە کاریگەری هەبووە.

لە کۆڕی دۆستاندا، کاک هاشم وەک مرۆڤێکی ڕوو خۆش، دڵفراوان، زانا، و سەمبوولێکی ڕاستەقینەی ڕاستگۆیی ناسراوە و هەردەم توانیویەتی کاریگەری لە سەر کەسانی دەور وبەری دابنێ.

## ڕێز گرتن

# کاک هاشم کەریمی روناکبیرێکی خاکەڕا



**خالید حەسەنپوور**

بۆ یەکەمجار کە ناوی کاک هاشم کەریمیم بیست، وەک کادر لە کۆمیتەی شارستانی مهاباد لە یەکێک لە ناوچەکان خەریکی تێکۆشانی حیزبی بووم. ناوی کاک هاشم لە میانەی ئەوباسانەدا دەهاتەگۆڕێ کە پێوەندی هەبوو بە ڕێزبەندی فیکرێکانی نێوو حێزبەوە. دیارە ئەو سەردەمە لە نێوو ریزەکانی حیزبدا جۆرێک ڕێزبەندی هەبوو لەنێوان ئەو کەسانەی کە هەڵگری بیروباوەری چەپ بوون دەگەڵ ئەو کەسانەی بەجۆرێک دانوویان دەگەڵ روانگای چەپ نەدەکوولا. کاک هاشم وەک کەسایەتێک دەناسرا کە خاوەن رونگەی چەپ بوو و بەهۆی ئەوەش کە بەندە لەوسەردەمەدا خۆم لەو توێژە فکریەدا دەتیتەوە، عەودالْ بووم کە لە نیزیکەوە کاک هاشم بناسم و دەگەڵی ئاشنابم. ئێستا کە دەروانمە ئەو دەورانە، هێندێک دیاردە بە هۆی کێشەی فکری هاتبوونە ناوو حیزب کە نە سوودیان بۆ جووڵانەوەکە هەبوو و نە سوودیان بۆ یەک ڕێزی حیزب هەبوو. بەڵام ئەوە باسێکی زاڵی ئەو سەردەمە بوو و شقلی لە شیوەی بیرکردنەوەی ئیمە و ڕێزبەندیەکانی نێوو حیزب دەدا. بەڵام بە هەر پێوانێک، چ پێوانەی ئێستاو چ پێوانەی ئەوکات لە کاک هاشم بروانین، بە هۆی کۆبوونەوەی هێندێک لە بایخە بەرزە ئینسانیەکان لەو مرۆڤەدا، کەسایەتێکی پێشکەوتوو بوو.

لە نێوان ساڵانی ١٣٦٤ و ١٣٦٥ی هەتاوی کە لە دەوروبەی دەفتەری سیاسی دەمامەوە، زیاتر چاوم بە کاک هاشم دەکەوت بەڵام بە داخەوە مەجاڵێکی ئەوتۆم بۆ نەدەرەخسا کە لە نیزیکەوە دەگەڵی ئاشنابم. لەو ساڵانەدا من بەرپرسی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزب بووم و بۆ دیتنی کوردە ئاوارەکانی رۆژهەلاتی کوردستان کە زۆربەشیان پێشتر پێشمەرگە بوون بەڵام وازیان هێنابوو، یان بەهۆی شۆرشەوە قاچاغ ببوون، رێگام دە سولێمانیە، قەڵاچوالان، کارێزە و کوڕاداوێ دەکەوت. ئەو ناوچانە چوونکە پشتیان بە شاری بانەوەیە، زۆربەی خەڵکی ئاوارەی بانەو دەوروبەر لە وێ دەژیان. لەوێ زیاتر دەگەڵ ناو و

## ڕێز گرتن

ناوبانگی کاک هاشم کەریمی ئاشنا بووم کە دەنێوو خەڵکەکەدا زۆر خۆشەویست بوو. لە رووی ئەو خۆشەویستیێە پانوبەرینەی کە کاک هاشم دەنێوو خەڵکەکەدا هەیبوو، دەمتوانی ئەوە بیخوێنمەوە کە کاک هاشم جگە لەوێکە سەر بە بنەماڵێکی گەورە و نیشتمانپەروەری بانەیە، وەک خۆشی کەسایەتێکی کۆمەڵایەتێە و هەر بۆیە توانیویەتی ببێتە خاوەن ئەو رێزوخۆشەویستیێە دەنێوو خەڵکدا.

کاتێک ح. د. ک رێبەرایەتی شۆرشگێر لە ١ - ١ - ١٣٦٧ی هەتاوی هەڵوێستی گرت. دەرفەتێکی زیاترم بۆ هەڵکەوت کە لە نیزیکەوە دەگەڵ کاک هاشم ئاشنا بم. زۆر جار بەبۆنەی جۆراجۆر دەگەڵ یەکتر دەکەوتینە باسومناقشەوە، یان دەچوومە ئەو کۆرو کۆبوونەوانەی کە کاک هاشم دەوری قسەرکردنی تێدا هەبوو. ئەوە دەرفەتێکی باشبوو کە هەم زۆر شت لە کاک هاشم فێر بووم و هەم کەسایەتی شێوەی بیرکردنەوەکەی بۆ من ببێتە جێگای لێوردبوونەوە.

دوای ئەوەی لە کنگرەی نۆهەمی حدکا رێبەرایەتی شۆرشگێر کە وابزانم ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی پێکهات بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەنی هەڵبژێردرام، تێکەڵاوی و دۆستایەتیم دەگەڵ کاک هاشم کەریمی هەم وەک هەوکار و هەم وەک دۆست زیاتر بوو. وەک لە سەرەتاوە ئاماژەم پێدا زانیبووم کە کاک هاشم لایەنگری بیروباوەری چەپ دەکا، بەڵام پێموابوو کە ئەو روانگەیە لە کاک هاشمدا شتێکی رواڵەتیێە و وەک لەو سەردەمە باوو بوو کاک هاشم چەپێکی سوونەتێە. بەڵام دوای چەند ساڵ تێکەڵاوی هەڵسەنگاندی روانگە و کردەوەکانی کاک هاشم و پێگرتنی بیروبۆچوون و هەڵسوکەوتەکانی، بۆم دەرکەوت براستی کاک هاشم لەناخەوە پیاوێکی چەپ و ئارمان گەرایە. زۆر جار کە هەلومەرجەکە وایدەخواست حیزب هەلوێستێک بگرێ کە لە رێزبەندیەکانی ناوچەیی و جیهانیدا بەلای رۆژئاوادا داشکێنێ، کاک هاشم زۆر تورە دەبوو و بێ ماندووبون ئیستدلالی دەکرد و هەوڵی دەدا جەمعەکە قەناعەت پێبێنێ کە هەڵوێستێکی ئەوتۆ نەگیرێ. دیارە جەمعەکەش چ لەرووی خۆشەویستی کاک هاشمێ یان راست و دروستی بۆچوونەکانی، هەڵوێستیکیان دەگرت کە بۆچوونەکانی کاک هاشمی تێدا وەبەرچاوو گیرابێ. بەڵام روانگای چەپ لە کاک هاشمدا بەجۆرێک نەبوو کە سێبەر بخاتە سەر باوەری بە کوردایەتی خەباتی نەتەوەیی. بەڵکو لە نێوان بیری چەپ و روانگەی نەتەوایەتیدا، هاوسەنگێک لە ئەفکاری کاک هاشمدا خۆی دەنواند کە بەروونی هەستت دەکرد کە کاک هاشم بەر لە هەموو شتێک کوردە و بۆ نەتەوەکەی تێدەکۆشێ پاشان چەپە. بۆیە دەکرێ بڵێین کاک هاشم بەمانای واقعی ووشە، کوردێکی چەپ بوو نەک چەپێکی کورد.

لایەنێکی دیکەی کەسایەتی کاک هاشم کەریمی کە ئەوی کردبوو خۆشەویستی خەڵک، خاکەرایی خاکی بوونی ئەو مرۆڤە بوو. دەگەڵ ئەوەی خاوەن خەبات و تیکۆشان رابردوێکی خاوێن و درەوشاوە بوو و لە نێو حیزبیشدا ئەندامی دەفتەری سیاسی بوو، بەڵام لە هەڵسوکەوت و رووبەروو بوون دەگەڵ خەڵکدا خۆنەویست، خۆنەگر و سادە بوو. کاک هاشم لە

## ڕێز گرتن

ڕووبەڕوو بون دەگەڵ ئینسنانەکاندا، جا لە هەر گروپ و دەستە و جیلێک بان، بە جیدی دەگرتن و گرینگتر لەوەش خۆی بەسەردا نەدەسەپاندن. دواتر بۆم دەرکەوت کە ئەوەی کاک هاشمی لەلای خەڵک خۆشەویست کردوە، لە پلەی یەکمدا نەک رابردووی خاوێن و خەباتکارانە، بەڵکو ئەو هەڵسوکەوتە شۆرشگێرانە بوو کە دەگەڵ دەوروبەری خۆی دیکرد.


کاک هاشم کەریمی دەگەل ئەوەی دەرچووی زانکۆ بوو، بەڵام هیچکات لە متالا و فێربوون رانەدەوەستا. زۆر جار کە تووشی دەبووم، کتێبێکم یان یان گۆڤارێکی لە نێو ساکەکەی دەستی یان بن هەنگڵیدا پێ بوو. بۆیە خوێندن خوێندنەوە و بەدوادا چوون دەگەڵ سروشتی کاک هاشم تێکەڵ ببوو. بەڵام بە هەر بەو ئەندازە کە خەریکی خوێندنەوە بوو، بەو رادەیەش خەریکی فێرکردن بوو. و هەوڵی دەدا زانیارێەکانی خۆی بۆ دەوربەری خۆی بگوێزێتەوە. بەڵام زانیارێەکانی وها دەدا بەدەوروبەری خۆی و بەجۆرێک فێری دەکردن، کە مرۆڤ نەیدەزانی کێ ماموستایە و کێ قوتابیێە. ئەوە تایبەتمەندیکی هەرە بەرچاوی کاک هاشم لە کاری رۆشەنگەریدا بوو و ئەو هەڵسوکەوتەم لە کەم کەسدا بەدی کردوە. لە هەر بارێکەوە کە کاک هاشمت دواندبا، زانیاری تەواوی هەبوو و لەراستیدا کاک هاشم دەکرێ بڵێن دەریایێک بوو لە زانیاری و ئاگاهی.

بەکورتی ژیانی کاک هاشم و کەسایەتێکەی دەکرێ لە زۆر بواردا هەڵبسەنگێندرێ و لێکدانەوەی بۆ بکرێ، بەڵام مخابن بەندەی حەقیر لەو بارەوە دەستم کورتە و سەوادو زانیارێەکانم لە ئاستەدا نێە کە حەقی خۆی بەهەموو لایەنەکان بدەم. ئەوەندە دەڵێم هیوادارم مرۆڤی وەک کاک هاشمی کەریمی، بێ پۆزوهەوا، خاکی و خاکەڕا و لە حەینی حاڵدا رووناکبیر زۆربن هەتا نەتەوەکەمان بتوانی زۆرترین کەڵکیان لێوەرگرێ.

١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

# ڕێز گرتن

## کورتیلەیەک لە ژیانی مرۆڤێکی گەورە



کەماڵ کەریمی

مرۆڤەکان هەموو وەک یەک لە دایک دەبن. ئەوەی یەکیان لە کۆشک و ئەوی دیکە لە خانووچکەیەکی هەژارانەدا دەکەوێتە کۆشی دایکیەوە جیاوازییەک ناخاتە نێوانیان. بەڵکوو شێوازی گەورەبوون و بیرکردنەوەیانە کە لێکیان جیا دەکاتەوە. بۆ ئەوانەی تەمەنی خۆیان بەباشی و لە پێناو ژیان و ئازادی مرۆڤەکاندا تێپەڕ دەکەن با ئەوەش تووشی سەختی و نەهامەتییان بکا، بەڵام وەک بەشێک لە شانازییەکانی خۆیان و خەڵکەکەیان دەمێنێتەوە.

ئەم نووسینەم بەلاوە زۆر قورسە. لەسەر کەسێک بنووسی کە کەسایەتییەکەی لەلات گەورەتر بێ لەوەی هەستی پێدەکەی و یەکێک لە گەورەترین شانازییەکانت بێ. یا لەبەر ئەوەی کە خۆشەویستییەکەی گەیبێتە ئەو ڕادە کە نەتوانی وەسفی بکەی. لەگەڵ ئەوەش حەزم لێیە بە کورتی چەند وشەیەک هەر بنووسم هەرچەند دەترسم لەبەر بێتوانایيم لەسەرم ببێتە عەیبە. بۆیە لە ئیستاوە داوای لێبووردنی لێدەکەم.

وەک خۆی باس دەکا نزیک ٨٠ ساڵ لەمەوبەر، لە بنەماڵەیەکی بە پێوانەی ئەو سەردەمە مام ناوەندی لە شاری بانە لە دایک بووە. لە دوای دارەدارە و کەوتنە سەرپێ و هەڵاتهەڵاتی منداڵانەی لە نێو ماڵ و کۆڵان و بەردەرگە، تەقەی تفەنگ و دەنگی تۆپ و تەیارە، دنیای منداڵی لێ تێکدەدا. شەڕی دووهەمی جیهانی دەسپێدەکا و دوای داگیرکردن و تاڵانی پادگانی بانە لە لایەن ئەرتەشی سوورەوە و گەڕانەوەی هێزەکانیان بەرەو موکریان، بانە کە دەسەڵاتی هیچ دەوڵەتێکی بەسەرەوە نامێنێ، دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتداری عەشایری بەگزادەی بانە و حەمە ڕەشید خان کە بە هۆی سەربزێوییەکانی لە دژی دەسەڵاتداری پاشایەتی حەمەڕەزاشا ناوبانگی هەبوو و، بۆ ماوەی ٣ساڵ بەسەر بانەدا حوکمڕانی کرد. حەمە ڕەشیدخان



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێز گرتن

دوای ٣ساڵ کاتێک توانای بەربەرەکانی لەگەڵ هێرشی ئەرتەشی ئێرانی نەما، شاری سووتاند و بە وێرانی بەجێی هێشت. خەڵکی بانە لەلایەک لە ترسی هێرشی ئەرتەش و لەلایەک لە بەر سووتمان و بێ ماڵ و حاڵی شار بەجێدێڵن و ڕوو لە دێهات دەکەن و تەنانەت بەشێکیان بەرەو پێنجوێن لە ناوچەی شلێری باشووری کوردستان کوچ دەکەن کە بنەماڵەی ئەوانیش کە ماڵەکەیان سووتێنرابوو و جێگە و ڕێگەیان بۆ ژیان نەمابوو یەکێک لەو بنەماڵە کۆچبەرانە دەبن.

بەم جۆرە لە سەرەتای منداڵییەوە کاک هاشم کەریمی چاوی بە شەڕ و سووتانی شار و کۆچی بە ناچاری و دیتنی ستەمی دەسەڵاتداری دەوڵەتی و عەشایری دەکرێتەوە. بۆیە سەیر نیە منداڵێکی وا دواتر دەیان پرسیاری لە مێشکدا گەڵاڵە بووبێ و دواتر کە گەورە دەبێ لە گەڵ هەر ڕووداوێکی نوێ، بە دوای وڵامی پرسیارەکانیدا وێڵ بووبێ. دامەزرانی کۆماری کوردستان و تێکچوونی، ئەزموونی دەورانێکی کورتی بە ئازاد ژیان لە سەردەمی دوکتور موسەدیقدا و هەڕەشە و ترس بۆ سەر بنەماڵەکەی بە هۆی تێکۆشانی باوکم کە برا گەورەی کاک هاشم بوو، هەموویان پێش ئەوەی ئەو بگاتە تەمەنی کامڵی بەرپرسیاربوون، دەبێ هاندەربووبن بۆ بیرکردنەوەی زیاتر و دیتنەوەی وڵامی پرسیارە نوێیەکانی.

ڕێچکەی ژیانی کاک هاشم کە دەکرا دواتر وەک مامۆستایەک یا بەڕێوەبەرێک و تەنانەت وەک تواناییەکانی دواتری دەریخست وەک کاربەدەستێک ژیانی ئاسایی لە سەر زێد و ماڵی خۆی ببردایەتە سەر، لە ژێر کارتێکەری ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە لە ژیانی منداڵی و مێرمنداڵی بەرەو ئاقارێکی دیکە ڕۆیشت. ئەو بیرکردنەوەکانی خستە خزمەت هەوڵدان بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاری لە دەسەڵات و کۆمەڵگەدا و هەر لە سەرەتای تەمەنی تازەپێگەیشتوویی خۆیەوە یەکەم هەنگاوەکانی خۆی لە ڕێگەی سیاسەت بۆ ڕزگاری هەڵێنایەوە. وەک خۆی دەڵێ، سەرەتا بە بێ ئەوەی بە ڕەسمی حیزبی بووبێ هاوکاریی کاکی کردوە کە بەرپرسی حیزب بووە لە بانە. ئەمە دەکرێ سەرەتایەک بووبێ بۆ لەسەرڕێ ڕاوەستان و دەسپێکێک بۆ دارشتنی پلانی کاری سیاسی سەربەخۆی، هەر وەک لەو دەمەوە هەتا ئێستا بەبێ هەست بە دوودڵی زیاتر لە ٦٠ساڵی تەمەنی خۆی لە پێناو بیر و ئامانجیدا تێپەڕ کردوە. لەو ڕێگەدا زۆر جار تووشی چەرمەسەریش بووە و بە دوورخرانەوەی ئیجباری لە شار بۆ گوند و تەنانەت بۆ شارەکانی دیکەی ئێرانیش سزا دراوە. بەڵام دواجار بە هۆی درێژەدان بە کاری سیاسی و حیزبی و بەرپرسایەتی لە کومیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تاران و بانە و دوای ئەوەی لە بەهاری ساڵی ١٣٥٢ و بە دوای شەهید بوونی مەلا قادر وردی ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزب لە ناو شاری بانە و دەستبەسەرکرانی دوو کەس لە ئەندامانی حیزب، دیار بوو دەگیرێ و سزای ئێعدامیش چاوەڕێی دەکا، ناچار ڕوو لە باشووری کوردستان دەکا و بۆ ماوەی ٥ساڵ هەتا چەند مانگ پێش ڕووخانی دەسەڵاتی حەمە ڕەزا شا دووری لە زێد و کەس و کار و ئازیزانی تەحەمول دەکا.

# ڕێز گرتن

کۆتایی پاییزی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بوو لە گەڵ شەهید عوسمانی مامم کە برا بچووکی کاک هاشم بوو سەفەرێکی سنەمان کرد و چووینە ماڵی ئاغا ئەفقی ڕەشیدیان کە هەتا دەچووینە سنە، بۆ زەحمەت پێدانیان مەنزڵگەی هەمیشەییمان بوو. زۆرجار کاک عوسمان لەگەڵ خۆی دەیبردم بۆ سەردانی زۆر شوێن، ئەو جارەش بەلامەوە ئاسایی بوو بە یەکەوە بچینە سنە. لە بیرمە کاک عوسمان پێی وتم کەمال باسی ئەم سەفەرە لای کەس مەکە. لە منداڵیمەوە هەستم دەکرد دەسەڵاتێکی ڕۆحی تلەپاتی بەسەرمەوە هەبوو، لە یەکەم ئیشارەی و یەکەم وشەی تێدەگەیشتم مەبەستی چیە، دیارە ئەودەم ئیتر زۆر گەورە بووم. بەڵام ئەو سەفەرەیان بۆ من تایبەت بوو. دوای نزیک بە ٥ ساڵ دووری و چاوەڕوانی، کاک هاشمم لەوێ دیتەوە. ساتێکی لە بیر نەچووەوە بۆ ژیانم. من نەمدەزانی کە ئەو و بەشێک لە هاوڕێیانی ڕێبەری حیزب بە نهێنی گەڕاونەتەوە ڕۆژهەلات و خەریکی خۆڕێکخستنەوە و دانانی بەرنامەن بۆ داهاتووی تێکۆشانی حیزبییان. پێم وایە هەر ئەو دیدارەش بوو کە هاندەرم بوو بۆ ساغبوونەوەم لەسەر کاری سیاسی و درێژەی تێکۆشانم لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا. ئاخر ئەوکاتە لە نێو گەنجەکاندا باو بوو کە، بۆ ئەوەی بڵێی سیاسیم دەبوو توودەیی بای و لاینگری لە چریکەکانی خەڵقیش نیشانەی شۆڕشگێڕ بوونت بوو، ئێمەش لەو فەزایەدا دەژیاین و کاری سیاسیمان دەکرد. زۆری پێ نەچوو کاک هاشم گەڕایەوە بانە و لە ماڵی زیندوویاد جەلیلی مستەفازادە برای شەهیدان خەلیل شەوباش و عەزیز کۆبوونەوەیەکی ساز کرد. کۆمەڵێک گەنجی باشم لە بیرە کە لەوێ بوون و هەر ئەو ڕۆژە کومیتەیەکی کاتی دەسنیشان کرد بۆ بەڕێوەبەری کاروباری حیزب لە بانە، کە من یەکێک لەوان بووم.

لەگەڵ ئەوەی کاک هاشم تەنیا دەورانێکی کورتی کەمتر لە دوو ساڵەیم لە بیرە کە لەگەڵمان بووبێ ئەویش ئەوکاتەی لە قوتابخانەی سەرەتایی مامۆستامان بوو، بە هۆی ژیانی دوورخراوەیی بەردەوامی و خوێندنی لە تاران کەم لەگەڵ ئێمە ژیابوو و تەنیا بۆ کاتی پشووەکان دەهاتەوە بانە و بیرەوەرییەکی زۆرمان نەبوو، بەڵام دوای ڕویشتنی بۆ باشووری کوردستان کە ئەو کاتە من ١٦ ساڵ بووم و لە کلاسی ١١ دەمخوێند زۆر شتی لە خۆی بۆ بەجێ هێشتین. هێشتا کاک عوسمان کە چەند مانگ پێشتر ئەودەم کە لە دەبیرستان مامۆستامان بوو لە لایەن ساواکەوە گیرابوو، هەر لە زینداندا بوو. لە نەبوونی کاک عوسماندا، گەڕانەوەی کاک هاشم لە تارانەوە بۆ ڕۆژانی نەورۆز گەرم و گوڕی و خۆشی خستبووەوە نێومان. بەداخەوە ئەو جارەش خۆشییەکانمان کورت خایەن بوو. ئەم ڕووداوانە لەگەڵ ئەوەی قورساییەکی زۆری ڕۆحی خستبوە سەرمان بەڵام هاندەرمان بوون کە دواتر هەوڵ بدەین وەک ئەوان بچین، هەرچەند کارێکی زۆر زەحمەت بوو. خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی ئەوان لە کتێبخانەکەی ماڵەوە کۆیان کردبوەوە و بەشێکی زۆری لە تالانی ساواکییەکان دەربازیان ببوو، بیرکردنەوە لەوەی کە بۆ لە ماڵی ئێمەدا هەموو بە نۆبە دەچنە زیندان یا دەبێ لە چنگیان هەڵبێن و ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ بێڵن، هەست کردن بەو هەموو ناڕەحەتییانەی کە باوکم و کاک ڕەئووفی مامم و بنەماڵەکەمانیان خەفەتبار کردبوو و زۆر شتی دیکە، لەگەڵ ئەوەی ئێمەشی لەو تەمەنەدا تووشی خەم و ناڕەحەتی کردبوو بەڵام سیمایەکی ئەفسانەیی لە کاک

## ڕێز گرتن

هاشم لەلامان دروست کردبوو. سیمای ئینسانێکی ئازا و خەباتکار کە دوای گەڕانەوەی و هەتا ئێستا بە سفاتی بەرزی ئینسانی خۆی نیشانی دا کە شایستەی ئەو جۆرە هەڵسەنگاندنانەیە کە خەڵکی شار و دۆستانی بۆیان دەکرد.

حیزبی دێموکرات کە خاوەنی کاک هاشم بوو بە هۆیەوە زۆر شتی لە بانە هەبوو. مرۆڤێکی ڕاستگۆ و دڵپاک، خوێندەوار و ڕۆشنبیر، بە پشتیوانی ڕابردوویەکی پاکی خۆی و بنەماڵەکەی و خاوەنی گەورەترین حیزب لە کوردستاندا، بەڵام سادە و خۆماڵی، دۆستی نەیارە سیاسییەکانی، خەمخۆری خەڵک و ژیان و سەروماڵیان و زۆر تایبەتمەندی دیکە کە کاک هاشمیان خۆشەویستتر و ڕێزدارتر لە هەمیشە کردبوو، پشتوانەیەکی بەهێز بوو کە بە هۆیەوە باوەڕ بە حیزب زیاتر ببوو. ئەو خۆشەویستییەی کە هەتا ئێستاش نە تەنیا کەمی نەکردوە بەڵکوو لە نێو ئەوانەشدا کە نەیاندیوە و تەنیا ناوبانگیان بیستوە ڕوو لە زیاد بوون بووە. ئەو لەو مرۆڤانەیە کە لەگەڵ دیتنی جوانیەکانی ژیان، جوانی مرۆڤەکان لە ناخیاندا دەبینێتەوە نە لە سیما و ڕەفتاریاندا، چونکە خۆی لە ناخیەوە ئینسانی بیر دەکاتەوە.  ئەو زۆرجار توورە دەبوو بەڵام بە هۆی هەڵسوکەوتی ڕاستگۆیانەی تووڕەبوونەکانی نە تەنیا نەدەبوونە هۆی دڵ ئێشە بەڵکوو دوایە دەبوونە بەزم و گێڕانەوەی لە مەجلیساندا. خۆ ئەگەر بیزانیایە دۆستێکیشی دڵگیر کردوە بە پێکەنینەوە دڵی دەهێناوە جێ. ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە کاک هاشم بە خۆشەویستی سەیری ئینسانەکان دەکا و جگە لە دوژمنان و چەوسێنەرانی هەژاران هەرگیز رقی لە کەس نەبووە و پێم وانیە بۆ جارێکیش بیری تۆڵەی جگە لە دوژمنان بۆ کەس چووبێ.

ئەوەی لە سەرەوە باس کرا بەشێک لە سەربوردەی ژیانی تێکۆشەرێکی نەتەوە بەشخوراوەکەمان و خەڵکی زەحمەتکێش و ستەمدیدەی وڵاتەکەمانە کە دەبینین هەموو تەمەنی خۆی خەمخۆرانە لە خزمەت بەواندا بردوەتە سەر. کە ئەوە بۆ خۆی گەورەییەکی کەم هاوتای کاک هاشم و کەسانی وەک ئەو لە نێو خەڵکەکەماندا دەردەخا. بەڵام کاک هاشم تەنیا بەوەوە ناناسرێتەوە کە پیاوێکی بەردەوام بووە لە خەبات و تێکۆشان. ئەو تەنیا کەسێکی خەباتکار نەبووە کە لە بەستێنێکی تایبەتدا کاری شۆڕشگێڕانەی کردبێ، بەڵکوو زۆرتر بە بیر و ئایدیاکانیەوە ناسراوەتەوە کە لە هەر هەلومەرجێکی سیاسی و حیزبیدا بووبێ بۆ جارێکیش ئەو ئایدیا فکریانەی خۆی لە بیر نەکردوە و فیدای هیچ مەوقعیەتێکی تایبەتی نەکردوە. ئەمە دەریدەخا کە مرۆڤێکی خاوەن بیر بووە و بە بەردەوامی بۆ بەرفراون کردنی تێگەیشتنی لە سەر بیرکردنەوەکانی هەوڵیداوە.

گەنجێک کە لە شارێکی بچووکی چەند هەزار کەسی کە لە ژێر کارتێکەری داب و نەریتی ئایینی و دەرەبەگایەتی ئەو سەردەمەدا بوە، پێدەگا. ئەو لە جیاتی کەوتنە ژێر کاریگەری ئەو داب و نەریتانەوە، هەر لە سەرەتاوە هەست بە جیاوازی

## ڕێز گرتن

چینایەتی لە نێو کۆمەڵگەکەیدا دەکا و ڕزگاری مرۆڤی زەحمەتکێش و چەوساوەی لە چنگ کۆت وپێوەندی دەرەبەگایەتی و سیستمی عەشایری، دەبێتە بناخەی فکری ئەو بۆ ئازادی مرۆڤ و گەیشتن بە ژیانی یەکسان لە نێو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا. کاک هاشم پێدەگا، دەرس دەخوێنێ و دەبێتە مامۆستا. بە هۆی تێکۆشانی قاقە برای گەورەی لە کومیتەی حیزبی دیموکرات لە بانە، ئاگاداری زۆر شت دەبێ. حیزبی دێموکرات، حیزبێکە کە زۆرتر بۆ رزگاری نەتەوەیی تێدەکۆشی لە گەڵ ئەوەی حیزبی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەوارییە بەڵام بەشی هەرە زۆری ئەندام و تێکۆشەرانی ئەو حیزبە لە چینی هەژار و دەست کورتن. ئەوانەی کە کاک هاشم بە بەردەوامی بیری لە ژیان و ڕزگارییان کردوەتەوە. سەرەڕای ئەوەش زیاتر بیر لەوە دەکاتەوە کە خەبات بۆ ڕزگاری ئەو چینە هەژارە پێویستی بە تێکۆشانی جیاواز هەیە و لە گەڵ چەند کەس لە هاورێکانی بیر لە دامەزراندنی ڕێکخراوێک بۆ خەباتی چینایەتی لە کوردستاندا دەکەنەوە. بۆ ماوەکیش ئەو کارە دەکەن. بە هۆی فشاری ڕێژیم و دوورخستنەوەیان لێک پەرتەوازە دەبن و ئەو کارەیان پەکی دەکەوێ. دوای دوورخستنەوەی بۆ شاری تەفریش لە پارێزگای ناوەندی ئێران و دواتر دوای درێژەی خوێندن لە زانستگای تاران، فرسەتی ئەوەی دەست دەکەوێ خەڵکی زیاتر بناسێ و مەیدانی دیکە بۆ تاقیکاری سیاسی ببینێتەوە. خەباتی خوێندکاری لە زانستگەکاندا کە زۆرتر ڕێکخراوە چەپە نهێنییەکان بەڕێوەی دەبەن، بزووتنەوەی چەکداری ٤٦ - ٤٧ لە کوردستان و داستانی خۆ فیداکردنی ڕۆشنبیرانی پێشڕەوی وەک مۆعینی و شەریفزادە و زۆر ڕۆڵەی زەحمەتکێشی ئەو وڵاتە و دەسپێکردنی خەباتی چریکی شار لە شارە گەورەکانی ئێران لە لایەک و خوێندنەوەی بەردەوام لە هەلومەرجی ئەو کات پێویستییەکانی درێژەدانی خەبات لە دژی ڕێژیمی شا، کاک هاشم بەرەو ساغبوونەوەیەکی جیددی فکری و کرداری پاڵ پێوە دەنێ. ئەگەر ئەو وەک گەنجێکی خوێندەواری چەپی مارکسیست، بیر لەوە دەکاتەوە کە سەرچاوەی بەشی هەرە زۆری ئەو بەش مەینەتیانە ڕێژیمی سەرمایەداری مشەخۆری پاشایەتیە لە ئێراندا و بۆ کۆتایی پێهێنان بە هەموو ئەو نادادپەروەریانە دەبێ خەباتێکی هەمە لایەنە بۆ ڕووخانی ڕێژیم و گۆڕانی سیستمی دەسەڵاتداری بە ئەنجام بگا، لەو لاشەوە ستەمی دووجارەی هەر ئەو ڕێژیمە لە سەر گەلی بێبەشکراوی کورد لە هەموو مافە ئینسانییەکانی لە بیر ناکا و لە پاڵ خەبات بۆ کۆتایی پێهێنان بە ستەمی چینایەتی، دابینکردنی مافە نەتەوەییەکانی نەتەوەکەشی دەخاتە چوارچێوەی بیرکردنەوە سیاسیەکانیەوە و لە هەموو ماوەی ژیانی سیاسی خۆیدا هیچ کاتێک نە ئەم دووەی لێک جیا کردەوە و نە هیچیانی لە بیر بردوەتەوە. هەر بۆیە لە زووەوە و هەتا ئیستاش ژیان و کەسایەتی کاک هاشم سەرمەشق بوون بۆ زۆر لە ڕێبوارانی خەباتگێڕ و ئەوانەی باشی دەناسن، زۆر جار و بۆ زۆر شت ئەو بە نموونە دێننەوە. بەڵام جیا لە سیاسەت کاک هاشم بە هۆی جۆری ڕوانینی ڕاستگۆیانەی بۆ دیتنی دەوروبەری و ئەو کەسانەی لە کۆمەڵگەکەیدا دەژین پێوەندییەکی وای لەگەڵ خەڵکی دەوروبەری هەبوو کە هەموان بە شانازییەوە خۆشیان دەوێ. ڕوانینی ئینسان دۆستانەی کاک هاشم بێ بیرکردنەوە لە مەوقعییەت و پلە و پایەی کەسەکان، نیشانەی ئاست بەرزی تێگەیشتنی ئەون بۆ ژیانێکی واقعی مرۆڤەکان. ئەو کە بۆ خۆی هەموو تەمەنی بە سادەیی و بە دوور لە چاوەڕاوە سەیروسەمەرەکانی ژیان بردوەتە سەر، هەمیشە خەمی لە ژیانی دۆستان و خەڵکی دیکە

## ڕێز گرتن

خواردوە. هەوڵی بەردەوامی بۆ پاراستنی کەسایەتی ئەوانەی بە جۆرێک پێوەندی پێیانەوە هەبوە، ڕێزی ئەو بۆ مرۆڤەکان نیشان دەدا بەبێ بیرکردنەوە لە پلەوپایەی چینایەتی یا کۆمەڵایەتییان، بۆیە کاک هاشم لەگەڵ هەموو کەس کە شایانی دۆستایەتی بێ دۆستە و هەموو کەس حەز دەکا دۆستی کاک هاشم بێ و ناوی بێنێ. بێ گومان بوونی مرۆڤ گەلی خاوەن ئەخلاق و پرێنسیپی مرۆڤدۆستانەی وەک کاک هاشم لە نێو گەلەکەماندا هەم مایەی سەبڵندی نەتەوەکەمانە و هەم دەبێ سەرمەشق بن بۆ نەوەکانی داهاتووی ئەم نیشتمانە.

## ڕێز گرتن

# تێکۆشەر "هاشمی کەریمی"، کوردێکی چەپ، چەپێکی واقعبین



خەلیل غەزەلی

لە لایەن دۆست و هاوڕێی چەندین ساڵەم کاک رەحمان نەقشی‌یەوە بە پەیام ئاگادارکرام کە بەتەمایە وەک وەفایەک بۆ تەمەنێک خەبات و تێکۆشانی تێکۆشەری ناوداری بزووتنەوەی رزگاری - نیشتمانیی رۆژهەڵاتی کوردستان کاک هاشم کەریمی، نامیلکەیەک بلاوبکاتەوە . بەو بۆنەوە پرسیاری لە چەندین کەس و لەوانە لە من کردوە گەر بکرێ چەند دێڕێک وەک بیرەوەریی یا هاورییەتی لەگەڵ کاک هاشم بنووسین.

من ژیاننامە و مێژووی تێکۆشانی کاک هاشم دادەنێم یا خۆی بینووسێ یا کەسانێکی دیکە کە زۆرتر لەمن لێوە نزیک بون. بۆیە تەنیا بە چەند تایبەتمەندیی کاک هاشم ئیشارە دەکەم کە رەنگە کەمتر ئاوڕی لێبدرێتەوە.

من بەحوکمی بواری تێکۆشانم چەند ساڵ هاوکاری نزیکی کاک هاشم بوم. دیارە پێشتریش یەکترمان ناسیووە. بەڵام ئەوە هەر ناسینێکی دوراو دوور بوە، گەرچی هەردووکمان دەمانزانی ئەوی دیکە خاوەن چ بیروباوەڕ و تێگەیشتنێکە. بەڵام ئەو چەندساڵ هاوکار بوون و نزیکییە، ئەو ئیجازەم پێدەدا، بێ ترس و دڵەراوکێ روانگە و بۆچوونی خۆم لەسەر کەسایەتیی، بیرو وباوەر و هێندێک تایبەتمەندیی کاک هاشم باس بکەم. ئەویش بەو هۆیە کەلەو باوەڕەدام تایبەتمەنیە باشەکانی تاک دەبێ هەمیشە زەق بکرێنەوە و بکرێنە نموونەی فێربوون، تا بەو شێوە هەوڵ بدرێ فەرهەنگ سازییەکی سالم و گونجاوی مرۆڤی سەردەم بانگەشە بکرێت.

کاک هاشم لە راستی دا کەسێکی ناسراوە و پێویستیی بە ناساندنی من یا کەسانی دیکە نیە و ئەم دێڕانە تەنیا بۆ

## ڕێز گرتن

تۆمارکردنی را و بۆچوونی تاکێکە و ئیشارە بە هێندێک تایبەتمەندییە کە ڕەنگە کاک هاشم خۆی بەهۆ ئەو "تەوازوع"ـەی کە هەیەتی و کەسانی دیکەش بەهۆی جیاوازیی بیروباوەڕیان لەگەڵ کاک هاشم، باسی نەکەن.

هاشمی کەریمی هەر لە هەڕەتی لاوییەوە بەهۆی خوێندن و ڕۆیشتنی بۆ زانکۆ(لەو سەردەمەدا ڕادەی خوێندکاری زانکۆ زۆرکەم بوو) لەگەڵ بیرو فێکری چەپ ئاشنا دەبێ. بەڵام بەهۆی ئەوە لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەری بواری "مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد" پەروەردە بووە، چەپ بوونەکەی نە بەشێوەیەکی کلاسیکی باوی ئێران(تودەئیزم)، بەڵکوو هەمیشە کوردێکی چەپ بوە و بەرژەوەندیی نەتەوەکەی و خەباتەکەی نەخستوەتە پاش بیری چەپ و یەکسانیخوازیەوە، ئەگەرچی قەتیش یەکسانی و عەداڵەتخوازیی لەبیر نەکردوە. هەر ئەو تایبەتمەندیە یە کە هاشمی کەریمی لە گەردەلوولی شڵەژانی بیروباوەڕ دەپارێزێ و هەمیشە پێ لەسەر عەرز و ڕاوەستاو لەسەر بیروباوەڕی تا بە ئەمڕۆ ڕێگەی پێواوە. واتا سەردەمێک کە فیکریی توودەیی بەناوی "چەپ و پێشکەوتنخوازیی"، بەڵام لە ناوەڕۆکدا تەسلیم تەڵەبی و خۆبەدەستەوەدان، لە بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێتە "ڕێڕەوی خەتی ئیمام"(خومەینی) و بە قازانجی حکوومەت، حیزبی دیموکرات لەت دەکات و ژمارێک زۆر لاوی شەریف و تێکۆشەر بەلارێدا دەبات، هاشمی کەریمی لە بەرابەریاندا هەڵوێستکی ڕەخنەگرانە دەگرێ، یا ئەو کاتەی سۆڤیەت رووخا و بەرەی سەرمایەداریی کۆتایی بیری بەرابەریخوازی و عەداڵەتخوازیی ڕاگەیاند و، زۆرێک لەو ڕەوت و کەسانەی کە بیری چەپ و پێشکەوتخوازییان وەک "مود" و "چاولێکەریی" هەڵبژارد بوو داڕووخان و "چەپە"بوون، هاشم کەریمی لەو کەسانە بوو کە پێکەنینی بەو داتەپیوانە و هەروەها مودەعیانی ڕووخانی بیری یەکسانیخوازی دەهات. من خۆم لەو سەروبەندەدا کەلەگەڵ کاک هاشم لەوبارەوە قسەم دەکرد، لەبیرمە هەمیشە دەیگوت: ئاخر کاتێک هەژاری و فەقر و ستەم کۆتایی نەهاتووە و خراپتر بووە، چۆن ئەو بیرو باوەڕە لەبەین ئەچێ".

ئەو خاڵێکی گرنگ لە ناسنامەی فیکریی کاک هاشم بوو کە بەپێویستم زانی ئاماژەی پێبدەم. دیارە هەر لەو پێوەندیەدا(کوردی چەپ) هەمیشە کاک هاشم ئەوەی دەربڕیوە کە ئێمە (من و ئەو) زۆر قەرابەت فێکریمان هەیە،

**هەرچەند ئەو سەردەمانێک پێیوابوو کەمن هێندێک توندئاژۆم!**

دیارە زۆر خالی دیکە هەیە کە دڵنیام لە نووسراوەکانی دیکە ئیشارەیان پێدەکرێ. بەڵام بۆ ئەوەی خوێنەری ئەم دێڕانە لەگەڵ تەوەری فیکری و کردەوەی کاک هاشم ئاشنا بکەم، بەکورتی هێندێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو مرۆڤە تێکۆشەر و بێئیدیعایە باسدەکەم:



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێز گرتن

کاک هاشم بە ڕەفتاری هێمنانە و تەحەمولی جیاوازبیر هەمیشە لای هەموو ڕەوتە فیکرییەکان جێ ڕێز بووە. تەنانەت "موسوڵمانە توندەکان"یش سەرەڕای ئەوە بەشێوەیەکی توند دژی هەر کەس و بۆچوونێکی یەکسانیخوازی بوون و بەناوی کومونیست و "بێدینی" بەدژی دەوستانەوە، لە ئاست کاک هاشم بە پارێزەوە دەجووڵانەوە. لەبەر ئەوە هەموو دەیاندیت کە ئەو شتانەی کە کاک هاشم باوەڕی پێیانە(نە ئەوە خۆی ئیدیعای بکات) بە کردەوەش ڕەچاویان دەکات.

کاک هاشم سەرەڕای ئەوە لە ماوەی تێکۆشانی سیاسی و حیزبی خۆیدا خاوەن پلەی بەرز و بەرپرسایەتیی بەرز بوە، هیچکات لە پلە و بەرپرسایەتی خۆی کەڵکی خراپ و نابەجێی وەرنەگرتوە(چ لەباری مادی و چ لەباری سیاسی و چ لەباری کۆمەلایەتی و چ لەباری ئەخلاقیەوە).

ئەوانە ئەو تایبەتمەندیانەن کە کاک هاشمی کردەوەتە ئەو کەسایەتییە کە هەر کوردێکی چەپ دەبێ وەک نوێنگەی ڕاستی و دروستی و سەداقەت شانازی پێوە بکات و بیکاتە سەرچاوەی فیکریی خۆی.

حەزدەکەم ئیشارە بەو خاڵەش بکەم کاک هاشم لەناو سیاسیکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، دەگمەن و کەم وێنیە(مەبەستم ڕێبەرانی حیزبییە). کاک هاشم سەرەڕای تەمەنێک خەبات و بەرپرسایتی، ئێستە بێ هیچ ئیدیعایە و بەبێ هیچ پاشکەوتێکی مادی، لە بریتانیا ژیان بەسەر دەبات و هێشتاش هەر خەریکی بەرهەمهێنانی فیکری(نووسین)ە.


لە کۆتاییدا دەبێ ئیشارە بەوەش بکەم کە وەک ئەو پەندە بەناوبانگە دەڵێ: "هەر پیاوێکی سەرکەوتوو، حەتمەن "ژن"ێکی سەرکەوتووی پشتیوانە، بۆیە نابێ ئەو هەموو تایبەتمەندییە بەنرخانەی کاک هاشم باسبکەم بەلام، ئیشارە بە هاوسەر و شەریکی جێ ڕێز و حورمەتی "زەینەب"خانم نەکەم. کەسێک کە تەمەنێک لە تاڵی و شیرینیی ژیانی کاک هاشم دا شانبەشانی بووە و بێگومان بەبێ ئەو کاک هاشم نەیدەتوانی لەم پلە و بایەخەی ئەمڕۆدا بێت.

بۆ من جێگەی شانازییە کە ئێستەش لە ڕێگەی هاوکاریی کاک هاشم لەگەڵ ماڵپەڕی "هەڵوێست"، پێوەندیی و هاورییەتیمان قووڵ و بەردەوامە. هەر لێرەشەوە سپاسی هەموو هاوکاری و نووسینەکانی دەکەم و وەک یەکێک لەو کۆڵەکانە کە "ماڵپەری هەڵوێست"ی گەیاندوەتە ئاستی ئەمڕۆ، دەیان نرخێنم.

هیوای تەمەندرێژی تەندروستی بۆ کاک هاشم و بنەماڵەی بەرێزی

## ڕێز گرتن

# چەند بیرەوەریک لە تێکەڵاوی و ناسیاوی خۆم و کاک هاشم کەریمی



مەلا رەسووڵ پێشنماز

لە کوردستاندا هێندێک بنەماڵە هەڵدەکەون کە کوردایەتی و کورد بوون و موبارەزە دەڕەگ و ریشەیان دایە و وردو درشتەوە دەکەونە ڕێزی موبارەزە و خۆ فیدا کردن.

بنەماڵەی کەریمیەکان یەکێک لەو بنەماڵەنەن کە دوای ڕووخانی کۆماره ساوایەکەمان ئیعدامی پێشەوای مەزنی کوردان و براو ئامۆزاکەی و چەند کەڵە پیاوی دیکە لە سەقزو مەهاباد و بۆکان هەستی تۆڵە ئەستاندنی و بەربەرەکانی بەرانبەر داگیرکەرانی کوردستان لە ناخیان دا جووڵاوە و کەوتونە ناو ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە.

لە ساڵی ١٩٥٩ برا گەورەکەیان کاک محەممەدی کەریمی لەسەر خۆڕا نەگرێ و لاوازی یەک دوو ئەندامی حیزب کە یەک لەوان سمایل قاسملوو ئامۆزای شەهید دوکتور قاسملوو بوو لەگەڵ نیزیک سەدو هەشتا ئەندامی حیزبییەوە دەستگیر کران و لە ماوەی چەند ساڵێک دا تووشی عەزابی رووحی و لیدانێکی زۆر بوونەوە.

دوای ئازاد بوونی کاک محەممەد کەریمی کە بە قاقە ناودیر دەکری مەبەست لە قاقە یانی کاکە، کاک هاشم کە لاویکی خوێندکار و لەسەرهەست دەبێ بە بۆچوونی چەپیکی چریکی لە ڕێی نەهێنیەکانی حیزبی دێموکرات دا دەست دەکا بە فەعالیەت و تێکۆشان.

## ڕێز گرتن

ساڵی ١٩٧١ دوای بەیانیە مێژووییەکەی یازدەی ئازاری ١٩٧٠ ئێمەش هەڵیکمان بۆ ڕەخسا لەگەڵ چەند کەسێکی دیاری وەک شەهید دوکتور عەبدالرەحمان قاسملوو نەمران کەریمی حیسامی و محەممەد ئەمین سیراجی و برادەرانی بەکرەجۆی لای مەکتەبی سیاسی کۆنی پارتی و تێکرایی هەڤاڵانی ناو شۆڕشی مەزنی ئیلول کە بەشی هەرە زۆری کادرو ئەندامی وەفادار بە ریبازی حیزبی دێموکرات و شەهیدی مەزن پێشەوا قازی محەمەد بوون یەکمان گرتەوەو لە شاری کۆیە لە ماڵی کاک حەسەن رەستگار کۆنفرانسی سێ پێکهات و لە هەموو بوارەکان حیزب بوژایەوە بە تایبەتی هەستە نەهێنیەکانی شارو گوندەکان کە دوای کۆنگرەی دووهەم کەمتەرخەمی کرابوو بوژانەوە.

بەدوای کونفرانسی ٣دا کاک هاشم کەریمی یەکێک لەو تێکۆشەرانە بوو کە لە تارانەوە پێوەندی گورجووگۆڵی لەگەڵ کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزب پیکهێنا بوو کە ئەو کات ئەندامی کۆمیسیۆنی تەشکیلات بریتی بوون لە حەسەن رەستگار، رەسووڵ پێشنماز ,شەهید مەلا قادر ویردی، نەمر کەریم حیسامی، کەریم حەدداد. بەرپرسی کۆمیتە کاک کەریم حیسامی بوو.

برادەرانی تاران ئەوەیان بەباش زانیبوو کاک هاشم کەریمی بنیرن لە سنوور دەستکرد کەسێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی حیزب بیبینێ پێشنیار بە من و کاک حەسەن رەستگار کرا ئێمە بەو مەرجە رازی بووین یان بێت بۆ بەشی باشوور یان بە یەک دوو پێشمەرگە و دەمانچەوە بچینە بەشی رۆژهەڵاتی کوردستان.

بە دوای ئەو وتووێژە دا نەمر کاک کەریمی حیسامی بەبێ پرس و ڕا لەگەڵ ئێمە بە قەولی نەمر کاک محەممەد ئەمین سیراجی شەهید مەلا قادری وێردی دەقۆچەقانی نابوو نادربووی بۆ شاری بانە بۆ ئەوەی کاک هاشمی کەریمی بەبینی، ئەوە بوو کە گۆیا باوەڕ پیکراوی حیزب بووە خەیانەتی پێکردو دەداو کەوتوو شەهید بوو.

بەدوای ئەو رووداو دڵتەزینە دا ئاخیری ساڵی ١٩٧١ کاک هاشم کەریمی ئاوارە بوو هات بۆ باشووری کوردستان و لە کۆنگرەی سێش دا بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ساڵی ١٩٧٣ ئێتر لەو کاتەوە ئێمە لە گەڵ ئەو دیسان دڵ ساف و دڵسوز و سادقە بوینە هەڤاڵی گیانی بە گیانی و لە ماوەیەی نیزیک بە نیو سەدە بەیەکەوە کارکردن سەفەرات و شاخ و شار و ئوورووپای شەرقی و غەربی بۆ یەک ئانیش دڵمان لیک گەردی نەگرتووە.

جگە لە مەڵبەندی سولەیمانی و قەڵادزە و کۆیە و حاجی ئومەران و بناری قەندیل ئێمە دوو سەفەری مێژوویمان بە یەکەوە بۆ ئوورووپای شەرقی و فەرانسە و ئاڵمان کردوە. ساڵەکانی ١٩٧٦ و ١٩٧٧ ئەوەی کە قەت لەسەر لەوحەی میشکمان



سەرچاوە Serchawe

## ڕێز گرتن

ناسرێتەوە سەفەری بە قەتار بۆ شاری برلینی ئاڵمانمان کرد کە هەر دووکمان یەکەم سەفەری ئورووپامان بوو لەو سەفەرەدا کە زیاتر لە مانگیکمان پێچوو چەندین بیرەوەری خۆشمان هەیە کە بەدایم نوقڵی سەرزاری دانیشتنەکانمان بووە لەو کاتدا بە تایبەتی شەهید دوکتور قاسملوو لە هەموو لیک خڕ بوونەوەکاندا دوبوو ئەمن وەقسە بینێ لەسەر نوکتە شیرنەکانی کاک هاشم قسە بکەم کە ئەو کات لای هەمووان بە کاک حەسەن ناسراو بوو لە ترسی ڕادەست کردنەوە بە ئێران بە تایبەتی ئەو نوکتەیە کە لە شاری برلین دوای گەرانی شەش حەوت ساعەت بە دوای هۆتیل دا تۆرەم کرد و جانتاکەی خۆیی و منی فریداو قیژاندی و کووتی بۆ مەلا رەسووڵ من رەحیم کەپەکەندی یا شەپۆلی کوڕتم هێندەم بۆلەم بەسەر دا دەکەی.

منیش زۆر زوو پەشیمان بوومەوە و کوتم باشە کاک حەسەن شەپۆل تەنیا کوڕمە ئەی رەحیم کەپەکەندی بۆ، کووتی لە کوێە لە ڕۆمادی چەند کەسی وەک رەحیم کەپکەندی و کەریم نەستانی و ئەحمەد و عەبدول نەستانی و پیرەباب و زۆری دیکەت لە دەوری خۆت کۆ کردۆنەوە هێندیان پرتەو بۆڵە بەسەردا دەکەی باوکت ... ون.

لەو گەشتەماندا لە شاری برلین دەگەراین بۆ هۆتیل بە حیساب کاک هاشم لیسانسی هەیە و ئینگلیزی دەزانی و بە حیسابی زمان زانی ئەو خۆم توشی ئەو سەفەرە کرد بوو لە هۆتیلێک هاتە خوارەوە و دیسان کووتی بەخوا ژووریان نییە لەو کاتەشدا توشمان بوو بە تووشی چوار پێنج گەنجەوە تورکیان قسە دەکردم منیش کاتی خۆیی تورکی ئازەریم زۆر باش دەزانی هەر ئەوەندە کوتم قارداش یەکیان گەرایەوە و هەر چۆنی بوو حاڵیم کرد ئێمە بۆ کرێکاری هاتوین و زمان نازانین و هۆتیلمان دەست ناکەوێ کورە بە رەفیقەکانی وت برون من لە گەڵیان دەگەریم، ئەویش زۆرمان لەگەڵ گەڕا ئەوکات سەری ساڵی مەسیحی بوو خەڵکێکی زۆر ڕوویان دە برلین کرد بوو هۆتیل دەست نەدەکەوت من بۆ خۆم بە هەزار حاڵ کوڕەکەم حاڵی دەکرد بە تورکی ئەنادۆلی کە هیچیم لی نەدەزانی کاک هاشمیش هەر زوو زوو دەیکوت ئەری مەلا رەسووڵ ئەوە چی وت چەند جاریش پیم وت دوایی مەیلەو بە ناقایلییەوە کوتم ئەری برا ئێوە بانەی بۆ نە تورکی دەزانن نە مەلە، یەکسەر بە تۆرە بوون ... کوتی باوکم تۆ هەر لەمن لە بەهانەی دەنا من لە شاری بانەی تورکی سەگباوک لە کوێ بینم چۆم لە کوێ بینم ئەوەش بوو بە یەکێک لە نوکتە خۆشوو بەزمەکانی ئەو کاتمان هەزار جار یادی ئەو رۆژو رۆژگارە پڕ لە سەداقەتی و خۆشەویستی و دڵسۆزیە بەخێر.

لەو سەفەرەماندا زۆر نوکتەو بەزمی خۆشمان هەبوو کە بەشی زۆریان ... نە بۆ کوتن دەبێ و نە جیگەیەتی و نە بۆ نووسین و بڵاو کردنەوە دەبن بەڵام وەک راستی و دروستی لە ژیانی زیاتر لە نیوسەدە ئاوارەیی تێکۆشانم دا کەم کەسی لەو برادەرم دڵ سافتر سادق ترو بێ غەلوو غەشتر دیووە.

# ڕێز گرتن

زۆرجاران لە کۆنگرەکانی حیزب دا ئەو برادەرە نەی دەویست خۆی کاندید بکا بۆ ئەندامی ڕێبەری دوکتور قاسملوو قسەی لەگەڵ دەکرد و دەیگوت تۆ ئینسانێکی باشوو دڵسۆز و کار لێهاتووی ئەگەر نەی کەی ناحەقی لە خۆت و لە حیزبەکەت دەکەی، وابزانم لە کۆنگرەی هەشت بوو دوکتور هەستی کرد بوو کاک هاشم لە دژی لیستی فیکسەو لایەنگری لە کاک حەسەنی رەستگار و برادەرانی تر دەکا، دیسان دوکتور جیایی کردبۆوە و کووتبووی کاک هاشم وا باشە ئەو جارە خۆت کاندید نەکەی بە قازانجی حیزبە، لە وەڵامدا کوتبووی دوکتور ئەمن هەر ئەو هاشمی کەرمیەیەم کە جارانی پێشوو دەتکوت ئەگەر خۆت کاندید نەکەی زەرەر لە خۆت و لە حیزبەکەت دەدەی تەنیا ئەوەندەم پێ بڵێ بۆ جاران پیویست بووم و ئێستا نا پیویست.

لە پێش کۆنگرەی پێنج دا کاک هاشم کە بەرپرسی تەشکیلاتی بانە بوو زۆر چاکێش کارەکان بەرێوە دەبردو لە ناو کۆمەلانی خەڵکیش دا زۆر خۆشەویست بوو دوکتور قاسملوو بە قسەی هێندیک کەسانی هەلپەرست و گیرەشیوین نیازی بوو ئاڵوگۆری پێ بکا بەلام ئێمە دووجار وەک بازرەس و لیکۆڵینەوە لە لایەن دەفتەری سیاسیەوە ناردمانن بۆ ناوچەی سەردەشت و بانە و سەقزو دیواندەرە، جاری یەکەم تیمەکەمان بریتی بوو لە ئەبووبکری هیدایەتی و رەحیمی ئەمیری و رەسووڵ پێشنماز نووسەری ئەو دیرانە، جاری دووهەم بریتی بوون لە نەمر کاک نەبی قادری و رەحیمی ئەمیری و بەندە، هەر دووک جارە کە لە تەشکیلاتی بانە کەموو کوڕی و گیرەوکێشەیکی وا بەرچاو نەدەکەوت ڕووبەرووی کاک هاشم بگریتەوە هەر دوو جارە کە ئێمە پشتیوانی خۆمان بۆ مانەوەی کاک هاشم لە تەشکیلاتی بانە دەربڕی، بە تایبەتی ئەمن کە لەوانی دیکە باشتر دوکتور قاسملووم دەناسی و شتەکانی پشتی پەردە باشتر ئاگادار بووم بە تایبەتی لەگەڵ دوکتور لەو بارەوە قسەم کردو قەناعەتم پێ هێنا کە لابردنی ئەو برادەوە لەو ناوە هیچ دەردیک دەرمان ناکا غەیری ئەوە نەبێ گیروگرفت بۆ ئەو دروست دەبێ هەم بۆ تەشکیلاتی بانە.

لە دەورانی ئینقلاب و ڕاپەرینی گەلانی ئێران لە دژی شاو گەرانەوەی ئێمە وەک حیزبی دێموکرات بۆ ناوخۆیی وڵات بنەماڵەی کاک هاشم کەریمی بە تێکرا هاتنە مەیدانی بۆ موبارەزەو کاک محەممەد و کوڕەکانی و باقی خزمەکانیان بەشی زۆریان دەکاری سیاسی وەرداون و هەر چەندەی دیکەشی هات خزمەتی خۆیانی کردو لەسەریشیی دەر بەدەر بوون.

ئەو کات کاک کەماڵی کوڕی کاک محەممەد کەریمی لاویکی تازە پێگەیشتوو بوو زۆر بە دڵسۆزییەوە کاری دەکرد و هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ سەفی موبارەزە و ریزەکانی حیزبی دێموکرات دا مایەوە، براچکۆلەکەیان بە ناوی کاک عوسمان کەریمی، گەنجێکی جوان و خوێن شیرین وا بزانم جارێک لە ماڵی دەباغییەکانی مەهاباد چاوم پێکەوت بەداخەوە لە کاتی شەری نەخوازراوی نەغەدە دا لە ٣ی رای نەغەدە و دریاز لە بانەمەڕی ساڵی ١٣٥٨ شەهید کرا.

## ڕێز گرتن

کاک محەممەد دوای ئەو هەموو زیندان و ئاوارە بوون و دەربەدەریە لە وڵاتی هۆڵەند چەند ساڵ پێش فەوتی جەنازەی پیرۆزی لە دوکان هاتەوە لای ئێمە و لەشاری سولەیمانی بە خاکمان سپارد.

کاک رەئوفی برایان کە برای دووهەم بوو پیاوێکی زۆر ئارام و دڵسۆز و موحتەرەم بوو ساڵی پار لە وڵاتی سوئید فەوتی کرد لەوێ بە خاک سپاردرا و لە پرسەکەی دا بەشداریم کرد بۆ هەموویان وەک برایکی خۆم زۆر بەپەرۆش بووم.

ئەوەی دەمهەوێ بیڵێم ئەوەیە ئەو جۆرە بنەماڵانە دەبێ لە کوردستان و لە ناو کۆمەڵانی خەڵک جێگای رێز و ستایش بن و لە دوا رۆژ دا ببنە نموونەی قارەمانەتی و فیداکاری و سەرمەشق بۆ دوا رۆژی گەلەکەمان و گەنجانی وڵاتەکەمان نەک پەراویز بخرین و ئاوریان لێ نەدریتەوە لە کات و دەورانێک ئەوانە هاتوونە مەیدانی خەبات و دەستیان لە ماڵ و منداڵ و هەموو خۆشی ژیان هەڵگرتووە کە نموونەیان زۆر کە بوو.

لە کۆتایی دا هیوام لەش ساغی و تەمەن درێژی و بە هیوام لە نووسینەوەی بیرەوەریەکانی دا سەرکەوتوو بێ.

## ڕێز گرتن

### بۆ کاک هاشم کەریمی!



**سەعید بەگزادە**

وابزانم ساڵی ١٣٦٠ ی هەتاوی بوو، من و کاک سەید عەبدوڵای حوسێنی ئەو کات هەردووکمان ئەندامی رێبەری یەکێتی لاوان بووین لە مەهاباد. هەردووکمان بە هێندێک هۆکاری رێکخراوەیی لە ناوچەی مەهاباد نەماین و، وەک کادری تەشکیلاتی دراین بە کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی گشتی حیزب. لەوێشرا هەردووکمان دراین بە ناوچەی بانە.

من پێشتر کاک هاشمی کەریمیم نەدیت بوو، بەڵام ناویم زۆر بیست بوو. ئەو سەروبەندە بیری چەپ و کۆمۆنیستی، دەنێو لاو و روناکبیراندا چ لە ئێران و چ لە کوردستاندا زۆر باو بوو. تۆ بەم بیرو بۆچوونە تەیار نەبای، یان لانیکەم بەشی خۆتت نەزانیبا و لێی بەئاگا نەبای، زۆر گێژ و نا وشیار، یان لانی هەرەکەم دواکەوتوو دەردەکەوتی. بۆیە زۆربەی مەمانانی گەنجی ئەوکات، خۆمان دەوگێژاوە هاویشتبوو. هەر بۆیەش بۆ زۆر لە ئێمەی کە دەحیزبی دێمۆکراتدا کارمان دەکرد، گرینگ بوو، بزانین کێ دەحیزبدا، بەتایبەت لە رادەی سەرودا هەڵگری بیری چەپە!. یەکێک لەو کەسانەی بە زۆری ناوی دەهات، کاک هاشم کەریمی بوو.

سەید عەبدوڵا و من هەردووکمان لە بنکەی دەفتەری سیاسی لە شیوجۆ بووین و چاوەروانی بەرێ کردنمان بووین.

هەردووکیشمان بەین و پەیوەندیەکی زۆر باش و خۆشمان دەگەڵ رەوانشاد کەریمی حیسامی کە پێشتر بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد بوو، هەبوو. رۆژێک هەردووکمان چووینە خزمەت کاک کەریم کە ئەوکات لە کۆمیسیۆنی چاپەمەنی حیزبدا کاری دەکرد. هەروا دەبەینی قساندا بۆمان باس کرد کە دەچین بۆ کۆمیتەی شارستانی بانە، پێی خۆش بوو، کوتی

## ڕێز گرتن

بەرپرسی بانە کاک هاشم کەریمییە، پیاوی چاکە و زۆریش کورد و پاکە، بەڵام لەبیرتان نەچێ، ئەو زیاتر لایەنگری لە تێزەکانی مائۆ دەکا!

ئەوکاتە چەپەکانی نێو حیزبی دێمۆکرات، زۆریان کەیف بە تێزەکانی مائۆ و، شێوەی ئینقلابی چینی نەدەهات، زیاتر بیری چەپی سۆڤیەتی، کە حیزبی تودەی ئێران بڵاوی دەکردەوە، بەسەریاندا زاڵ بوو. ئێمەش ئیستسنای ئەم قاعیدەیە نەبووین. بۆیەش پێمان خۆش نەبوو، کە کاک هاشم ئاوا بیر دەکاتەوە!.

دوایی سێ ڕۆژێک مانەوەمان لە بارەگای سەرەکی حیزب، بەرێز کاک جەلیلی گادانی بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی ئەوکاتی حیزب بانگی کردین و، پێی کوتین کە، سبەی کاک دوکتۆر قاسملوو دەچێ بۆ ناوچەی بانە. منیش دەگەڵم باس کردوە کە ئێوەش بۆ ئەوێ دەچن، کوتویە با هەردووکیان دەگەڵ من بێن. ئێمەش زۆرمان پێ خۆش بوو. بۆ بەیانی کاک ئەمیری قازی کە ئەوکات بە کارەکانی دەبیرخانەی حیزب رادەگەیی بانگی کردین و کوتی بچن سواری ئەو ماشێنەی پاش ماشینی دوکتور قاسملوو بن. کاک دوکتور کە ئێمەی دیت، بانگی کردین و کوتی نا لەوێ سوار مەبن، پێم خۆشە دەگەڵ خۆم بن. ئەوەندەی دیکەشمان پێ خۆش بوو. کاتی خۆی دوکتور قاسملوو بە ناوی شەریف لە ناوچەی بانە کادری حیزبی بووە، لەو ماوەدا کە دەگەڵی دەماشیندا بووین، و لە قەراخ جادە و دێهاتەکان، لاماندەدا و رادەوەستاین، گوێمان دەدا بە قسەکان و، رابردوی حیزب و پەیوەندیەکانی کاک دوکتور دەگەڵ ئەو خەڵکانەی کە لە گوندەکانی ئەو دەڤەرە ئەو دەیناسین و کاری نهێنی حیزبی و سیاسی دەگەڵ کردبوون. ئەوەش خۆی کاتێکی زۆر هەڵدەگرێ و بۆ ئێمەش زۆر شیرین و پڕ بایخ و گرینگ بوون، کە لێرە جێگای باسیان نییە.

کە گەیشتینە کۆمیتەی شارستانی بانە، چونکە دەگەڵ دوکتور قاسملوو بووین، ئێمە دووکەس هەرون بووین، بەرپرسانی حیزب لە بانە دەگەڵ کاک دوکتور چوون بۆ کۆبوونەوە و دانیشتنی حیزبی و من و کاکە عەبدوڵاش بێ ساحەب لە مزگەوت کە بنکەی حیزب بوو، ماینەوە. منیش ئەوکات گەنجێکی شایی بەخۆ و تارادەیەکیش مەغرور،

زۆرم لێ گران هات کە کەس گوێی نەداینێ.

ئەوەش خۆی داستانێکی زۆر خۆشی هەیە، کە من بە لاساری، کاتی نوستن، چووم جێگا و نوێن و پێخەفێکی جوان کە پێم وابوو هی کاک هاشمە، رامخست و تێدای خەوتم. ئەویش دوایی شەر و دەمەقاڵەیەکی باشی بەین من و خاوەن پێخەف کە

## ڕێز گرتن

زۆر بەڕێز قاقەی کەریمی، برا گەورەی کاک هاشم بوو، لێ کەوتەوە بەڵام بۆم بوو بە بناخەی دۆستایەتێکی پتەو و خۆش دەگەڵ ئەو ڕێزدارە.

دوایی دووسێ ڕۆژ کاریان بۆ دیاری کردین، کاک سەید عەبدوڵا درا بە کۆمیتەی ناوچەی ئارمردە و منیش، بۆ هاوکاری کارەکانی کۆمیتەی شارستانی بانە، لە بنکەی سەرەکی کە کاک هاشم خۆشی هەرلەوێ دەبوو مامەوە. بەم جۆرە هەموو ڕۆژێ و هەموو کارەکانم هەردەگەڵ خۆی و کە نزیک خۆی بوو.

دەگەڵ ئەوەی کە کاک دوکتۆر و کاک کەریمی حیسامی، زۆر جار لە لای کەسانی خوارتر تەوس و پلاریان تێک دەگرت و زۆر دەگەڵ یەکتر گونجاو نەبوون، من قسەکەی کاک کەریمم لەسەر کاک هاشم و بیری مائۆیی بۆ کاک دوکتور گێڕابۆوە. چونکە زۆرم بوو گرینگ بوو بزانم ئەو چۆنی لەسر بیر دەکاتەوە! ئەوەیش ڕاست، هەر قسەکەی کاک کەریمی تەئید کردوە و کوتی بەڵێ کاک هاشم زیاتر بەلای خەتی سێ دایە.

دوایی کە برێک بیرم بەرخۆ هاتەوە، خۆم لە خۆمم دەپرسی ئەرێ ئەو چ بوو من هێندەم خۆ بەو مەسەلەوە ئالۆز کردبوو، کە بزانم کاک هاشم لایەنگری لە کام بەرەی چەپ دەکا یان نایکا! ئاخرە ئەوە چ دەردێکی کوردی پێ عیلاج دەکرا!! دوایی کە برێک تەمەنم چوە سەرێ قسەیەکی پیاوێکی سیاسی باشوریم خوێندەوە و زۆریشم پێ خۆش بوو کە دەڵێ، گەنجی کوردی خەباتکار لەسەرەتاکاندا چەپ نەبێ سەیرە، کە بەساڵیشدا چوو، چەپ بمێنێ، هەر سەیرە.!

وردەورده بەینی من کاک هاشم زۆر خۆش بوو، زیاتر هەردەگەڵ خۆی دەیگێرام و هەمیشەش من کۆمەڵێک قسە و پرسیارم هەبوون کە وەڵامم دەویستن. کاک هاشم زۆر بە عەلاقەوە گوێی دەدامێ، وڵامی دەدامەوە، ڕێنوێنی دەکردم. لەم باس و موناقیشیانەدا، هەرچی دەم هێنا و بیرم لێ دەکردەوە، بیر و هەڵس و کەوتی کاک هاشم، دەگەڵ ئەو تێروانینانەی کاک دوکتور و کاک کەریم لەسەری هەیان بوو، نەیدەخوێندەوە. ڕۆژێک لێم پرسی، کوتم کاک هاشم بۆ جەنابت لە لای هاورێیان بە مائۆیی ناسراوی؟!

بەشێوەی خۆی قاقایەکی لێدا. کوتی ئەو مەسەلە دەگەرێتەوە بۆ بەر لە شۆرشی ئێران. من دەمزانی ئێران بەرەو ئالۆزی دەروا، بۆیە زۆرم هەوڵ دەدا هاورێیانی ڕێبەری حیزب بەو قەناعەتە بگەیەنم کە ئێمە دەبێ بە شێوەی چەکداری و چریکی خۆمان بخزێنینەوە نێو خەڵکەکەمان و لە گەرمێنرا بگەرێنەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەشم ماوەیەکی زۆر کارم لەسەر ئیدە و بەرنامەکانی لێنین کە لە فینلاندرا کاری لەسەر نێوخۆی روسیە دەکرد و هەروەها هەموو

## ڕێز گرتن

ئیدە چریکیەکانی مائۆ و هوشیمین و کاسترۆ و چێگوارا دەکرد. هەموو ئەو فاکتایانەم کۆکردبوونەوە، لە کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندیدا باسم کردن و، زۆریش پێداگر بووم، بەڵام ئەوان دەگەڵ ئەم بۆچوونەی من نەبوون، بە گاڵتە کوتی ئەوە برێکیشی غیرەتی زیادەی دەویست! بۆیە لەم کاتەوە پێیان وابوو چونکە من دەم کوت دەتوانین لە گوندەکانرا هێندێک حەرەکەتی چەکداری و چریکی بکەین و، خەڵک باشتر ئامادە بکەین، من بە لایەنگری خەباتی مائۆیی دەزانن، دەنا هیچ وانییە.

من ماوەیەکی باش لە بانە و لە لای کاک هاشم مامەوە، زۆری لێ فێر بووم. پیاوێکی چەپی بە بڕوا بە یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی، کوردێکی پاکی خزمەتکاری نەتەوەکەی، کەسایەتێکی جێگای ڕێزی هەموو ئەو کەسانەی کە دەیان ناسی، پیاوێک کە زۆر مەسەلەی وەک یەکسانی ژن و پیاو، دامەزرانی حکومەتێکی عادڵانە و دادپەروەرانە کە هەموو چین و تووێژەکانی کۆمەڵ بگرێتەوە، و دەهەمانکاتیشدا دەسەڵاتی کوردی و بێچمی کوردی بێ، دەمێشکیدا گەرای کردبوو. کاک هاشم کەسێکی مەزهەبی نەبوو، بەڵام قەت نەمدی لە جێگایەک بێڕێزیکی بە دینداریک کردبێ، ئەو کەسێکی شارەزا بە کەلتور و داب و نەریتە کۆمەلایەتیەکانی میللەتەیەکەتی، بۆیەش هەم ڕێزی لە هەموان دەگرت و هەم، هەموانیش ئیستاش ڕێزی لێ دەگرن. چ دەنێو کۆمەڵی کوردەواریدا و چ دەنێو ریزەکانی حیزبیدا، قەت تاقە وشەیەکی ناشایست لەسەر کاک هاشم، چ لەباری سیاسی، چ لەباری پاکی و سەداقەتی دەگەڵ هاورێیان و دەوروبەری نەبیسترا.

با قسەیەکی خۆشیش بگێرمەوە، جارێکیان زێنەب خانمی شەریکە ژیانی کاک هاشم، بە کاک عەلی سوسەنی و کاک هاشمی کوتبوو، ئەو دوو گەنجە مەهابادیە ڕۆژێک بۆ نەهار خواردن بانگ بکەن و لێشیان بپرسن بزانن چیان پێ خۆشە با بۆیان ساز بکەم!. خۆ ئەوکات ئیمکاناتێکی ئاواشمان نەبوو. بۆیە پێمانخۆش نەبوو توشی عەزیەتیان بکەین، بەڵام زێنەب خانم قبوڵی نەکرد، بۆیە کوتمان باشە دیین، با شۆرباوێکمان بۆ لێبنێن. من بە حیسابی شۆرباوی مەهاباد و نەشمدەزانی لە بانە شۆربا شتێکی دیکەیە. ئەویش هەر رایدەسپارد بابە چۆن شتی وادەبێ شۆرباوی چی،؟! با شتکی باشتر و خۆشتر بلێن! ئێمەش لەسەر شۆرباو خواردنی خۆمان هەر سور بووین، کە چوین، ئەو خانمە بەرێزە شۆرباوی بانەیی بۆ لێنابوین کە هەر خوایان دەگەڵ شۆرباوی مەهابادی یەک بوو. لەوێ زانیم نەخێر شورباو لێرە ئەوە نییە، کە ئێمە جاری وایە بە گۆشتاوی دەڵێین!. زێنەب خانمیش هەر سەیری دەکردین و گومانیشی لا دروست ببوو کە دەبێ لێک حالی نەبوونێک بوبێ.! پاش چەندین ساڵ ڕۆژێک خۆی لە بنکەی دەفتەری سیاسی دەعوەتی خانمێکی مەهابادی دەبێ بە شۆرباوی مەهابادی، لەوێ بیری دێتەوە کە ١٠ ساڵ پێشی ئەو هەلیماوەی دابوی بە ئێمە ئەوە نەبووە کە ئێمە داوامان کردبوو، بۆیە هەر خۆی بەقەرزدار دەزانی و ئاخری لە لەندەن لە ماڵی خۆی و لە هەندەران شۆرباوی داینێ.

## ڕێز گرتن

کاک هاشم، دەگەڵ ئەوەی خۆی کوری بنەماڵەیەکی تارادەیەک دەست ڕۆیشتوو بوو، بەڵام هەمیشە بە کەمترین ئیمکاناتەوە ژیاوە.

کاک هاشم دەگەڵ پیران، پیر، و دەگەڵ گەنجان، گەنج و لەکۆری ساحەب قەڵەماندا خاوەن قسە، و لە کۆری شاعیران و ئەهلی ئەدەبدا ساحەب نەزەر و زانیارییە.

بەداخەوە ئیستاشی دەگەڵ بێ لە ناوچە و وڵاتی ئێمە نەیارانی سیاسی، یان دوو جەریان، یان دوو کەسایەتی سیاسی کە بۆ ئیدە و دوارۆژی وڵات و چین و توێژەکانی کۆمەڵ، بیری لێک جیایان هەیە، زۆر کەم باشیی یەکتر دەڵێن. بەڵام لە ناوچەی بانە، زۆر ڕێکخراوی سیاسی دیکەی لێ بوو، لە زۆر چەپی رایکاڵترەوە بگرە هەتا حیزبی ئیسلامی، هەموو ئەوانە ڕێزی زۆر تایبەتیان لە کاک هاشم دەگرت.

کاک هاشم لە لای زۆرێک لە حیزبە سەرانسەریەکانی ئێران و تەنانەت، دەنێو حیزبە کوردستانیەکانی باشوری کوردستانیش دا زۆر جێگای ڕێز و حورمەت بوو. باش لە بیرمە کاتێک لە کۆنگرەی ٨ کاک هاشم نەبۆوە بە ئەندامی ڕێبەری حیزب، دەفتەری سیاسی ئەوکات ڕاست لەسەر ڕاسپاردەی شەهید دکتۆر قاسملوو، هەیئەتێکی بۆ تەوزیح و ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە بۆچی کاک هاشم نەبۆتەوە ئەندامی ڕێبەری ناردە، لای یەکێتی نیشتمانی، بە تایبەت بۆ لای بەڕێز جەلال تاڵەبانی. کاک هاشم بە لای یەکێتی نیشتمانیەوە کەسایەتێکی بەرجەستە و دۆستێکی بزوتنەوەی باشوری کوردستان و یەکێتی نیشتمانی بوو، بۆیەش داهاتوی سیاسی بەڕێزیان بۆ هەموو لایەک بەتایبەت بۆ مام جەلال و یەکێتی نیشتمانی گرینگ بوو.

کاک هاشم کەسێکی خوێندەوار، و ساحەب قەڵەم و ئەهلی نوسین و خوێندنەوەیە، هەمیشەش دەوروبەری و نیزکانی بۆ فێر بوونی زیاتر هان دەدا. یەکێک لە بەرابردوترین ئەندامانی ڕێبەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانە.

نزیکی و دۆستایەتیم دەگەڵ کاک هاشم هەتا ئیستاش هەر درێژەی هەیە و، ساڵانێکی زۆریش دەگەل بەڕێزیان لە ڕێبەری حیزبدا، هەر شانازی دۆستایەتی و، لێ فێر بوونم هەر درێژەی هەبووە. تەنیا کێشەیەکی کە هەمان بووە، جارو بارە لاتاوێکی پێدا دەدام و دەیکوت سەعید تۆ پێشتر چەپ بووی، بەڵام ئیستا گۆڕاوی و ناسیۆنالیستیەکەت تەواو بەرچاوی گرتوی و بیری عەداڵەتی کۆمەڵایەتیت زۆر کز بووە!

کاک هاشم لە بنەماڵەیەکدا گەورە بووە، کە خۆی و دوو برای دیکەی ئەندامی بەرجەستەی دێمۆکرات بوون، شەهید

## ڕێز گرتن

عوسمانی برای بۆ پێک هێنانی تەفاهوم لە بەینی تورک و کورد دا لەشەری نەغەدەدا شەهید بوو، کاک محەممەدی برای گەورەی واتا قاقە کە لە دامەزرێنەرانی کۆمیتەکانی حیزبیە لە ناوچەی بانە و یەکێک لە کۆنترین چالاکان و ئەندامانی دێمۆکرات بوو، لە هەندەران کۆچی دوایی کرد و هەروەها برایەکی بەرێزی دیکەشی، حاجی رئۆف کە راستە ئەندامی چالاکی حیزب نەبوو، بەڵام لە زۆر نزیکان و خەمخۆرانی کورد و دێمۆکرات بوو، ئەوەیش لە سوئێد کۆچی دوایی کرد.

کاک هاشم، تێکۆشەرێکی گەورەی کورد، خاوەن قەڵەمێکی زانا، سیاسیەکی پاک و راست و سادق، بڕوادارێک بە یەکسانی و عەداڵەتی جینسی و کۆمەڵایەتییە. لە روانگەی منەوە کاک هاشم لەزۆر بارەوە بۆ لێ فێر بوون دەبێ و خەسلەت و کەسایەتی بەرزی ئەو بۆ نەوەکانی داهاتوش هەر دەمێنێ.

**هیوا دەخوازم بەچاوی خۆی وەدی هاتنی ئاواتەکانی واتا بەختەوەری میللەتەکەی ببینێ.**

**سپاس کاک هاشم بۆ هەموو ئەوانەی لێت فێر بووم.**



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێز گرتن

# ڕێزێک لە کاک هاشمی کەریمی!



**ڕەحیم محەممەدزادە**

بەهاری ١٣٥٨ی هەتاوی، لە جەنگەساتەکانی شەڕی سەپێندراو و خوێناوی شاری نەغەدەدا، دەگەڵ پاشناوی کەریمی ئاشنا بووم. لە ڕێگای بیستنی ناوی شەهید عوسمانی کەریمێوە، روناکبیر و تێکۆشەرێک کە بۆ کۆتایی ئەو شەرە ماڵوێرانکەرە دەتێکۆشاندا بوو. ئەو کاتە من، دەگەڵ پاشناوی "کەریمی" لە شاری بانە ئاشنا بووم. کاتێک لە گۆنگرەی ٥ حیزب لە پاییزی ١٣٦٠ هەتاوی بۆ یەکەم جار بە خزمەت کاک هاشمی کەریمی کە بەرێزیان ئەو کات ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو، گەیشتم جارێکی دیکەش زایەڵەی پاشناوی "کەریمی" لە گوێمدا زرینگایەوە. لە راستیدا دەگەڵ ئەوەی ئەو کات ئەمن بە هۆی رابردووی کورتی حیزبایەتیم کەم کەسم لە ناودارەکانی حیزب دەناسی، لە ڕێگای هاوڕێیەکی دێرینی حیزبی و لە نزیکانی خۆم، ئاگاداری سەربردە و تیکۆشانی کاک هاشم و نەخش ورۆڵی بنەماڵەی بەرێزی کەریمی لە جولانەوەی کوردستان و بە تایبەت کاریگەریی ئەو بنەماڵەیە لە حاند وشیار کردنەوەی کۆمەڵگای کوردەواری لە ناوچەکانی بانە و دەورو بەر، بۆ گەیشتن ئامانجی رەوای ئازادی و سەربەستی کوردستان، ببووم. هەرلەو سەروبەندەشدا شانازی ئاشنایەتی دەگەڵ گەورە پیاو وشۆڕشگێری ناوداری ناوچە کاک محمد کەریمی(قاقە) برا گەورە کاک هاشم، ئەو کەسەی کە کاتی خۆی لە پێناو رزگاری گەلی کورد و نیشتمانەکەی گەمەی بە بەندیخانە و ئەشکەنجەکەرانی ساواکی حکوومەتی شا کردبوو، پی برا. دوایی دەگەڵ کاک کەماڵ برازای کاک هاشم و کوری قاقە، بووین بە رەفیق. بۆم دەرکەوت کە کوردایەتی و پاشناوی "کەریمی" لە شاری بانە دوو ناوی وەها ئاوێتە و موتوربە بە یەکن کە جیاکردنەوەیان لە یەکتر نە تەنیا محاڵ، بەڵکوو جێگای بیرکردنەوە نەبوو. بۆم دەرکەوت کە کوردایەتی و کەریمی لەو مەڵبەندە نە تەنیا تەواوکەری یەکترین، بەڵکوو ئەو بنەماڵەیە یەکێک لە کۆڵەکەکانی حیزبی دێموکڕات و مەکۆ ئەویندارانی ڕیگای پڕ لە شانازی کوردایەتی و ئەو شوورە پۆلایینەی کوردستان بوون کە قەت درزیان هەڵنەگرت.



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێز گرتن

ئەو کاتەی من دەگەڵ کاک هاشم ئاشنا بووم، بەرێزیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی بانە بوو، لە سەراپا و سیمای کاک هاشم کوردایەتی و شۆڕشگێڕی دەباری، کوڵەباڵێک دەبەر، دەمانچەیەکی چاردەخۆر بە قەدەوە. لە کۆنگرەی ی حیزبدا منیش شانازی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبم پێبڕا و مەجالی ئەوم بۆ پەیدا بوو کە زیاتر و باشتر لە نزیکەوە و لە ئۆرگانێکدا، کاک هاشم بناسم.

دواتر باشترم بۆ دەرکەوت کە، کاک هاشم بە فیداکاری ودەربەدەر بوونی زۆری لە پێناو ئامانجە سیاسییەکانی حیزبی دیموکڕاتدا سەلماندبووی کە کەسێکی بە بڕوا و قایمە و هەر ئەوەش وایکردبوو کە ببێتە سیمایەکی ناسراوی دیموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەڵکی کورد لە زۆربەی ناوچەکانی کوردوستان کاک هاشمیان وەک داکۆکیکارێکی راستەقینە مافەکانی خۆیان و بە میراتگر و درێژەدەری ڕێگای پڕ لە شانازی شەهیدانی کوردستان دەناسی.

کاک هاشم یەکێک لەو کادرانەی ڕێبەری حیزب بوو کە وەرگرتنی پلەی ڕێبەریی وەک ئەمانەت و ئەرکێکی نیشتمانی وەردەگرت، ئەو سەرەڕای ڕێزی بۆ وشەی "پلە" لە ناو حیزبدا، بەڵام هەمیشە پێوابوو کە پلەی تەشکیلاتی و سیاسی لە حیزبێکی سیاسیدا کاتێک مانای ڕاستەقینەی خۆی دەبەخشێ کە وەرگرتن یان پێ بەخشینی پلە دەگەڵ لەبەر چاو گرتنی بەرژەوەندی گەل و حیزب ئاوێتە بەیەک بن. ئەو هەمیشە خۆی لە کەڵک وەرگرتنی خەراپ لە پلەی تەشکیلاتی پاراست و قەت پلەی تەشکیلاتی و پێگەی ڕێبەری نەکرد بە شوێنی سات و سەودای سیاسی، بۆیە هەموو کات وەک ڕێبەرێکی بێ تەوقوع، خاکەرا و خاوێن هەم کەسایەتی خۆی پاراست و هەم بوو بە جێگای ڕێزی هەموان.

ئەوەندەی ئەمن لە کۆبوونەوەکانی ڕێبەریدا سرنجی شێوەی بیر کردنەوە و بڕیاردانی کاک هاشمم بۆ مەسەلە جۆراوجۆرە سیاسی و تەشکیلاتییەکاندا دەکرد، بۆم دەرکەوت کە بەرێزیان لە بڕیار و بیرکردنەوەدا تەواو سەربەخۆ بیر دەکاتەوە و هیچکات وەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندی و مەسلەحەتی شەخسی و جیناحی ڕەنگیان بەسەر بڕیارەکانی بەێزیاندا، هەست پێ نەدەکرا و نەدیتران.

کاک هاشم خەسلەتی کوردانە و نەتەویی بەهێزی هەبوون، یەکێک لە ڕیبەرانی حیزب بوو کە سنووری دەستکردی جوغڕافیایی قەت کاریگەریی لەسەر هەستی نەتەوەیی ئەو، نەکرد. گرینگترین شت لای بەرێزیان خەبات بۆ ئازادی گەل و ڕەزگاری نیشتمان بوو، دانەنانی فەرق و جیاوازی لە نێو خەباتکاری بەشەکانی دیکە کوردوستاندا پێگەیەکی پڕ لە ڕێز و خۆشەویستی لە نێو زۆربەی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان بە تایبەت یەکیەتی نیشتمانی کوردوستاندا بۆ کاک هاشم پێک هێنابوو، ئەو ڕێز گرتنە زۆر جار لە شۆخییەکانی نێوان شەهید د. قاسملوو و ڕێزدار مام جەلالدا ڕەنگی دەداوە، بە جۆرێک

## ڕێز گرتن

کە زۆر جار بەڕێز مام جەلال بە شەهید دکتۆر قاسملوی دەکوت، ئەگەر باش ڕێزی کاک هاشم نەگرن، یەکێتی نیشتمانی لێتان دەستێنێ و ڕێزی لەسەر چاوان دادەنێ. کەم ڕێبەری زیندوو کورد هەبوونە کە ببن بە هەوێنی شاعیرانی کورد، بەڵام کەسایەتی بەرزی کاک هاشم هەوێنی یەکێک لە هەڵبەستەکانی شاعیری پایەبەرزی کورد شێرکۆ بێکەسە. بێگومان ئەگەر باڵای کەسایەتی کاک هاشم بە بەرزایی چیاکانی کوردوستان نەبایە، نەدەبوو بە هەوێنی گەورە شاعیری نەتەوەیی کوردوستان.

با لە پەراوێزی بیری نەتەوەیی و نەناسینی سنووری خەباتدا ئاماژە بە شتێک بکەم کە کاک هاشم شاری بانە و مەڵبەندەکەی لە هەموو شوێنێک خۆشتر دەویست و زۆر جار ئەگەر بە ناحەقیش بایە وردە شەڕێکی لەسەر هەر دەکرد.

کاک هاشم چەپێکی کورد بوو. لەڕێزبەندی فکری ناو حیزبدا بەڕێزیان بە لایەنگری لە جیناحی چەپی حیزبدا پێناسە دەکرا، ئەو لەناو حیزبدا بە لایەنگری لە بیری چەپ و یەکسانی کۆمەڵایەتی ناسراوە، بەڵام بیری چەپ بۆیە لای ئەو بایخی تایبەتی هەبوو چون پێوابوو ئەو بیرە دەتوانێ ببێ بەپردەبازێکی جێگای متمانە بۆ پەڕاندنەوەی قۆناخی خەباتی پڕ تەنگ وچەڵەمەی گەلی کوردستان بۆ کەنارێکی ئارام و پێک هێنانی کۆمەڵگایەکی دادپەروەر و یەکسان بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کورد.

کاک هاشم وەک کوردێکی چەپ هەرچی لەدەستی هات بۆ گەشە و بەرەوپێش چوونی خەباتی نەتەواویەتی لە ناو حیزبی دیموکڕات وەک یەکەمین حیزبی نەتەوەیی لە کوردستان وئاڵا هەڵگری ئەو بیرە، کردویە. خەباتی نەتەوەیی کورد ورزگاری نیشتمان بۆ کاک هاشم لەسەرووی هەموو بیرو ئیدەئۆلۆژێەک بووە و هەیە. ڕێکخراوی چەپ، بە ئیدئۆلۆژی خەستی چینایەتی، لەمەیدانی سیاسی ئێران و کوردستاندا کەم نەبوون، بەڵام ئەوەی کە کاک هاشم سەرەڕای چەپ بوونی بەڵام بۆ یەک چرکەش بیری بۆ لای هیچ ڕێکخراوێکی دیکە غەیری دێمۆکرات نەچوو، نیشانەی نەتەویی و دیموکڕات بوونی بەڕێزیانە.

کاک هاشم یەکێک لە ڕێبەرانی خاوەن خامەی ڕۆژهەڵاتی کوردوستانە. کاک هاشم جگە لەوەی کە بە دەیان ساڵە بە وتارە پڕ ناوەڕۆکەکانی لاپەڕەکانی ڕاگەیاندراوەکانی حیزبی دیموکڕاتی ڕازاندۆتەوە و هەموو کاتێک هەوڵیداوە کە لە توێی وتارەکانیدا ئەرکی روناکبیر و ڕێبەرێکی شۆڕشگێر بە جێ بگەیەنێ و لە ڕێگای ڕوونکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک و هاندانیان بۆ خەبات و بەرخۆدان جێ پەنجەی خۆی لەو بارەوە بۆ مێژوو تۆمار بکا، هاوکات هەمیشە هەوڵیداوە وەک کەسایەتێکی سیاسی و ڕووناکبیرێکی واقیع بین و ڕاستگۆ لە دژی خورافە پەرەستی و توند ئاژۆیی ئائیینی لە کوردستاندا خەبات بکا و



سەرچاوە Serchawe

# ڕێز گرتن

له رێگـای كتێب و پەرتـوكه پـڕ نـاوەرۆك و بە بایخەكـانی خزمەتێكی گەورەی بە ناسـاندن و كز كردنـی زیـاتری خورافه پەرەستی و بڵاو كردنەوەی بیری بە ئاشتی ژیان كردوە.

گەلێكن ئەو تـایبەتمەندییە گەورانەی كاك هاشم، كە بۆیە دەبن بە دەیـان و بگـرە سەدان لاپەڕەیـان لەسـەر بنوسریَ بەڵام مەجالەكان بەرتەسكن بۆیە تەنیا دەتوانم بڵێم كە كـاك هاشم یەكێك له رێبەره هەره خۆشەویست، خۆنەویست، خـاكەڕا، مامۆستا، تێگەیشتوو، خاوەن قەڵم، روناكبیر، دەست و داوێـن پـاكی ... جوڵانەوەی رەوای گەلـی كوردستان بـووه و هەیە و گەلی كورد و قوتـابییەكانی قەت گەورەیی، فیداكاری بەرێزیان فەرمۆش ناكەن و هەمیشه وەك كەسێكی جێگـای هیـوا چـاوی لێدەكەن و جێگای ناو دڵ و قەلبی هەموومانە. تەمەنی درێژ و قـالبی ساغ بۆ بەرێزیـان ئاواتە خۆازم.

## ڕێز گرتن

# چەند پەیڤێک سەبارەت بە زاتێکی پاک



**هاشم ڕۆستەمی**

تا ئەم سالانەی دواییش لە ناو کۆمەڵی کوردەواریدا ئەوە باو بوو کە دەیان گوت "کورد مردوو پەرستە". بەو مانایە کە کاتێک باسی چاکە و پیاوەتی و بەخشندەیی و زانایی کەسێک دەکرا کە ئیتر لە ژیاندا نەدەما. کاتێک بە ڕێزەوە یادی دەکراویەوە کە بۆ خۆی لە ژێر گڵدا بوو.

بە خۆشیەوە ئەم دیاردەیەش وەک زۆر دیاردەی دیکە، ئاڵ و گۆڕی بە سەدا هاتووە و ئەو قالبەی پێشووی شکاندوە. ئەوە چەند ساڵێکە لە کوردستانیش وەک هەموو وڵاتانی پێشکەوتوو، ئەم ڕەوتە دەستی پێ کردووە کە کەسایەتیە جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵگا کە بە شێوەیەک لە شێوەکان، شوێن پەنجەیان لە سەر ڕەوتی ڕوداوەکان و بەرەوپێش چوون و داهێنان و گەشەی کۆمەڵگادا دیارە، هەر لە سەردەمای ژیانیاندا ڕێزیان لێ دەگیردرێ. ئەم ڕەوتە ئەگەرچی هێشتا لە کوردستان لە سەرەتای ڕێگەی خۆی دایە و زۆر گشتگیر نیە و نهادینە نەکراوە، بەڵام دیسانیش دەکرێ وەک دەستپێکی باش بنرخێندرێ. جێی خۆشحاڵیە کە ئەم ڕەوتە مرۆڤدۆستانەیە حیزبی دێموکراتی کوردستانیشی گرتۆتەوە و لەم چەند ساڵەی دواییدا، بە شێوەی مومکین ڕێز لە سێ کەسایەتی دیاری نێو ریزکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان گیردراوە. بەم بۆنەوە چەند ساڵ بەر لە ئێستا لە وڵاتی نۆروێژ، لە لایان تێکۆشەرانی دێموکراتەوە، ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە گیردرا، دواتر لە ناوەندی حیزب بۆ ڕێز گرتن لە خەبات و تێکۆشانی بەڕێز کاک جەلیل گادانی بەرنامەیەکی شایستە بەڕێوە چوو.

ئەمسالیش لە شاری لەندەنی وڵاتی بریتانیا، ڕێز لە کەسایەتی زاتێکی پاک گیرا. کەسایەتیەک کە بەشی هەرە زۆری

## ڕێز گرتن

تەمەنی خۆی بۆ رزگاریی کورد و کوردستان تەرخان کردوە و ئێستاش رێبواری شێلگیری ئەو رێگە پر لە هەوراز و نشێوەیە. بەڵی! کاک هاشم کەریمی ئەو کەسایەتیە بەرز و بەرێزەیە کە شایانی رێز گرتنی نەتەوەکەی خۆیەتی. ئاخر ئەویش هەروەک باس کرا، بەشێ هەرەزۆری تەمەنی خۆی بۆ خزمەتی نەتەوەکەی خۆی تەرخان کرد و بە دەیان ساڵ، گیان لە سەر لە پی دەست وەک یەکێک لە رێبەرە بە تواناکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستانی خۆر هەڵات دەور و رۆڵی هەبوو.

بێ گومان هەم لە بەرنامەی رێز لێنانەکەو هەم دواتریش کەسانی بە توانا و ساحەب نەزەرتر لە من، لەم بوارەدا لە سەر کاک هاشم دواون و وتاریان بڵاو کردۆتەوە، بەڵام منیش وەک رێز گرتن لە کەسێک کە لە چەند برگەی ژیانی سیاسیمدا رۆڵی مامۆستایەتی بۆم هەبووە بە ئەرکی سەر شانی خۆم زانی کە ئەگەر بە کورتییش بێت ئاور لە چەند لایەنی تواناکانی کاک هاشم بدەمەوە.

کاک هاشم کەریمی، یەکێک لە تێکۆشەرانی ماندووی نەناسی بنەماڵەی خەباتکار و نیشتمانپەروەری کەریمی لە شاری بانەیە. بنەماڵەیەک کە بە سەر و ماڵ، خۆیان بۆ خزمەتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان تەرخان کردوە و لەم بوارەدا نە لە گیانیان و نە لە ماڵیان دریغیان نە کردوە. هەر ئەوش وای کردوە کە بنەماڵەی کەریمی بە شێوەیەکی گشتی نەک هەر خۆشەویستی خەڵکی بانە و دەوروبەرن، بەڵکو بۆ تێکۆشەرانی دێموکرات و سەرجەم خەمخۆرانی رزگاری کورد و کوردستان بونەتە سیمبولی فیداکاری و خۆراگری و لێ فێر بوون. ئەو بنەماڵە بەرێزە ئەگەر چی لە رەوتی بەردوامبوونی خەبات و تێکشاندا بەشێکیان ناچار بوون رێگەی غوربەت بگرنە بەر و لە وڵاتەکانی فینلاند، سوئێد، ئەمریکا و بریتانیا نیشتەجی بن، بەڵام هەر ئێستاش کەسی زۆر بە توانا و دلسۆزیان لە ریزی هەرە پێشەوەی رێبەرایەتی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستاندا خەریکی خەبات و تێکشانە.

کاک هاشم کەریمی کە ئێستا چەند ساڵێکە نیشتەجێی وڵاتی بریتانیایە، کەسایەتی هەرە درەوشاوەی ئەو بنەماڵە خەباتکارەیە. هەروەک باس کرا، ئەو ساڵانێکی زۆر لە لوتکەی بەرپرسایەتی و ریزی هەرە پێشەوەی بزوتنەوەی رزگاری خوازیی خەڵکی کوردستانی خۆرهەڵاتدا بوو. ئەو یەکێک لەو ئەندام دەفتەری سیاسیانە بوو کە خەباتێکی فرە رەهەندی گرتبۆ بەر. بەو مانایە کە لە لایەک وەک ئەکتەرێکی چالاکی سیاسی بە گژ سیاسیەتی داگیر کەرانەی کۆماری ئیسلامیدا دەچۆوە، لە لای دیکەش بەردەوام بۆ پێگەیاندنی کادری دیکەی سیاسی و تەشکیلاتی لە هەوڵ دا بوو. کەم نین کەسانی وەک من کە لە لای ئەو مامۆستا دلسۆزە سامیان لە قەڵەم و نوسین شکاوە و دوور و نزیک بە رێچکەکەی ئەو دەرۆن.



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێز گرتن

لە مێژ بوو کە ناوی کاک هاشم کەریمی لە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا ویردی سەر زمانان بوو. منیش دوور و نزیک شانسی ناسین و بە خزمەت گەیشتنی ئەوم، چەند جارێک بۆ رەخسا بوو، تا سەرئەنجام قەدەری سیاسی کاک هاشم کەریمی و بەشێکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە دۆلی قەلاسەید جێگر بوین.

لە گۆنگرەی ٩ی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رێبەرایەتی شۆرشگێردا کاتێک وەک ئەندامی رێبەری هەڵبژێردرام، شانسی ئەوەم زیاتر بوو، تا پتر و زۆرتر لە نزیکەوە کاک هاشم کەریمی بناسم. ئەوکاتیش ناو براو ئەندامی دەفتەری سیاسی بوو.

لە یەکەم کۆبوونەوە یا بلێین پلنۆمی کومیتەی ناوەندیدا، روانگە و نەزەر و بۆچوونەکانی کاک هاشم زۆر سەرنجیان راکێشام و شانازی زۆرترم بە حیزبکەمان کرد کە کەسانی ئاوا شارەزا و وردبین و خاوەن نەزەر و لێکدانەوە لە ریزی هەرە پێشەوەی دان.

**پێم باشە لەم دەرفەتە کەڵک وەرگرم و پەنجە بۆ چەند تایبەتمەندی بەرچاوی کاک هاشم رادێرم.**

- ئەو نووسەرێکی بە توانا و لێ هاتوو بوو. هەم بۆ رادیۆ دەنگی کوردستانی دەنووسی و هەم بۆ رۆژنامەی کوردستان. بەلام با بۆ شۆخیش بێ ئەوشی لێ زیاد بکەم کە دەست خەتی ئەو بە هەموو کەس نەدەخوێندرایەوە، جار جار بۆ خۆشی لە گەڵ خوێندنەوەی نوسینەکانی خۆی کێشەی هەبوو، بەلام بە خۆشیەوە کاک عەلی سوسەنی کە خوارزای بوو، هیچ گرفتێکی لە گەڵ نووسینەکانی کاک هاشم نەبوو، هەر ئەویش لە بەشی راگەیاندندا، وتارەکانی تایپ دەکردن. با هەر لەم بەشەدا ئاماژە بەوەش بکەم کە کاتێک کاک هاشم بەرپرسی رادیۆ دەنگی کوردستان بوو، منیش بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک وەک ئەندامی ئەو کۆمیسۆنە لە خزمەتی دابووم و زۆری لێ فێر بووم. لە بیرمە یەکەم جار کە وتارم بۆ رادیۆ دەنگی کوردستان نووسی، دەبوو کاک هاشم پێی دابێتەوە. وتارەکم دایە و دوای ماوەیەک وێیدامەوە. بەلام ئەوەندە خەت خەت کرا بوو، ئەوەندە ژێر و نووس و تەنیشت نووسی لێ زیاد کرا بوو، وتارەکەی خۆمم نەدەناسیەوە. بەم شێوەیە کاک هاشم دەستی گرتم تا لە پەنا خۆی هاشم - یکی دیکەش لە گەڵ شێوە نووسینی وتاری رادیۆیی ئاشنا بکات. کاک هاشم مامۆستایەکی باش و منیش وێ دوچوو قوتابیەکی باش بوبێتم بۆیە زۆری نەخایاد کە چیتر ئەو وتارەکانی منی کۆنترۆڵ نەدەکردن و لێم دڵنیا بوو.

ئەو زاتە بە شێوەیەکی سەر سوور هێنەر گیرۆدەی خوێندنەوە و متالعە بوو. هەر کاتێک ئەوت دیتبا کە بەرەو شوێنی

# ڕێز گرتن

کاری ڕۆژانەی دەچی، دەت دیت کە ئەوە یەک یا دوو دانە کتێبی لەبن هەنگەڵ دان. لەهەر دەرفەتێک کە بۆی هەڵکەوتبا ئەوە دەستی بە خوێندنەوە دەکرد. هەر ئەوش بوو کە ناوبرا شارەزاییەکی زۆری لە سەر مێژوو، جوگرافیا، ئەدبیات و زۆر لایەنی دیکە هەبوو. کاتێک لە رابردووی وڵاتان دەدوا، وەها دەچووە نێو کون و کەلەبەری ژیان و بەسەر هاتی ئەو وڵاتانە، دەتگووت هەر لە سەرەتاوە ئەو وڵاتەی بۆ خۆی دروست کردوە، کاتێک باسی جوگرافیا و هەڵکەوتەی ئەو وڵاتانەی دەکرد وەک ئەوە وابوو کە بۆ خۆی نەخشەکەی دارشتبتن. خۆ ئەگەر لە ئەدبیاتیش دەدوا، ئەو هەر ئەوەندە بەسە کە بڵێم بۆ خۆی ئەدیبێک بوو.

شارەزایی و قوڵ بوونەوە لە ژیاندا کاک هاشمی وا لێ کردبوو کە بە هەمووجۆرێک و بە هەموو وجودە لە ناعەداڵەتیەکان ژیان و سەردەم تێگەیشتبوو، هەر بۆیەش سەرسەختانە بۆ داد پەروەریی کۆمەڵایەتیش هەوڵی دەدا و لایەنگری چینی هەژار و کەم دەرئامەدەی کۆمەڵگای کوردەواری بوو. لای ئەو خەباتی رزگاریخوازی کاتێک ئامانجەکانی خۆی بە باشی دەپێکی کە تێکەل بێت لەگەڵ خەبات بۆ دابین کردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی.

ژیان و خەباتی دەیان ساڵەی کاک هاشم کەریمی زۆر لەوە پتر هەڵدەگرێ کە من بتوانم لە چەند لاپەرە نوسیندا بینەرخێنم، ئەم چەند دێرەشم هەر وەک ئەمگێکی چووک لە بەرامبەر ئەو خەرواره لە خزمەتەکانی ناوبراودا نووسین، ئەگینا قەڵەمی من لەهەمبەر کەسایەتی ناوبراوەدا کۆڵەوار و دەستەوەستانە.

**لە قوڵایی دڵەوە ریز دەگرم لە خەباتی دەیان ساڵەی رێزدار هاشم کەریمدا**

## ڕێز گرتن

# کاک هاشمی کەریمی لە چوار وێنە دا



**حەسەن حاتەمی**

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی یەکێکی دیکە لە خەباتکارانی نەتەوەکەمان لە وڵاتی ئینگلستان گیرا. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تەشویقی تێکۆشەرانی و ژن و پیاوی خۆی لە هەموو ڕەدەکاندا، و کۆڕیاد گەلێک، ڕێزگرتنی لە تێکۆشەرانی بە زیندووی کردە باو.

بەڕێز کاک هاشمی کەریمی- کە نوێترین کەسە بەخۆشییەوە ڕێزی لێگیراوە- سیمایەکی گەلێک ناسراوی نێو بزووتنەوەی کورد بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی و لەنێو حیزبی دێمۆکرات دا، تایبەتی ترە. ناسیاوی من لە گەڵ ئەو بەڕێزە لە چوار وێنەدا:

### وێنەی یەکەم:

هاوینی ساڵی ١٣٧٣ ی هەتاوی (١٩٩٤) ی زایینی بوو. لە کتێبخانەی گشتیی قەڵای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی ئەوکات، خەریکی کاری ڕۆژانە و ئەرکی حیزبی لە کتێبخانە بووم. لە دەرەوەی وڵات ڕا، دەستەیەک ڕۆژنامە، مانگنامە و وەرزنامەی حیزب و ریکخراوەی سیاسی و ڕووناکبیرییەکانی کوردی و ناکوردی لە دەرەوەی وڵات ڕا هاتبوون. وێڕای دانانیان لەسەر پێش کورسی(میز) یەکانی موتاڵا، چاوێکیشم پێدا دەخشاندن.

بڵاوکراوەی "راه کارگر" لەدوایین لاپەڕەکەیدا، نووسراوەیەکی کورتی وەک سەرنج لە چوارچێوەیەک هاویشتبوو کە سەرنجی

## ڕێز گرتن

منی راکێشا. لە چەند دێر دا، سەبارەت بە وەزعی تێکۆشەرێکی ڕێی ئازادی و هاوڕێیەکی سەردەمێکی خەباتی زۆر سەخت و دژواری ساڵەکانی ١٣٦٠ هاتە ١٣٦٣ ی هەتاویم بوو. خێزان و سێ یا چوار منداڵی هەبوو. هەتا بڵێی مرۆڤێکی باش و هێمن و لەسەرەخۆ و پتر خولیای ئەدەبی راستەقینە (ڕێئالیستی) بوو. ئەو بە خاو و خێزانەوە لە تورکیە را دێپۆرت کرابۆوە. بە زەحمەت و خەرجێکی زۆر، لە دانەوەی بە ئێران خۆیانی قوتار کردبوو. لە قەڵا سەیدە زۆر بەڕێزەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران- ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر- وەخۆی گرتبوو.

دوو، سێ فۆتۆکۆپیم لە نووسراوەکە هەڵگرت کە تێیدا نووسرابوو: کاک پیرۆتی ئەسکەندەری کە دێپۆرتی ئێران کراوەتەوە، تێکۆشەرێکی سیاسییە و گیانی لە مەترسی دایە. ئەوە بەڵگەیەکی باش بوو بۆ ناوبراو و بنەماڵەکەی، کە دەنگیان وەهیچ جێگایەک رانەدەگەیشت. ئەو بەڕێزە لە هەوڵدانی بۆ چوونەدەرەوەی زێد و نیشتیمانی- لەبەر تووش نەبوونی زیندانی و شکەنجە و ئازار- ئەو ڕێگا نابەدڵەی هەڵبژارد و زۆریشی تێدا، زەرەرمەند بوو. ئێستا کە ئەو دێرانە دەنووسم نە کاک پیرۆت لە ژیان دا، ماوە و نە خێزانەکەی بەداخەوە. - یادیان بەڕێز بێ-

چوون بۆ قەڵا سەیدە لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران را هەتا پێش ساڵی ١٣٧٤ بە سەردان و میوانیش زۆر زەحمەت و دژوار بوو. چوونکە "بایکۆت" توندیان لەسەر حدکا - ر.ش. دانابوو.

دوو هاوڕێم کاک رەزا محەممەد ئەمینی و باقی حاجی کەریمی (خاڵە باقی) یادی بەڕێز بێ و من کە ماوەیەک ئەندامی تەشکیلاتی نهێنی بوون و لەگەڵ ئەمر کاک دکتور سادقی شەرفکەندی و سکرتاریا لە پێوەندی دابووین و دوای چەرمەسەری، ماوەیەک زیندانی بوونی من و زەحمەتیکی تاقەت پڕوکێن بووینەوە، پێشمەرگە، ئەوە بڕیارەی حدکامان بەدروست نەدەزانی و بێ پرینسیپپێشمان دەکرد و سەردان و چاوپێکەوتنمان لەگەڵ تێکۆشەرانی حدکا ر.ش. دەکرد. بۆیە فۆتۆکۆپییەکانم هەڵگرت و کەڕەی بەیانی بەرەو رانیە و دواتر قەڵا سەیدە چووم.

لە پرسگەی ڕێبەرایەتی حورمەتێکی زۆریان گرتم و کەسێک لە گەڵم هات بۆ لای کاک پیرۆت. لە گۆڕەپان(مەیدان) نێکی چووکە لە بن دارێکی گەورە چادرێکی بۆری مەیلەوزەرد هەڵدرابوو. چەند کەس دەچوونە نێو چادرەکە، کە یەکێیان کاک پیرۆت بوو. چاومان بە یەک روون بۆوە. بەپەلە مەسەلەکەم لەگەڵ باس کرد و فۆتۆکۆپییەکانم دایە. هەم لە دیتنم زۆر خۆشحاڵ بوو و هەم نووسراوەی فوتۆکۆپییەکانی زۆر بۆ گرینگ و پێویست بوو.

دەمویست بگەڕێمەوە، سێ کەس گەیشتنە لای چادرەکە. کاک پیرۆت منی ناساند. یەکێ لەوان مرۆڤێکی تاڕادەیەک باڵابەرز،

## ڕێز گرتن

بە جلوبەرگی جوانی کوردی، بەخۆوە، سمێلی بە وێنەی گابریل گارسیا مارکزی- نووسەری گەورەی کۆلۆمبایی - ڕەش و پڕ و شۆڕبۆوە، دەمانچەبەقەدەوە، بە گەرمی و پێکەنینەوە، دەستی بەهێز و گەرمی لەنێو دەستم نا و بەخێر هاتنی کردم. ئەو بەڕێز کاک هاشمی کریمی بوو کە بۆ یەکەم جار، ڕووبەروو دەمبینی و قسەم لەگەڵ کرد. ئەو ڕۆژە مامۆستای کلاسێکی سیاسی بوو.

### وێنەی دوویەم:

بەهاری ساڵی ١٣٧٦ ی هەتاوی بوو. یەکەمین بەهاری یەکگرتنەوەی حدکا و حدکا(ر.ش.) بوو. ئەو یەکگرتنەوەیە، بە یەکبوونی بنەماڵەی دێموکڕات و تێکەڵبوونەوەش ناوی دەبرێ. لە قەڵای دێموکرات لە بەشی ئامووزشی حیزب دەورەیەکی سەرەتایی سیاسی یا کادر بەڕێوەدەچوو. یەکەمین دەورە بوو کە حدکای – تا ڕادەیەک یەکگرتوو- لە یەک حیزب و پێکەوە لەو دەوریەدا، بەشدار بوون. کاک سمایلی بازیار بەرپرسی کۆمیتەی ئامووزش بوو. سەرپەرستی بەڕێوەچوونی کلاسەکانی دەورە بووم. پێویست بوو لەگەڵ ژمارەیک مامۆستا بۆ وانە ئەسڵی و کۆنفرانسەکانی خولەکە قسە بکەم.

ئەمجار بە پێچەوانەی وێنەی یەکەم، لەگەڵ کاک هاشم کەریمی نەتەنیا ئاشنا بووین، بەڵکوو و تا ڕادەیەکی زۆر هاوبیری فیکری جیا لە ڕەهەندی بەرنامە و پێڕەوی حیزبیش بووین و ناسیاومان پتر بوو. لە ماوەیەکی کەمی پێکەوە ئاخاوتنەدا، هەستم دەکرد لەمێژساڵە دیناسم. لەگەڵم باس کرد و ئەوەیش هەستی خۆی هەروا، دەربڕی.

هەرچەند خەریکی ئامادەکاری بۆ چوونی دەرەوەی زید و نیشتیمان بوو؛ بەڵام لە کۆنفرانسێکی ئەم دەوریەدا، بەشداری چالاکانەی هەبوو. کاک هاشم بەهۆی متاڵای زۆر و شارەزایی لەسەر چەپ و ئیسلامی سیاسیی، باسێکی چڕوپڕی لەسەر چەپ و ئاڵوگۆڕەکانی جیهان کرد. ئەو دەورەیە یەکێک لەبەنێوەرۆکترین و پڕ باسترین خولەکانی ئامووزشی دوای یەکبوونەوەی دێمۆکڕاتەکان بوو. زۆری نەخایاند کاک هاشم و بنەماڵە بەڕێزەکەی لە باشووری کوردستانەوە بەرەو هەندەران ڕۆیشتن وپاشان لە وڵاتی ئینگلیستان نیشتەجێ بوون.

### وێنەی سێیەم:

ساڵی ٢٠٠٩ ی زایینی یادی ٢٠ ساڵی کارەساتی ویەن لە گۆرەپانێکی نزیک ناوەندی پارلمانی یەکیەتیی ئورووپا لە برۆکسێل - پێتەختی بلژیک- دەکرایەوە. ئەو کارەساتەی کە تێیدا، دکتور قاسملوو، کاک عەبدوڵلای قادری ئازەر و دکتور



سەرچاوە Serchawe

## ڕێز گرتن

فازل رەسووڵ لەکاتی وتووێژ بۆ چارەسەری پرسی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی کە بە ئەمنییەتی - تێرۆریستی دەرچوون، تێرۆر کران و بە کاروانی نەمرانی رێی ئازادی و مافی نەتەویی کورد پەیوەست بوون.

ئێمە زیاتر لە ٥٠ کەس لەوڵاتەکانی سوئید و فینلەند را بە ئوتوبووس و ماشێنی جۆری دیکە - پاش ٢٥ سەعات رێگا بڕین- پێش دەست پێکردنی ڕێوڕەسمەکە گەیشتینە شوێنی مەبەست. کەسانی دیکەش بە فڕۆکە و ماشین لە وڵاتەکانی دیکەی ئوروپایی و دوورتریش ڕا هاتبوون. نزیک ٢٠٠ کەس لە هاوڕێیان و دۆستانی حیزبی و ناحیزبی و ئەمگناسانی رێبازی شەهیدانی نەتەوەیی و نزیک ١٠٠ کەس لە میوان و کەسایەتییە کورد و ناکوردەکان، لە گۆرەپانەکەدا، ئامادە بوون.

یەکێک لە ئامادەبوان کاک هاشمی کەریمی بوو. ئەو لەگەڵ خانمی کارۆل پروونهووبێر نووسەری کتێبێک سەبارەت بە د. قاسملوو بە هیممەتی و یارمەتی کاک مەولوود سوارە لە بریتانیا را هاتبوون. بۆ جاری سێیەم دیدارمان نوێ کردەوە. ئەوجار هەردووکمان پەرپەوەی هەندران بووین. بەڵام لە خەبات و هەوڵدان چالاک و دڵ پڕ لە هیوا وەک زۆر کەس لە تاراوگە تێدەکۆشاین.

### وێنەی چوارەم:

هاوینی ٢٠١٦، لە ئوپسالای سوئێد و لەکاتی ناشتنی یاد بەڕێز حاجی رئووفی کەریمی برا گەورەی دا، بە خزمەت کاک هاشمی کەریمی گەیشتمەوە. لەقسەکانی سەرگۆڕی برا لەدەستچووەکەی باسی کرد کە: ئەو برایەی لەخۆبوردوویەکی زۆری نیشان داوە و پشتوانی لە بزووتنەوەی کورد بە بڕوایەکی پتەو، بەردوام و ئارام، بە نەدیاری کردوە.

ئاماژەی کاک هاشم بە شتێکی ژیان و بەسەرهاتی کاک رئوفی کۆچ کردووی زۆر جێی داخ، جەوهەرەکەی ئەوە بوو کە فیداکاری ئەو بۆ بنەماڵەکەی لەبواری ئابووری و ژیان و گوزرانیان و پشتگیری کاک هاشم لە خوێندنی زانستگایی لە تاران کە ئەوکات زۆر دژوارتر و سەخت تر لە ئێستا بوو. هەروەها زیندان، شکەنجە، ئاواریی و تاراوگە نشینی مامە رئوف لەوپێناو ئازادی نەوەیی؛ بەشێکی بچووک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو مرۆڤە خۆنەویستە بوو. - یادی بەڕێز بێ.

هەروەها لە رۆژانی پرسە و سەرخۆشی مامە رئوفدا - کە خەڵکێکی زۆر بە پەرۆشەوە بەشداری بوون- کاک کەماڵ کەریمیش لە کوردستان را هاتبوو بۆ ئوبسالا. بە هیممەتی کاک سەعید بیگ زادە و هاوڕێی مامۆستا ئاشق لە ئوپسالای سوئێد جاریکی دیکەش، لەگەڵ کاک هاشم کەریمی دیدارمان نوێ کردوە و چاومان بە کاک کەمالیش روون بۆوە.



سەرچاوە Serchawe

# ڕێز گرتن

ئەمجارە لە ماوەیەکی کورت دا، کە کەمێک یاد و بیرەوەرییەکانی رابردوو لە کاتی لاوی کاک سەعید بیگ زادە و سەفەری بۆ ناوچەی بانە هاتنە گۆڕێ، کاریگەریەکانی کاک هاشم و لەخۆ بردوویەکانی زینەب خانمی خیزانی و ئۆگری لاوان و کادر و پێشمەرگەکانی حیزب، لەگەڵ ئەو بنەماڵە بەڕێزە، زۆری جێگای سەرنج بوون، بۆمن. ئەو کردەوانە کاتێک تەمەن و زەمان مەودا بدەن، لە رۆژهەڵاتی کوردستان جارێکی دیکە بەشێوەی نوێ زیندوو بنەوە؛ زۆر بەسوود دەبن.

بیری ئازادیخوازی و ماف ویستی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و لانی کەم لە ماوەی دوو تەمەنی ٥٧ ساڵەی پەهلەوییەکان و نزیک ٤٠ ساڵی کوماری ئیسلامیدا، پتر لە سێ وەچە و نەسل لەئارادا، بوە و هەتا گەیشتن بە سەربەستیش دریژی دەبێ.


کاک هاشم کەریمی کە کەسێکی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو لە کۆڕی سەختی خەباتی دوو ریژیم سەرەڕۆی پەهلەوی دوویەم و کۆماری ئیسلامی دا، خزمەتی تەشکیلاتی، بیر و قەڵەم و مامۆستایەتی ئەنجام داوە و بەرپرسایەتیی هەرە سەرووی لە حیزبێکی گەورەی هەڵقوڵانی نێو هەناوی کۆمەڵگەکەمان واتا حیزبی دێموکراتی کوردستان بوە، هەم زۆر جێی شانازییە و هەم وانەی زۆرن بۆ لێ فێربوون، پێیە.

بەڕێز کاک هاشم کەریمی، پیری بە تەدبیری نزیک ٦٠ ساڵ خەباتە. تەمەنی خۆی، زینب خانمی رەسووڵ پەنای خێزانی و ئەولادەکانیا، بەڕێزان: بەیان خانم، سۆران، گۆران و بابان درێژ و هەموویان سڵامەت، و بە ئاواتەکانیان شاد بن.

بەڕێزەوە: حەسەن حاتەمی

# ڕێز گرتن

## بۆ کاک هاشمی کەریمی زۆر بەرێز



**مەولوود سوارە**

لەسەرەتادا سوپاس بۆ برای بەرێزم کاک رەحمان نەقشی کە ئەم چەند دێر رێزلێنانەی من سەبارەت بەهاورێی بەرێزمان کاک هاشم کەریمی لە نامیلکەی رێزلێنان دا گونجاند.

دێسەمبەری سالی ١٩٨١ هەتاوی ئێمە پێشمەرگەکانی هێزی شەهید ئاوارە بەمەئموریەت نێردرابووینە ناوچەی بانە، لەگەڵ پێشمەرگەکانی هێزی شەهید پێشەوا بۆ یارمەتیدانی دانی هێزی شەهیدانی وێردی. بەداخەوە هەرلەو مەئموریەتەدا سەروان ئەحمەد جاوید فەر ناسراو بە (کاک هەژار) لە ١٢ی دێسەمبەری ١٩٨١ شەهید بوو، من لەو مەئموریەتەدا لەگەڵ بەرێز کاک هاشم کەریمی ئاشنا بووم. ئەو کات بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی بانە بوو، کاک هاشم کلاوێکی گۆرباچۆفی لەسەرنابوو. لەنێو ئاپۆرای پێشمەرگەدا کە لەدەوری کۆببونەوە، هاتە لامان و ئێمەی بەخێرهاتن کرد، لەو ماوەیەدا کە ئێمە دێی زێویەمان بۆ دیاری کراو و لەوێ نیشتەجێ بووین. هەرلەو مەئموریەتەدا چەند جارێکی تریش کاک هاشمم لە کۆخان و سیاومە و چەند شوێنیکی تری بانە دیتەوە. هۆگری و خۆشەویستیی زۆری پێشمەرگەو خەڵک بەنیسبەت بەرێزیان، زیاتر تامەزرۆی ناسین و نیزیکایەتی لەو مرۆڤە خۆشەویستەی کردم. بەلام دوای ئەو جارە تا ماوەیەکی زۆر، ئیتر من کاک هاشمم نەدیتەوە. تا ئەوەی چەند سال دواتر سەردانی دەفتەری سیاسیم لە گەورەدێ کردو لەوێ جارێکیتر بەخزمەتیان گەیشتمەوە. کاک هاشم ماوەیەک بەرپرسی کۆمیسیونی کۆمەلایەتی حیزب بوو و بەرپرسی منیش بوو و هەر لەژێر نەزارەتی بەرێزیشیان پلەی تشکیلاتیم بەرز کرایەوەو کرام بە کادری درەجە چوار.

## ڕێز گرتن

لەهەموو ئەو ماوەیە کە من بەرێزیانم ناسیوە و لەخزمەتیان دابووم تەنیا دەتوانم بڵێم  کە کەم کەسم وەک بەرێزیان خۆنەویست،خەڵکی و خاکی، دڵسۆزو نیشتیمان پەروەر دیتوەو ناسیوە. لەکاری سیاسی و بەرپرسایەتیەکانی دا لەحیزبی دێموکرات تا ئەو جێگایەی بزانم و بیستبێتم خاوەنی قسەو نەزەرو رەئی خۆی بووە، ئەو وێرای باوەری قوولی پتەوی بە ئازادی و بەرابەریی مرۆڤەکان هەبوو. ئەگەر ڕۆژێک دەستی رۆیشتبایە و توانای بووبا، پێم وایە نەیدەهێشت هیچ زۆڵم و زۆرێک لەسەر گۆیی ئەو زەمینە بمێنێ. کاک هاشم جێگای رێزە و خۆشەویستی هەموو دۆست و ئاشنایانیەتی و پێویستە و دەبێ هەموو ئەو خۆشەیستانەی کە لەخزمەت بەگەل و نیشتیمانەکەیاندا تێکۆشاون و زەحمەتیان کێشاوە رێزیان لێبگیردرێت.

من هەرچەند لەبۆنەی رێزلێنانەکە، کە رۆژی ٨ی جولای ٢٠١٧ لە لەندەن لەلایەن بنکەی رۆژهەلاتی کوردستان پێکهات، بەنوێنەرایەتی حیزب لەبریتانیا سوپاس و قەدردانیان بووم، لە کۆبونەوەکەش دا هەروەک عەرزی بەشداربووانم کرد و لێرەشەوە دووپاتی دەکەمەوە کە کاک هاشم راستە ملک و ماڵی حیزبی دێموکراتە بەڵام  خۆشەویست و جێگای رێزی هەموو خەلکی کوردستان و بەتایبەت رۆژهەلاتی کوردستانە. خاتوو زێنەبی هاوسەری یارو پشتیوانی کاک هاشم بووە و لەشار و شاخ کێوەکانی کوردستان کاک هاشمی بەتەنیا بەجێ نەهێشتوەو جێگای خۆیەتی سوپاسی بکەین و ئیجازەش دەخوازم هەرلێرەوە سوپاس و پێزانینی خۆم پێشکەشی مامۆستا و گەورەکانم هەریەک لەبەرێزان کاک حەسەن رەستگار و مامۆستا عبداللە حەسەن زادە و سمایل ئاغای ئاغا مەجیدی بکەم کە بەدەنگمەوە هاتن و بانگێشتنەکەیان قبول کردم و لە رێورەسمەکەدا بەشدارییان کرد.

**هیوای لەشساغی و سەلامەتی بۆ کاک هاشم ئاواتە خوازم.**

## هاشم کەریمی مامۆستایەک بۆ هەموو وەرزەکان



هەمزە ئاگوشی

بەدڵنیاییەوە نە ئەو توانایە لە خۆمدا شک دەبەم و نە لەو قەڵەمە کولەی خۆم رادەبینم کە بێم لەسەر کەسایەتییەکی رۆشنبیر و سیاسی وەک کاک هاشم کەریمی کە بەشی هەرەزۆری تەمەنی خۆی خستووەتە خزمەت نەتەوەکەی و بزووتنەوە رەواکە، بدوێم و بنووسم و مافی خۆی پێ بدەم، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە منیش یەکێک لەو کەسانە بوومە کە شانازی ئەوەم پێ براوە ماوەی چەند ساڵێک لە رادیۆ و ئینتشاراتی حیزبی دێموکرات لە خزمەتییاندا بم و لەو ئۆرگانانەی کە جەنابیان بەرپرسی بوونە، هاوکار بین و لە نزیکەوە ئەو مرۆڤە مەزنە لە گۆڕەپانی کردەوە و کاری گرووپیدا بناسم و لێی فێر بم، کۆمەڵێک تایبەتمەندیی جەنابیان دەخەمەڕوو.

ئەوەی کاک هاشم لە زۆرێک لە بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی دیکە جیا دەکاتەوە، هەڵسوکەوتی دۆستانە و هاوڕێیانەیە لەگەڵ خوار خۆی و ئەو ستاف و ئۆرگانەی کە ئەو لێی بەرپرسیارە. بە بێ لەبەرچاوگرتنی پلەی تەشکیلاتی و پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەمەن و...، جۆرێک پەیوەندییەکانی خۆی دەگەڵ ئەندامان و تاکەکانی ناو ئەو ئۆرگانەکە رێک دەخات و وا خۆی دەنوێنێ، کە زیاتر وەک هاوڕێیەکی نزیک دەردەکەوێ هەتا بەرپرسێک و بەڕێوەبەرێک و بڕیاردەرێک. هەر ئەوەش خاڵێکی ئەرێنی بووە کە دەوروبەر خۆشیان بوێ و هاوکاری بن و لە بەرپرسایەتیدا هەمیشە وەک بەرپرسێکی سەرکەوتوو باسی لێوە بکرێ.

کاک هاشم لە هەر ئۆرگانێکدا کاری کردبێ، ئەو ئۆرگانەی خۆش ویستووە و هەموو هەوڵی ئەوە بووە کە کەسایەتی بدات



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێز گرتن

بە ستافە کارییەکەی و پشتیان بگرێ و هاوکارییان بکات و پێگەی تایبەتیان پێ ببەخشێ.

مامۆستایەکی دڵسۆز بۆ دەوروبەر و دوور لە چاوچنۆکی، هەموو هەوڵی ئەوەیە ئەوەی لە هەگبەیدایە بیگوازێتەوە بۆ دەوروبەر و فێر بکا و ئاکام وەرگرێتەوە.

**کاک هاشم کەریمی لە چەند خاڵدا:**

سیاسییەکی راستەقینە، پڕاوپڕ لە زانیاری. سادق، راستگۆ، دڵسۆز، سادە و خاکەرایی. خۆنەویست، ئەدیب، خاوەن بۆچوون، هەژاردۆست، کوردپەروەر، مەجلیس خۆش، رەفیقدۆست و خەڵکدۆست، رێبەرێک و شۆڕشگێڕێک کە هەمیشە قسە و کردەوەی یەک بووە و ئەوەی باوەڕی پێی هەبووە، بە کردەوە هەنگاوی بۆ هەڵگرتووە.

**هاشم کەریمی، مامۆستایەک بۆ هەموو وەرزەکان و هەموو قۆناغەکانی خەبات**

**تەمەندرێژی و ساغی و سڵامەتی بۆ کاک هاشمی بەڕێز و مامۆستام خوازیارم.**



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێز گرتن

## بیرەوەرێکی کورت



**جەمال بانەیی (کەریمی)**

٢ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی کاتیک کە خەڵکی بانە خۆیان بۆ بەرێوەبردنی پشووی نەورۆزی ئامادە کردبوو. خەڵکێکی زۆر لە شارەکانی ترەوە بۆ پشوی نەوروزی هاتبوونە بانە.. لەو روژەیا. دەستەیەک بە بێ خەبەری مەسئولی کومیتەێ بانە کە بەرێز کاک هاشم کەریمی بانە بوو هاتبوونە ناو شاری بانە. بۆ ماڵی ئەندامیکی حیزب بە ناوی عەزیز موستەفازادە. کاتێک چاوساخەکان ئەیان هینن ٣ کەسبوون. شەهید مەلا قایەر ویردی لە گەل دوو هاورێ تری. عەزیز لە ماڵەوە نابیت. چاوساخەکان وەکو سەلیمە کەچەل و بایزو رەحیم کەندەلی. کە ئەمانە جاشی عەبدولاخان شەهیدی و سەر بە ساواک بوون. عەزیز بیخەبەر لەوە ئەمانە پیاوی ساواکن. وەکو ئەندامی حیزب کاری پی ئەسپیردران. لە لایەکە تریشەوە. خزمی ژنەکەی بوون. کاتیک خەبەر بە کاک هاشم ئەیەن. کار لە کار ترازابوو، نێوەرۆی ٢ی خاکەلێوە ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی کە بازار چول بوو. خەڵک لە ماڵەوە لە دەوری یەک کۆببونەوە. بۆ نان خواردن. لە ناکاو دەنگی تەقەی تفنگی بە کریگیراوانی جاش و ساواک. ئاسمانی شاری تەنیەوە. هەر کەسە لە ماڵەوە بەرەو دەنگی تەقەکان بەری ئەکەوتن. ئەو گەرەکە پڕبوو لە جاش و پولیس و پیاوەکانی ساواک. منیان نارد بۆ خەبەر هینانەوە، کەس نەی ئەتوانی نزیک بیتەوە. من بە هۆی ئەوەی کە چەن ماڵ لەوانە خزم بووم لە کولانەکەیا. خۆم نزیک کردەوە. بە هۆی چەن پولیسیک کە ناسیاو بووم خەبەریکم دەست کەوت. کاتیک گەرامەوە بو ماڵەوە باوکم کە لە شیرکەتی نەوت کاری ئەکرد، لە ناو کۆلانی ماڵی خۆمان منی بینی و وتی کوا هاشم. چوینە سەرەوە و روی لە کاک هاشم کرد و وتی ئەوانە کیین هاتوون. کاک هاشم باسی کردن. بەڵام نەی زانیبوو چون هاتوون بە بی ئیجازەی ئەو. باوکم وتی هەستە لە گەل جەمال برو. بۆ کویت ئەبات بچن. پیداگری کرد کە هیچ نابیت. ئەو شەوە لە ماڵەوە ماینەوە. سەعات ١١ی شەو بوو وتی جەمال بچو عەبدوڵا مەولەویم بۆ بانگ کە. منیش چونکو کاری نهینی زۆرم بۆ باوکم و مامەکانم کردبوو رۆیشتم چەن برادەریکم ئاگادار کردەوە.

## ڕێز گرتن

و چۆم عەبدوڵای مەولەوی كە ئەندامیكی فەعالی حیزب بوو، هینامان بردمە بۆ ئەو خانوانەی عەبدولای زیایی كە تازە خەریكی دروست كردن بوو، دوایی بۆ بە تەلەفون خانە، لای ماڵی خۆمان. چوین كاك هاشم مان هێنا و لە گەڵ عەبدوڵا ماوەیك بە یەكەوە راوێژیان كرد .. ئەو نهینیەی كە لە بەینیانا بوو، بە منیان ووت. كە ئاگادار بە، ئەگەر كەوتنە خەتەر لە كوی یەكتر بگرنەوە. نهینیەكە، ناوی مەلایەك بوو لە میشەروی كوردستان عیراق كە هەڵسوراوی حیزبی بوو، بۆ رۆژی دوایی باوكم هاتەوە وتی كە ئەبیت برویت. بتگرن ئیعدام ئەكریت. لەو شەڕەی دوینی مەلا قادر شەهید بون. بەڵام یەكیان بە بریندادری رای كردووە. حەتمەن بە تۆش ئەزانن. هەر پیداگری ئەكرد. باوكم رەئیس حمایەت لە زیندانیان بانە بوو، بە بیانوی سەردانی شارەبانی كردبوو. رەئیس شارەبانی و كەلانتەر هەر دوكیان هاوڕێ زۆر نزیكی باوكم بوون. هەر دوكیان تودەیی بوو. بە باوكمیان وتبوو ئەگەر ئەزانی هاشم لە كوییە، بلێ خۆی حەشار بات. بەیانی رۆژی ٥ی خاكەلێوە بوو، بە دایكمی ووت براژن ئەچم بۆ حەمام خاولی و جلم بۆ دانی، حەمام خدری نزیك ماڵمان بوو، لە گەلی چوم و كردمە ناو نمرەی حەمامەكەو ماڵی پوورم گوڵەباخ و میرزا عەبدوڵا زیایی كە دەوریكی زۆر كاریگەری هەبوو، خۆیان كرد بە ناو حەمامەكەیا كوا هاشم و ئەگریا. بە پەلە هاتە دەرەوە، بۆ ماڵی میرزا عەبدوڵا. ساواك و شارەبانی و جاش دەوری مالی ئیمەیان گرتبوو، ماڵیان بە دەردیك بردبوو، كە مەپرسن. بە پیشەی خۆیان هەموو ساڵێك چەن جار ماڵ ئیمەیان بەو دەردە ئەبرد، بری نوسراوە و كتیبیان لە گەڵ خۆیان برد و رۆیشتن. بەڵام وەكو گورگ چەن پاسەبانیك وەكو جەلال كەمالی عەبدولخالەق ئەحمەدزادە، عوسمان سەلاحی و مەحمود ئەولا قەساب، سالە براخاس و،... بۆ چەند رۆژ لە دەوری ماڵی ئێمە حەرەس بوون. شەو داهات و لە سەر داوای باوكم و میرزا عەبدوڵا زیایی، گەنجانی تایفە كۆكرانەوە و هەركەسە لە سەربانك یان لە كۆلانیك حەرسیات بگرن. منیش چووم و كاك هاشم برد بۆ ماڵی حاجی عوسمان عەباسیان. كە ماڵەكەیان لە بانەكون بوو،. دوو رۆژ حەرەسیاتمان بە دەوری ماڵەكەوە گرت. بە بێ ئەوەی كەس بزانیت.

شەوی حەوتەم بوو. ساواك پشتی شكا بوو. كە نەیان ئەزانی لە كوی حەشارمان داوە. تەنها خەبەرەكان. لە لایەن. رەئیس شارەبانی و كەلانتەری شارەوە بە باوكم ئەدران. ئەو شەوە. میرزا عەبدوڵا زیایی. هات و وتی ئەبیت ئەم شەو بروات. پیاویك كە كاری بۆ میرزا عەبدوڵا ئەكرد. ناوی دەرویش حەسەن زارعیان بوو، گەنجانی تایفەكە هەموی لە دەوری شار بڵاوەیان پیكرا، هەتا ئەگەیشتە بناری كیوی بابوس. كاتیك كە كاك هاشم گەیشتە بناری ترخاناوا. كورانی تایفە هەمویان گەرانەوە. بۆ ناو شار و كاك هاشم ئەو شەوە گەیندرایە. ئەحماوا. سەر بە پینجوین. كە ماڵی پوورم لە وی بوو .لە دەست ساواك نەجاتی بوو. بە دوای رویشتنی. لە لایەن چەند خۆفروشیك... زووریان بۆ دایكم هێنابوو كە تۆ زانیوتە بە ساواكت نەوتووە. كە دوایی ناوی كابرامان زانی. بە داخەوە ئینسانی خوفروش زوور بوون. دوای چەن سال لە دەربەدەری لە كوردستانی عێراق لە كاتی راپەرینی گەلانی ئێران. گەرایەوە.

## ڕێز گرتن

## رێزلێنانی

**بنکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لەندن**

**لە بەرێز کاک هاشم کەریمی**

**٨ی جووڵای ٢٠١٧**

### لە بریتانیا کۆڕێک بۆ رێز گرتن لە کەسایەتی سیاسیی کورد هاشم کەریمی بەڕێوە چوو

ڕێکەوتی ٨ی جولای ٢٠١٧ بەدەست پێشخەریی بنکەی رۆژهەلاتی کوردستان کۆڕێک لە لەندەن بۆ کەسایەتی سیاسی و ئەندامی پێشووی رێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان کاک هاشم کەریمی بەرێوەچوو.

ئەم کۆرە سەرەتا بەدەقیقەیەک بێدەنگی بۆ یادی شەهیدانی رێگای رزگاری کورد و کوردستان دەستی پێکرد، دواتر لە لایەن محەممەد خاکی وەک یەکێک لەو کەسانەی کە پێشنیار و بیرۆکەی ئەم رێزگرتنەی بەو رێکخراوەیە کردبوو وتارێک پێشکەش کرا.

پاشان لە ڕێگەی گرتەی ڤیدیۆیی وتاری چەند هاورێی کاک هاشم کە نەیانتوانیبوو بەشدار بن و لە رێگای دوورەوە لەسەر ژیان و خەباتی ئەم تێکۆشەرە قسەو لێدوانیان دابوو، بڵاو کرایەوە.

لە درێژە دا چیمەن رەحیمی وتاری بنەماڵەی لەسەر ژیان و خەباتی کاک هاشم پێشکەش کرد،

بۆ نێو ئاخنی بەرنامەکە چەند پارچە مۆسیقا لەلایەن هونەرمەند ئاوات ئەفروزیەوە پێشکەش کرا.

هەریەک لەبەرێزان مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە و کاک حەسەن رەستگار لەسەر تێکۆشان و خەبات و هێندێک لەبیرەوەریەکانیان دەگەل کاک هاشم لە رۆژانی سەختی خەبات بۆ بەشداربووان گێرایەوە.

# ڕێز گرتن

لە بەشێکی تری بەرنامەکەدا نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبریتانیا مەولوود سوارە بەنوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات سوپاس و قەدردانی لە بنکەی رۆژهەلاتی کوردستان کرد و نامەی سوپاس و پێزانینی دەفتەری سیاسیی حدک ی پێشکەشی خاتوو حەیات تەوەکولی یەکێک لەئەندامانی کۆمیتە و بەڕێوەبەری بەرنامەکە کرد.

نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشیکی دیکەی قسەکانی دا سوپاسی خاتوو زێنەب رەسوول پەنا هاوسەری کاک هاشم و منداڵەکانی، بەیان، گۆران و سۆران و بابان کرد کە هەمیشە پاڵپشت و هاندەری کاک هاشم بوون و لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە چەپکە گوڵێک بە نیشانەی ڕێزدانان پێشکەشی خاتوو زێنەب کرا، لەبەشێکی تری بەرنامەکە نوێنەری حدک داوای لەبەرێز کاک حەسەن رەستگار کرد کە لوحەی ڕێزلێنانی دەفتەری سیاسی پێشکەشی کاک هاشم بکات، پاشان بەنوێنەرایەتی کۆمیتەی حدک لەدەرەوەی ولات مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە داوای لێکرا کە لۆحی ئەم کومیتەیە پێشکەشی بەرێزیان بکات.

دوابەدوای ئەمە خاتوو زێنب سوپاس و ڕێزی خۆی و بنەماڵەی پێشکەشی بەشداربووان و هەروەها دۆستان کرد بۆ ئەم ڕێز لێنانە.

لە کۆتایی بەرنامەکەدا بەرێز کاک هاشم وتەیەکی لە پیوەندی لەگەل ئەم ڕێزلێنان و هەروەها سوپاس و پێزانینی خۆی و بنەماڵەی پێشکەشی بەشدار بووان و دۆستانی کرد.

جێگای ئاماژەیە کە چەن کەسی تری دۆستی کاک هاشم لەسەر خەبات و تێکۆشانی بەرێزیان قسەیان کردو و ڕێز و حورمەتی خۆیان بۆ بەرێزیان دووپات کردەوە.

## ڕێز گرتن

### ئەوانەی خوارەوە بەشێکن لەم وتارانە کە بۆ ئەم ڕێورەسمە ناردرابوون:

---

### وتەکانی کاک جەلیل گادانی کەسایەتی سیاسی دیاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان



کاک هاشم یەکێک لە دۆستانی هەرە خۆشەویستی منە کە ساڵیانێکی دوور و درێژیە کە ئەو ئاشنایەتی و دۆستایەتیمان کە پیداکردوە بە خۆشیەوە هەتا ئێستا نەپساوەتەوە.

کاک هاشم لە سەرتادا لە ژێر کارێگەری برا گەورەی خۆی کاک محەممەدی کەریمی کە لە بانە لە نیو دۆستاندا بە قاقا ناسراوە. و لە بانە بەوی ناوبانگی دەرکردوە و لە وێرا بۆچوونی سیاسی و هەستی نەتەوەیی بۆ پەیدا بووە و ئەو هەستە ڕۆژ بە ڕۆژ گەشەی کردووە تا لە سنی سەروەتردا خۆی نیشان داوە.

کاک هاشم وێرای ئەوەی هەستی نەتەوەی زۆر بووە، لە سەرەتادا موتالیعەی سیاسیشی زۆر بووە و زۆر عەلاقەمەند بووە بە موتالیعەی کتیبەکانی لایەنی چەپ و دەحەقیقەتدا بەرەو ئەوە رویشتووە کە بەو نەتیجە بگا کە ئاخۆ کام خەت باشترە و کام خەت هەڵدەبژێرێ. لە ئاخریداو سەرەتاکانی ٤٠ کانەوە پەیوەندی رەسمی بە حیزبی دیموکراتەوە دەکا و دوایی دەبێتە ئەندامی ئەم حیزبە.

لە بزووتنەوەی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاوی دا بەشێک لە مامۆستایان تەبعید دەکران، کاک هاشمیش یەکێک لەو مامۆستایانە بووە کە لە بانە دوور خراوەتەوە، بەڵام بە فورسەتی زانیوە لەو هەل و مەرجەی کەلک وەرگرتووە کردۆە و بەرەو خۆیندنی



سەرچاوە
Serchawe

# ڕێز گرتن

سەرەوەتر ڕۆیشتووە و حقوقی سیاسی تەواو کردۆە و کە حقوقی سیاسی تەواو کردوو لە حەقیقەتدا لە فکری خۆیدا بۆی بۆتە شتیکی هەمیشەیی و دەکرێ بلێین لەوەتی بیری سیاسی پەیدا کردووە قەت لە سیاسەت جیا نەبۆتەوە، کاک هاشم و من لە تاران بەتایبەتی تێکەلاویمان زۆر لە گەڵ یەکتر هەبوو، ئەوکاتەی کە هەم خوێندکار بوو هەم ماموستا بوو، ئاشنایەتی زیاترم لەگەڵ پەیداکرد و هەستم کرد کە ئینسانێکی سادقە باوەری بە بۆچوونەکانی خویەتی، ئینسانێکی بە مەعنای واقع نەتەوەیی بوو کە وەدوای کەسبی حەق و حقوقی رەوای نەتەوەکەی دەکەوێ. ئیرتباتاتمان زۆر نیزیک بوو و هاتوو چۆی بنەماڵەیمان هەبوو، تا وەکوو لە سالی ١٣٥٠ هەتاوی وەزعیتیک لە بانە هاتە پێش کە بە داخەوە لەو رووداوە ناخۆشەدا کە لە نەتیجەی خەیانەتی کەسانیک کە تا ئیستاش بۆ شەخسی من مەعلووم نین، لەم کاتەدا شەهید قادر وێردی لە گەل چەند کەسیک هاتبوونەوە بۆ کاری سیاسی تەشکیلاتی، بەڵام لەو چووبوون و تا ئەو جیگایە لە بیرمە لە ماڵی شەهید عەزیز مستەفازادەدا تووشی شەر بوون و لە وێ مەلا قادر شەهید دەبی و برادەرانی دیکەش دەگیرێن، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوە کە کاک هاشم لە گەل ئەوان پەیوەندی هەبوو. و وەک لە بیرم بێ کاک هاشم هەم بۆ نەوروز چوبووە و هەم بۆ گرتنی پەیوەندی تەشکیلاتی، زۆر نیگران دەبی کە ئەویش بگێرە و بەلایەکی بە سەر بێ. لەو کاتەوە پەرەوازەی باشووری کوردستان دەبێ، لە کوردستانی عێراق لە گەڵ هاوڕێانی حیزبی پێوەند پەیدا دەکاتەوە و دەگەڵیان تێکەڵ دەبێ. چون کورێکی باسەواد و لە عەینی حاڵدا ئەهلی موتالیعە و ئەهلی نووسین بوو زۆر زوو دەبێتە جێ متمانە و دواتر دەبیتە ئەندامی رێبەری حیزب.

کاک هاشم کە لە کوردستانی عێراق ماوەیکی دوورودرێژ ماوەتەوە لە لای دەرو دراسە و برادەرانی حیزبیەوە بە نیوی کاک حەسەن ناسراوە.

کاک هاشم نە تەنیا لە نیو حیزبدا چالاکی و فەعالیتی هەبوو بەڵکوو لە گەڵ بەشێکی زۆر لە روشبیران و چالاکانی کوردستانی عێراقیش تێکەڵاوی پەیدادەکا و لە نەزەر ئەوانیشەوە ئینسانێکی زۆر خۆشەویست بووە.

با ئەوەشم لە بیر نەچی کاک هاشم پێش ئەوەی کە قاچاخ بێ نامەیەکی بۆ هاتبوو کە لەویدا ئیشارە بە منیش کرابوو، هێنای نامەکە من بۆم خۆێندەوە ئەو دەم کاک هاشم ئەوجۆرەی بۆ خۆی دیگوت کوردیکەی زۆر تەواو نەبوو، خەتەکەم ناسییەوە، رەنگە کاک هاشم ئێستاش لە بێری بێت خەتەکە خەتی رەوانشاد کەریم حیسامی بوو کە ئەمن پیشتر چەند ساڵێک کارم لە گەڵ کرد بوو، نیوی موستەعاریشم هەر لە بێر بوو کووتم ئەوە خەتی عەونێە، کووتی عەونی کێ یە گووتم ئەوە دەبی خەتی کاک کەریمی حیسامی بێت، کووتی وەلاهی چاکت ئەو نیوە لە بێر ماوە، کووتم ئەوە نێوی خوازراوی کاک کەریم حیسامی بوو. نامەکەمان خۆێندەوە جوابەکەمان نوسیەوە بۆ ناردنەوە. ئیتر لەو دەمەوە ئێمە کەم و

# ڕێز گرتن

زۆر ئاگامـان لە یەکتـر هەبـوو و ئیرتبـاتمـان بە یەکەوە هەبـووو لە گەڵ بـرادەران لە ریگەی کـاک هاشـمەوە پێوەنـدیمان هەبوو.

هەتا کاک هاشم کە بە داخەوە مەجبوور بوو بانە تەرک کا و نەیەتەوە تـاران و چوو بـۆ عیـراق، بە مانـای واقیع هەم لە نێوهاوڕێـانی حیزبیـدا کە زۆر بەر لە کـاک هاشـم لەوێ بـوون هەم لە نیـو کـۆمەڵێکی بەرچـاو لە روشـنبیرانی باشـووری کوردستان جێگای خۆی کردبووە . ئێستاش زۆر کەس لە کوردستانی عێراق لێ دەپرسن و یـادی دەکەن و پێیـان خۆشە ئەگەر مومکین بێ بیبێنن یان لە نووسراوەکانی کەڵک وەرگرن. کاک هاشم شەریفانە کار و ئەرکی خۆی بەجێگەیاند تـا ئەوکـاتەی کە ئینقلاب کرا و هاوڕیانی حیزبی چەند کەسیک پیشترو چەند کەسیک دواتر گەرانەوە.

و وەختیک گەرانەوە ئیستا ساواک و حکومەت شا هەر لە سەر کار بوون، بەلام لە نێو خۆیانـدا کـارە کانیـان دابەش کردبـوو کە کاک هاشم وەبەر سنە کەوتبوو کە بچی لەوێ کـار بکـا و کـاک ئەمیـری قـازی وەبەر کرمانشـان کەوتبـوو دەبـوو بچی لە کرمانشــان کــار بکــا. ئەمە پیشــتر لە گەل هینــدیک هــاورێ و بــرادەر لەو شــارانە ئاشــنایتیمان پەیــداکردبوو کەم و زۆر هەستەمان دامەزراند بوون بەر لەوەی هاورێ یان بێنەوە کـاک هاشم و ئەوان کوتـوو پـر لە تـارانێ لـێم وەژوور کەوتـن. کە لێم وەژوور کەوتن زورم بەراستی پێ جالب بوو کە هەر چەند برێک دەرەنگ بوو بەڵام لە وەختیکی مناسیبدا گەیشتوونەوە و خەریکی تێکۆشان و فەعالیت دەبن. یەک دوو شەو لە لام مانەوە و دوای من هەر کامیکیـانم بەرێ کـرد بـۆ شـۆینی خۆیـان و چوون لە شوینی خۆیـان دامەزران و دەستیان کـرد بە تێکـۆشـان. کە ئینقلابیش سەرکەوت کـاک هاشـم تیکوشـانی بەرچـاوی هەبوو لە سنە و دواتریش لە سەقز و لە بـانە و ئەو بەشـابەی رێکخراو لە راستیدا بەشیکی بەرچـاویـان بە هیمەتـی کـاک هاشم دامەزرانەوە و دوایە کار و تیکۆشان بە شیوەیەکی ئاشکرا دەستی پێ کردەوە.

کاک هاشم لە نەزەر خەڵکی بانە ئەوانەی دەیناسن ئینسانیکی خۆشەویست و زۆر جێ رێز بوو بێجگە لەوە لە سەقزیش هەر دەیان ناسی و خۆشەویست بـوو. لە سنەش هەم خزمیـان هەبـوو هەم هینـدیک لە روشنبیرانی سنە کە پیشتر دەیناسین لە ریگـای ئەوانەوە توانیبـووی کـارێکی بـاش بکـا و بنـاغەی کـاری تەشـکیلاتی لەویـش وردە وردە دابـمەزرێ و پاشـانێش کە هێندێک ئەندامی قەدیمی حیزبی دێموکرات لەو مەنتەقـانە هەبوون وردە وردە شکلیان گرتوو و سازمان و تەشکیلاتی حیزبـی جێی خۆی گرتەوە و خەریکی کار و تێکۆشان و فەعالیت بوون. لە ماوەی دوای کۆنگرەی چواریش کاک هاشم وەکـوو ئەنـدامی کۆمێتەی ناوەندی هەڵبژێردرایەوە و با ئەوەش بلێم، ناوبراو لە شەری ٣ مانگەشدا وەک هێندیک کەس نەتـەنهـا لە چالاکی نەکەوت بەڵکوو زۆر ئازایانە و چالاکانە تەشکیلاتی بـانەی بەرێوە بـرد. بە گشـتی هیـزی بـانە یـا ئەونـدە پێشمەرگەی کە هەبوون سازماندرانەوە و چالاکی زۆر بەرچاویان لە خۆیان نێشاندا.



سەرچاوە Serchawe

# ڕێز گرتن

کاک هاشم لە نێو هاوڕێیانی حیزبی و لە نێو ڕێبەریدا بە ئینسانیکی سادق و خۆشەویست و جێ باوەر دەناسن بۆیە دوای شەری ٣مانگە دەنگی زۆرینەی لە کۆنگرەی چوار دا بە ئەندامی ڕێبەرایەتی هەڵبژیردرایەوە و بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بە دەنگی زورینە بۆ ماویکی درێژ هەر لە تەشکیلاتی بانە وەک مەسئوولی تەشکیلاتی مایەوە. لە دەورەی کار و تێکۆشانی خۆیدا کەسێکی نموونە بوو لە باری بیروباوەر و بە تیکوشان و هەوڵدان بۆ چالاکی حیزبی و بۆیە کاک هاشم لە مەرحەلەیکی دیدا ئەگەر ئیشتبا نەکەم دوای کۆنگرەی ٥ بوو بە ئەندامی دەفتەری سیاسی، و ئەو تێکۆشان و فەعالیەتە هەروا ئیدامەی هەبوو، وەبوو ئێمە دوایی بە تەدریج ڕێمان کەوتە کوردستانی عێراق. لە کوردستانی عێراقیش ئەو کاتە کە هەموو حیزب یەکپارچە بە یەکەوە کارمان دەکرد ئینسانیکی چالاک و جێ باوەر بوو و هەم دواتریش کە ڕێبەرایەتی شۆرشگیر لە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئیران جیا بۆوە چالاکی کاک هاشمی زۆر بەرچاو بوو. لە راستیدا کاک هاشم زۆری حەز دەکرد لە کوردستان بمێنیتەوە و بە کار و چالاکی خۆی ئیدامە بدا بەڵام چونکوو هەم منداڵەکانی ورد بوون و هەم شەرایتەکە یەکجار سەخت بوو، بنەماڵەکەشی لە کوردستان هەڵکەنرابوون بەیەنیک چوون بۆ تورکیە و دواتر چوون بۆ ئینگلیستان و ئێستا لە ئینگلستان نیشتەجێیە. بەڵام دەگەڵ ئەوەی لە ئینگلستانە هەم لە نێو برادەرانی حیزبیدا خۆشەویستی خۆی پاراستووە و هەم لە نێو روشنبیرانی ئێرانی لە بریتانیا کاک هاشم وەک جاران و جێگای باوەرە و هەمووکمان بە دل خۆشماندەوێ. لە چەند کەلیمەدا خولاسەی دەکەمەوە کاک هاشم وەکوو کادریکی بە وەجی حێزبی هیچ کات لە بەرێوەبردنی ئەرکی حیزبی خۆی تا ئەو جێ یە مەسئولیەتی هەبووە کوتایی نەکردۆە و ئەو پەری فیداکاری کردۆە و لە لایەکی دیکەشەوە جگە لە باری فیکری و بێجگەلە تێکۆشانی تەشکیلاتیەوە، کاک هاشم فەعالیەتی بەر چاوی نووسێنی هەبوو چ لە گەڵ رۆژنامەی کوردستان و چ لە گەڵ رادیۆ دەنگی کوردستان و چ لە گەڵ ئەو برادەرانی کە ئێستاش لە دەرەوە فەعالیت و تیکۆشانیان هەیە. قەلەمیکی زۆر پوخت و پاراو و رەسای هەبووە لە حەقیقەتدا دەکری بلێین کاک هاشم کە علومی سیاسی خۆێندووە و لیسانسی علومی سیاسی هەبوو بە مانای واقیع سیاسەتەکەی کە خویندوویەتی دەکاری هێناوە بە و بە قازانجی میللەتەکەی بووە بۆیە کاک هاشم هەمێشە جێی ڕێز بووە و هەمێشەش جێی ڕێزە، من بە دڵەوە داوای سلامەتی و تەمەندرێژی بۆ دەکەم و هێوادارم لە هەر فۆرسەتیک بۆمان بێتە پێشێ چ لە کوردستان و چ لە دەرەوەی کوردستان بتوانێن کاک هاشم ببێنین و لە مەعلومات و پاکی و زانیاری کەڵک وەربگرێن و ئیستیفادە بکەیێن. جارێکی دیکە من سپاسی ئەو کەسانە دەکەم کە ئەو رێ و رەسمەیان بۆ ڕێز گرتن لە کاک هاشم پێکهێناوە و هێوادارم ئەوە ببێتە نەرێتیک بۆ نەتەوەکەمان کە لە کەسایەتی یەکانی خۆی و ئەو کەسانەی کە بەشێکی هەرە زۆر لە تەمەنی خۆیان لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوکەماندا سەرف کردوە لە کاتی خویدا قەدریان بزانین و رێزیان لێ بگرین بۆ ئەوەی کە جەوانانی ئەوروێ تەشویق بن و ئەو ڕێگا و ڕێباز درێژە بدەن.

**جارێکی دیکە داوای سەلامەتی بۆ کاک هاشم دەکەم و هێوادارم تەمەنی درێژ بێت و هەر بەرقەرار بێت**



سەرچاوە Serchawe

## ڕێز گرتن

# پێناسەیەک بۆ نیشتمانپەروەرێکی ڕاستەقینە



**مستەفا شەڵماشی**

هەرکات بیر لە دڵسۆزترین و پاکترین نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان دەکەمەوە، کاک هاشمی کەریمی لە سەفی پێشەوەی ئەو کەسانە دا دێتەوە نێو بیرەوەریەکانم کە دەکرێ بڵێین وەک ئولگو دەبێ چاویان لێ بکرێ. من بۆ ئەوەڵین جار لە سلێمانی باشوری کوردستان لە گەڵ کاک هاشم ئاشنا بوم. ئەوکات من خوێندکاری دواناوەندی بوم لە سلێمانی و کاک هاشمیش تازە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە لە سەر کوردایەتی ئاوارە ببوو. ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ  نیزیکەی چل و پێنج ساڵ لەمەوبەر. ئەوکاتە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە ڕێبەریی شەهید دوکتور قاسملو جم و جوڵێکی تازەی دەست پێکردبوو. من تازە ببوومە هەژدە ساڵ و شانازی ئەندامەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانم  پێ بڕابوو.

کاک هاشم ئەوەڵین ڕۆژەکانی ئاوارەیی لە ماڵی ئێمە میوان بوو. لاوێکی خوێندەوار و هەتا بڵێی مەتین و خۆش ڕەفتار. تازە لە تارانەوە هەموو دواڕۆژی خۆی لە  پێناوی خەباتکردن بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلەکەی دا فیدا کردبوو. ئاخر ئەو یەکێک لە دەبیرە خۆشنێوەکان و لێوەشاوەکانی شاری بانە بوو کە لەسەر کوردایەتی و دڵسۆزی بۆ نیشتمان دوور خرابۆوە بۆ شاری تاران. لەوێش کۆڵی نەدابوو بە شێوەیەکی چالاکانەتر لە ڕێزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا درێژەی بە خەبات دابوو. تا ئەوکاتەی کە ساواک هەستی بە چالاکیەکانی کردبوو و خەریک بو بیخاتە نێو سیاچاڵەکانی زیندان و حیزب و گەلەکەمان لە کادرێکی ئاوا لێوەشاوە بێ بەش بکا. بەڵام کاک هاشم پلەیەکی دیکەش لە خەبات نیزیک ببۆوەو ئەوجارە بە وورەیەکی پۆڵایینەوە ڕووی لە مەیدانی خەباتی ئاشکرا کردبوو.

کەسانی وەک کاک هاشم ئەوکات بۆ تازە لاوێکی وەک من کە تازە یەکەم هەنگاوەکانی تێکۆشانی سیاسیم هەڵدێنانەوە،



سەرچاوە Serchawe

## ڕێز گرتن

سەرچاوەی هێز و ئێنێرژی وەرگرتن بوون. ئەو کەدایم کتێبێکی بەدەستەوە بوو لەو چەند ڕۆژەدا کە لە لای ئێمە بوو بە تەواوی سەرنجی ڕاکێشابوم. لە من پرسیار و لەو وەڵام. هیچ پرسیارێک نەبو کە لە وەڵامی کاک هاشم بێ بەش بێ. بە تایبەت لەسەر مەسەلە سیاسیەکان و ئیدەئۆلۆژیەباوەکانی ئەو سەردەم. کێشەکانی مارکسیزم - لینینیزم، لەگەڵ ترۆتسکیزم و مائۆئیزم کە لەوکاتی دا کیشەی نێوان ڕوناکبیران و کەسانی سیاسی بوون و تەنانەت ئەوانەی لە ڕێگای کوردایەتیەکی بێ ئیزمیش دا خەباتیان دەکرد، خۆیان پێوە ماندو دەکرد و هیچ کەس نەدەبوو لەو مەیدانەش دا کورتی بێنێ دەنا بە سیاسی حیساب نەبوو، کاک خاشم نەک تەنیا کورتی نەدێنا بگرە هەر پرسیارێکت لێ کردبایە سەرو بنی مەسەلەی بۆ دەردێنای ئەوەندەی موتاڵای هەموو ڕێبازە سیاسیەکان کردبوو. لە هەموی گرنگتر ئەوەبوو کە لەلای کاک هاشم هەموو ڕێگاکان ئاخرەکەی دەهاتنەوە سەر کوردایەتی و تەنیا لەو کاتەدا پەسند کراوبون کە چارەسەرێکیان بۆ مەسەلەی نەتەوەیی هەبایە.

ئەو خوێندەواری و دڵسۆزیەی کاک هاشم وای کرد کە لە ماوەیەکی کورت دا ڕوناکبیرانی باشوری کوردستان ئەویان دۆزیەوەو دایم بەدەوریەوە بوون و لێی فێر دەبوون. ڕاستیش ئەوەبوو کە هەڵس و کەوت لەگەڵ کاک هاشم زۆری فێر دەکردی. هەم فێری کتێب خوێندنەوەو باسی سیاسی دەکردی و هەم فێری ئەخلاقی ئینسانی، نەتەوەیی بوون، یەکسانیخوازی و ڕاستگۆیی دەکردی. ئەو پیاوە مەزنە کە ئێستاش بۆ ئەوە دەبێ لێی فێربی، لەو کاتی دا یەکێک لەو دەگمەن کەسانە بوو کە لە نێو دەریای نەخوێندەواری و دواکەوتوویی دا هەڵکەوتبوو. لە گەڵ سیاسی بونەکەشی هەتا بڵێی ئینسانێکی بە ئەخلاق، کۆمەڵایەتی و ڕاستگۆ بوو.

لە دەورانی دوایی دا کە ڕژیمی پاشایەتی ڕووخا و ئێمە وەک حیزبی دێموکڕاتی کوردستان گەڕاینەوە وڵات و ئەمنیش شانازی ئەوەم پێ بڕا کە وەک کاک هاشم لە ئۆرگانی ڕێبەریی حیزب دا جێ بگرم، لە کۆبونەوەکانی کومیتەی ناوەندی دا خۆم بە بەختەوەر دەزانی کە لە گەڵ کەسانی وەک کاک هاشم لە ئۆرگانی ڕێبەری دام و دایم سەداقەت و ڕاستگۆیی و بێ غەلل و غەشی کاک هاشم بۆ من هێما بوو. لە تەواوی ئەو ساڵانەدا کە لە دوور و نیزیکەوە ئاگاداری هەڵس و کەوت و تێکۆشانی ئەو تیکۆشەر و دڵسۆزەی گەلەکەمان بووم، قەتم نەبیستەوە کە ئەو خەباتگێڕە کەڵکی خراپ لە بەرپرسایەتیەکانی وەرگرێ، کەسێک شکایەتی لێ هەبێ، یا کردەوەیەکی ناموناسبی لێ دەرکەوێ. قەت نەم بیست دەورو بەریەکانی بتوانن خاڵێکی دوور لە ئەخلاقی شۆڕشگێڕی لێ بدۆزنەوە یا شک و گومانێکی لەسەر دروست کەن. نە لە باری سیاسی و نە لە باری کۆمەڵایەتیەوە بەدرێژایی ئەو ساڵانە هیچ کەس نەی توانی خاڵێکی لاواز لە سەر کاک هاشمی تێکۆشەر تۆمار بکا. هەربۆیەش بە درێژایی ئەو ساڵانە و تا ئێستاش کاک هاشمی کەریمی بۆمن هێمای ڕاستی و سەداقەت و شۆڕشگێڕی بووە و هەیە و تا ماوم شانازی بە وە دەکەم کە هاوڕێ، ڕفیق، دۆست و ئاشنای چەندین ساڵەی کاک هاشم

## ڕێز گرتن

بووم.

داوای لەشساغی و تەمەنی درێژی بۆ دەکەم و سپاسی زەحمەت و ماندوو بونەکانی دەکەم.

هیوادارم گەلەکەمان و حیزبەکەمان قەدری ئەو تێکۆشەرە خاکی، سادق، خوێندەوار و دڵسۆزەمان بزانن.



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێز گرتن

### وتەکانی کەسایەتی سیاسی سمایل بازیار بۆ کوڕی ڕێزلێنانی کاک هاشم کەریمی لە لەندەن



ئامادەبووانی بەریزی بەشداربوو لە ریٚ و رەسمی ریز گرتن لە کەسایەتی سیاسی کورد کاک هاشم کەریمی لە کوردستانەوە سڵاوێکی گەرمتان لێ بێت.

ئەمن پێش ئەوێکە بچمە سەر بابەتەکەم پیمخۆشە باس لەوە بکەم چۆن یەکەم جار ناوی کاک هاشمم بێست و چۆن یەکەمجار بێنم و لە کوێ بێنیم.

٣٢ساڵ بەر لە ئێستا لە ناوچەی خواکورک هەلکەوتوو لە ٣سنوور لە گەڵ پۆلێک لە هاوڕێیانم گوێمان لە رادیۆ دەنگی کوردستان گرتبوو، کە بەرنامەی ٢٥ی گەلاوێژی ٤٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی بڵاو دەکردەوە. لەو ریٚ ورەسمەدا شاعیری گەورەی نەتەوەکەمان شێرکۆ بێکەس بەشدار بوو. کاتیک چووە پشت تریبوون شیعرەکەی بە ناوی تاجی خویناوی پێشکەش بە کاک هاشمی کەریمی کرد، خۆی گوتەنی بۆ هاوڕێم هاشمی کەریمی. ئەمن بەم جۆرە بۆ یەکەم جار ناوی کاک هاشمم بێست. دوو سێ رۆژ لەمەوبەر چوومە ئارشیوی رادیوو دەنگی کوردستان و داوام لە کاک مەنسوور خوسرەوی کرد کە ئەگەر بتوانی کاسیتی ئەم رێورەسمە بدۆزیتەوە کە من بتوانم ئەم شیعرە ڕیکوڕد بکەم و وەک دیاریەک بۆ ئەم ریٚ و رەسمە بنیرم. بە خۆشیەوە شیعرەکەمان دیتەوە و ناردمان، هیوادارم کاک هاشم بە دڵی بێت. ٣ - ٤ مانگ دواتر کاتێک بۆ مەئمووریەت لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکرات بووین لەگوندی گەورە دێی، هەڵکەوتوو لە ناوچەی شاربازێری باشووری کوردستان، روژێک بۆ سەردان چوومەکتێبخانەی بنکەی دەفتەری سیاسی،کتێبخانەیەکی بچووکمان هەبوو لەم شوێنە بۆ یەکەمجار کاک هاشمم بێنی کە بەو جل وبەرگی پێشمەرگانەوە کەزۆرتر بەم تێپەی دەناسرایەوە، واتە بە جامانە و پەستەکەوە. بە خوێندنەوەی کتێبێک مەشغوول بوو، سەری بە سەر کتیبەکەی داگرتبوو و واهای تێدا ون ببوو کە ئاگای لە

## ڕێز گرتن

کەس نەبوو کە کێ دێتە ژوورە کێ دەرواتە دەرێ، زۆرم بەلاوە سەرنج راکێش بوو بە ئاسپای پرسیم ئەوە کێیە؟ کوتیان کاک هاشمی کەریمی یە. لەم کاتەوە دوور و نیزیک شانازی دۆستایەتیم لە گەڵ کاک هاشمی کەریمی هەیە.

زۆر لایەنی ژیانی سیاسی کاک هاشم جێگای ڕامان و لێ وردبوونەوەیە، بەڵام ئەمن پێمخۆشە لەو ماوە کورتەدا کە بۆ من تەرخان کراوە لە سەر رەهەندێکی ژیانی سیاسی کاک هاشم وردبمەوە. ئەویش ئینتخابی  سیاسی کاک هاشمە واتا گرینگترین ئینتخابی ژیانی سیاسی کاک هاشم،

سالی ١٣٤٦ ( ١٩٦٧) کاک هاشم بۆ درێژە پێدان بە خوێندن دەچێتە زانکۆی تاران، ئەو کات زانکۆی تاران یا زانکۆ بە گشتی لە ئێراندا تەنیا سەنگەرێک بوو کە رژیمی حەمە رەزا شا نەیتوانیبوو داگیری بکا. زانکۆ ئەوکات ناوەندێک، کانوونیکی گەرم و گوری چالاکیی سیاسیی بوو. هەر ئەوندە بەسە بلێم کە زۆربەی رێبەرانی ئەو گرووپ و سازمانانەی کە لەم ساڵاندا پێکهاتبوون و بە خەباتی چریکی رژێمییان بە چالش کیشابوو یا خوێندکاری زانکۆ بوون یا دەرچووی زانکۆکانی ئێران بوون. زانکۆ لەم هەل و مەرجەدا لەم سات و کاتانەداله ژێر کاریگەری گوتاری ئەوساڵانەدابوو واتە ساڵەکانی دەیەی ٦٠ی زایینی ،ئەودەیە تۆفانییەی کە بەوتەی هابزباوم گوفتمانی شۆڕشگێری و ڕادیکالیزم تێدا زاڵبوو ، ئەو دەیەی کە چەشنیک لە روحی خەباتگێری هەموو دنیا و بە تایبەت جیهانی سێهەمی گرتبووە، لە خەباتی رەشپیستەکانی ئەمریکایە، بۆ مافی مەدەنی خۆیان را بگرە تا ڕاپەرینی خوێندکاران لە پێتەختی وڵاتەئوورپایەکان و بە تایبەتی لە پاریس، و تا بە لووتکە گەیشتنی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلانی ژێردەستە لەچەنگی کۆلونیالیزم کە تێیدا رێبەران و سیمبوولەکانی وەک کاسترۆ ،چگوارا، هۆشیمینە، جیاب بوون بە سیمبوول و نمادی نەسلی ئەو کاتی خەباتگێرانی جیهانی سێهەم. مەسعوودی بیهنوود وەسفێکی جوان لە کەش و هەوای سیاسیی، ئەو سەردەمانە بە دەستەوە دەدا، لە گەڵ گلەیەک کە لە نەسلی ئەو کاتی هەیەتی، دەڵێت: لەم ساڵانەدا ئەم نەسلە بێ ئەوەێ شتیک لە میژووی میرزا کوچک خان بزانێ هەموو کوچە و کولانەکانی هاوانا شارەزا بوو، هەموو یارانی کاسترۆی بە نێوی بچووک بانگ دەکرد دەیزانی کاسترۆ و چەگوارا لە سەر چی کێشەیان هەیە ،لە سەر چی ناکۆکن. کۆنگۆی وەکوو ئاو لەبەر بوو، ئەوەندەی دوژمنی مووسا چومبەبوو ئەوەندە هی سپەهبوود زاهیدی نەبوو، ئەوەندەی لومۆمبا و عەبدولناسر خۆشدەویست، ئاگای لە حاڵ و هەوای موسەدیق  نەبوو. لەم کەش و هەوا سیاسییەدایە کاک هاشم هەڵبژاردنیی سیاسیی خۆی دەکات واتە گرینگترین ئینتخابی سیاسی کە چارەنووسی سیاسی ئەو بە ئاقارێکی دیکەدا دەبات. لەم ساڵاندا و لەم فەزایەدایە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان هەڵدەبژیرێ لە ساڵی ١٣٥٠ واتە ساڵی ١٩٧١. دیقەت بفەرموون ئەو دەقیقەن چەند مانگ دوای رووداوی سیاهکەل ئەم هەڵبژادنە دەکا، ئەو رووداوەی کە لە ١٩ی رێبەندانی ١٣٤٩ روویدا، ئەم رووداوە جەزابییەتی ئەم رێکخراوە چەپانەی ئەوەندەی تر زیاد کرد کە بەرهەمی رەوتێکی چەپی نوێ بوون کە سنوور بەندی لەگەڵ حیزبی تودە دەکرد و



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێز گرتن

تاکتیکی موبارزاتی نوێی هەڵبژارد بوو. هەر لەم کەش و هەوایەدایە کە بۆ یەکەم جار گەراکانی ڕێکخراوێکی سیاسی چەپی کورد نەک کوردی چەپ پێکدیت. کاک هاشم لەم هەل و مەرجەیی دا کە ڕێکخراوە چەپەسەراسەرێکان گێژاو و تەندوراوێکیان دروست کردبوو و لاوان و خوێندکارانی سیاسیی کوردیان لول دەدا، ئەو حیزبی دێموکراتی کوردستان هەلدەبژێریٚ ئەم هەلبژاردنە، ئەم ئینتخابە بە چ مانایەک دیت، بەو مانا دێت کە کاک هاشم پرسی نەتەوەکەی پێ ئەساسیترین و بنەرەتیترین پرسی سیاسی کومەڵگایەکەیەتی، واتە مەسەلەی نەتەوایەتی بۆ ئەو لە ئەولەوییەتدایە و چارەسەری ئەم پرسەی پێ لە سەروو هەموو پرسەکانی دیکەیە. بە پێچەوانەی ئەو بۆچونانەی ئەو کات کە باو بوو و پیان وابوو کە پرسی سەرەکی و کیشەی سەرەکی کومەلگای کوردستان تەزادی کار و سەرمایەیە یا تەزادی خەلک و ئیمپریالیزمە. کاک هاشم بەم ئینتخابەی خۆی ئەمە دەسەلمینێ کە پرسی نەتەوایەتی نە لە کاناڵی خەباتی چینایەتی وە تیناپەری و نە تابعێکە لە خەباتی دژی ئیمپریالیستی. بە جورئەتەوە دەتوانم بلێم کاک هاشم تەنیا خوێندکاری سیاسیی کوردە لەم هەل و مەرجەدا کە ئاوی لە ئاشی ڕێکخراوە چەپە سەراسەرێکاندا نەکرد، ئەو ڕێکخراوانەی کە سەروەری خاکی ئیرانیان بەلاوە پیرۆز و موقدەس بوو.

ئێستا لە سەرلایەنیکی دیکەی ئەم هەڵبژاردنە هەڵوێستەیەک دەکەم : کاک هاشم لە چ هەل و مەرجێکی سیاسیدا لە چ بارودۆخیکدا حیزبی دیموکراتی کوردستانی هەلبژارد، ئەو لە کاتیکدا بە تەشکیلاتی نهێنی حیزبی دیموکراتی کوردستان پەیوەست دەبێ کە فەزاکە، فەزایەکی تەواو پولیسی و خەفەقانێکی سیاسی توند، لە ئارادایە، تارمایی ساواک سەر بە هەموو کەلین و قوژبنیکدا دەکیشێ و کورد گوتەنێ کەڵ بە موو بەند بوو. کاک هاشم لە هەل و مەرجیکدا ئەو ئینتخابە دەکا کە هیشتا حیزبی دیموکراتی کوردستان کەمەری لە ژێر باری شکستی قورسی جولانەوەی ٤٦ - ٤٧ دا ڕاست نەببۆوە، ئیستا کاریگەریەکانی ڕەوانی ئەو شکستە نەرەوییۆونەوە. کاک هاشم لە تەنگانەدا نەک لە فەرعانەدا بە تەشکیلاتی نهێنی حیزبی دیموکراتی کوردستان پەیوەست دەبێ و ئەم هەڵبژاردنە هەزینە بەرداره بوو،حیزبی دیموکرات، حیزبێکە فەعالیتی قەدەغەیە، حیزبێکە دوورخراوەتەوە لە تەبعید دایە و بە ڕاستی کاک هاشم تێچووی ئەو ئینتخابەشی دا. ئەو لە ئاکامی چالاکیی لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا شار وماڵ و کار و ژیان و هەموو شتێکی بە جێ دیلێ و ئاوارەی هەندەران دەبێ.

تایبەتمەندێکی دیکەی ئەم هەلبژاردنە: کاک هاشم بەو ئینتخابەی خۆێ نەیهیشت پێوەندەی خویندکار و حیزبی دیموکرات، زانکۆ و بزووتنەوەی کورد بپچرێ. ئەو پیوەندەییەی کە لە سەرەتای دەیەی ٦٠ زایینی بە هۆی کاک سەلاحی موهتەدی و زیندوو یادان کاک سمایل شەریفزادە، کاک حەمەدمین سراجی و کاک عەلی حەسەنیانی دروست ببوو.

## ڕێز گرتن

کاک هاشم دەڵێ: ئەگەر کاتیک بەرنامەی حیزبی دیموکراتم بەدەست گەیشت، بەلامەوە بەرنامەیەکی چەپ و پێشکەوتووخواز بوو یانی کاک هاشم تەنیا لە بەر ئەوەی کە کێشەی نەتەوەکەی بۆ حیزبی دیموکرات لە ئەولەویتدایە ئەو حیزبە هەلنابژێرێ، راستە بە پلەی یەکەم کوردایەتی بۆ کاک هاشم گرینگە بەڵام ئەو بە نیسبەت دابین کردنی عەدالەتی کومەڵایەتی، نیسبەت بە پرسی کۆمەڵایەتی کۆمەلگاکەشی بێ تەفاوەت نییە. دابین کردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی هەمیشە بۆ کاک هاشم دەغدەغە بووە، ئەو بەرنامەیەی کاک هاشم دەیبینێ و دەیخوێنێتەوە و بە لایەوە سەرنج راکێش و جێگای پەسەندی دەبێت لە کونفرانسی سێهەمی حیزب لە سالی ١٣٥٠پەسەندکرا و چەند مانگ دواتر دەگاتە دەست کاک هاشم. کونفرانسی ٣ لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا خاڵێکی وەرچەرخانی گرینگە چون کۆتایی بە دەست رویشتی و بالا دەستی باڵی راستی حیزبی دێموکراتدا هێنا کە نیزیک بە ١٠ ساڵ بوو بالا دەست بوو. بالی چەپ لەو کونفرانسەدا توانی بەرنامە و بۆچوونەکانی خۆی بچەسپینێ و بۆ یەکەم جار حیزب دەبێتە خاوەن بەرنامە و پیرەوێکی موشەخەس و کۆنکرێت و لەئامانجە گشتییەکانی بەرنامەی حیزبدا سۆسیالیزمی دادپەروەر وەک ئامانجی دوارۆژ دیاری دەکرێ.

ئامادە بووانی بەرێز... لەو رۆژەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دایک بووە و تەنانەت پێش ئەو کاتیش لە سەردەمی کۆمەڵەی ژێکافەوە هەتا ئەمرۆ، هێلێکی سووری چالشی (ململانێی )لە نێوان چەپ و راستدا بە هەموو مێژووی ئەو حیزبدا تێدەپەری. کاک هاشمی کەریمی لەو کاتەوە کە بۆتە ئەندامی حیزبی دینوکراتی کوردستان واتە لە ساڵی ١٣٥٠ یانی نیزیک بە ٥٠ ساڵ لەوە پێش لەم ململانەیەدا لەم تەقابولەیدا هەمیشە لە بەرەی چەپ و سکولاری ئەو حیزبەدا بووە، ئەمەش بە شاهیدی کۆنگرەکانی حیزبی و نووسراوە و بەرهەمەکانی. بەڵام کاک هاشم چ جۆرە چەپێک بووە؟ ئەو چەپێک بوو کە پێ وانەبوو کە تێورێیەکانی مائۆتسەدۆن و ئەزموونەکانی شۆرشی چین لە دێهات و شاخە روتەڵەکانی کوردستان پیادە دەبێ ونە دوارۆژی گەشی کوردیشی لە یەکیەتی سوڤیەتدا بەدی دەکرد. هەر بۆیە کاتێک سوسیالیزمی مەوجود لە بەر یەک هەلوەشا و یەکیەتی سوڤیەت لە سالی ١٩٩١ هەرەسی هێنا و چەپ تووشی شکست و سەرلێشێواوی بوو، کاک هاشم توشی شۆک نابێ، ئەو نە تێزەکەی فوکۆیامای بە هیند گرت کە پێی وابوو کۆتایی مێژوویە، هەر بۆ خۆشی فۆکۆیاما لەم بۆچوونەی خۆی پەشیمان بووە و نە پێی وابوو کە ئەمە سوسیالیزمێکی واقیعیە، سوسیالیزمیک راستەقینەیە کە توشی شکست و هەرەس بووە بەڵکوو ئەزموونیکی سوسیالیزمە، نەوعێک سوسیالیزمە کە تووشی شکست بووە، واتە سوسیالیزمیکی دەوڵەتییە کە لەبەرێکهەڵتەکاوە.

تایبەتمەندێکی گرینگی کاک هاشم ئەمەیە کە قەت چەپێکی دوگما و وشک و ئایدۆلوژیک نەبووە. باشترین بەڵگەش بۆ ئەم ئیدیعایە کۆنگرەی ٦ حیزبی دێموکراتی کوردستانە لە سالی ١٣٦٢ واتە ١٩٨٣ کە تێیدا بیرۆکەی سوسیالیزمی دێموکراتیک هاتە ئاراوە. سوسیالیزمی دێموکراتیک خوێندنەوەیەکی نوێ بوو لە سوسیالیزم کە جێاواز بوو لەو

## ڕێز گرتن

خوێندنەوانەی کەلە ئێران و کوردستان باو بوون. کە تێیدا سنوور بەندی لە گەل سوسیالیزمی مەوجوود و ستالینیزم دەکا و تێیدا سنوور بەندی لە گەل سوسیالیزمی مەوجوود و ستالینیزم دەکا، پێداگرەلە سەرپێگەی دیموکراسی و هەر چەشنە دیکتاتۆریک لە ژێر هەر ناوێکدا ڕەت دەکاتەوە. کاک هاشم لە گەڵ خاڵی سێهەمی ئەم خوێندنەوەیە کێشەی هەبوو واتە ڕەخنەگری بوو، ئەو پێی وابوو لە قوناغی تێپەرین لە ئینقلابی میللی دێموکراتیک بۆ قوناغی سوسیالیزم دەبێ تەعامولەکە لە گەل ماشینی دەولەتی سەرمایەداری تەعامولێکی جیددی و لێبڕاوانە بێ، بەڵام کاک هاشم دواتر بەم بۆچوونەی خۆشیدا چووە، کە ئەم پێداچوونەوەیە، پێداچوونەوە بوو بە سەریەکێک لە پرنسیپەکانی لینینزم. بۆیە ئێستا ئەگەر بمهەوێ پێناسەیەک بۆ کاک هاشم بکەم دەتوانم بلێم کاک هاشم ئەو کەسایەتیە سیاسییەی کوردە کە لە پێشدا کورد بووە و دواتر چەپ، بەڵام چەپێکی دیموکرات، چەپێکی نۆیخواز.


**ئەمن لێرەدا کۆتایی بە قسەکانم دینم پێمخۆشە سپاستان بکەم کە گوێتان بۆ ڕاگرتم سپاس بۆ بەرێوەبەران و ئامادەکارانی ئەو ڕێورەسمە دەست خۆشی لە ئیبتکارەکیان دەکەم و سەرفرازی و لەش ساغی بۆ کاک هاشمی کەریمی دەخوازم.**



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێز گرتن

### پەیامی کاک موحەد کەماڵی لە سوئێدەوە



**بەڕێزان بنەماڵەی کاک هاشم!**

**میوانە بەڕێزەکان!**

**بەڕێوەبەرانی ڕێزگرتن لە نزیک بە ٥ دەیە هەڵسووڕانی سیاسی کاک هاشم!**

وێرای گەرمترین ڕێز و سڵاو بۆ هەموو لایەکتان، کاتێک بیستم دۆستانی کاک هاشم دەیانهەوێ کۆڕێکی بچووکی ئاوا بۆ ئەم مامۆستا و هاوڕێ لە مێژینەیەم پێک بێنن پڕ بە دڵ حەزم دەکرد لە خزمەتتاندا بوایەم کە بە داخەوە بە هۆی موشکیلاتێکەوە کە بوو ئەو شانازیەم پێ نەبڕا لە نزیکەوە سیمای میهرەبانی کاک هاشم لە ئامێز بگرم و ئارەزووی تەمەن درێژی و لەش ساغی بۆ بکەم، بۆیە بە پێویستم زانی لە توێی ئەم چەند دێڕەدا یادێکی کورت لەو بیرەوەریانە بکەم کە شانازی هاورێیەتی و شاگردیی کاک هاشمی بە نەسیبم کردوە.

لە بەرەبەیانی هەموو ڕۆژێکی دەورانی مێر منالی ١٢ - ١٣ ساڵەیمدا لە هەیوانی ماڵەکەمانەوە کە روو لە پادگانێکی سەربازی بە ناوی قەڵا یان قشڵە بوو دەمڕوانیە ئەو شوێنە و شاهیدی ڕاهێنانی سەربازەکان لە بەردەم ئەو پادگانەدا دەبووم، بەڵام یەکێک لەو ڕۆژانە زیاتر لە هەموو ڕۆژێک سەرنجی ڕاکێشام. ئەویش ئەوە بوو دیتم چەند سەربازی چەکدار پیاوێکی مەدەنییان دەورە دابوو بەرەو شوێنێک دەیان برد. بۆ چەند ساتێک تا بردیان و هێنایانەوە من هەموو زەین و هۆشم لە سەر ئەو سەحنەیە قەتیس مابوو. ئەم هێنان و بردنە بۆچەند ڕۆژ هەموو بەیانی و ئێوارەیەک دووپات دەبووەوە تا نیهایەتەن لە باوکم پرسی, لە وەڵاممدا وتی جەماعەتێکیان گرتوە و دەڵێن سیاسی کارن ناوی چەند کەسێکی پێ وتم کە بە هۆی چکۆلە بوونی شارەکەمانەوە دەمناسین کە یەکێک لەوانە کاک محەمەدی کەریمی ناسراو بە قاقە برای گەورەی کاک هاشم بوو. ئەمە پرسیاری زیاتری لە مێشکمدا وروژاند کە تا چەند ساڵ دوای ئەوە نەم دەتوانی سەریەکی بخەمەوە

## ڕێز گرتن

**که کاری سیاسی مانای چییه و بۆ بڤەیە؟**

زەمەن هاتوو ڕۆیی تا گەیشتمە سالی پێنجی دەبیرستان و لە گەڵ چەند کەسێکی گەورەتر لە تەمەنی خۆم ئاشنا بووم، کە یەکێک لەوانە کاک هاشمی کەریمی بوو. ئەم ئاشنایەتی ڕۆژانە، کێشایە ئەوە کە بە تەشویقی کاک هاشم وناساندنی کتێب گەلێکی داستانی بچووک و ڕۆمان و شیعری شاعیرانی موبارز، هەر وەها سەبارەت بە موبارزاتی ویتنام و الجزایر و وڵاتانی تر بە کردەوە بەرەو کۆڕی سیاسی هاوڕییان ڕاکشام. ئەمە هاوکات بوو لە گەڵ شەڕی ویتنام. کورتەی ئەو هەواڵانەی کە ڕۆژانە لە رادیوکانەوە دەمان بیست، هەر وەها بە دەیان کتێبی بچووک بچوکیش دەردەچون کە بە کۆمەڵ یان بە تاک تاک دەمانخوێندەوە و لە چاو پێکەوتنی ڕۆژانەماندا قسەمان لە سەر دەکرد. باس لە موبارزەی خەڵکی الجزایر، قسە کردن لە شەخسیەتی ڕابەرانی گەورەی وەک هوشی مین، پاتریس لۆمومبا، مائۆ، کاسترۆ وزۆرێک لە ڕابەرانی تری موبارزاتی ئازادیخوازانەی دونیا لە ناوەند یان مەرکەزی هەموو چاو پێکەوتنەکانماندا بوو کە لە هەموو ئەوانەدا کاک هاشم دەوری سەرەکی و مامۆستایەتی ئێمەی تازە پێگەیشتوانی هەبوو. زۆربەی جار لە دوکانی یەکێک لە رفیقەکانماندا کە دادەنیشتین بە پێی پێویست چەن لاپەڕەیەک لە یەکێک لەو کتێبانەی کە پێشنیار دەکرا دەخوێندرایەوە و دەبووە سەرەتایەک بۆ دەربڕینی بیرو و بۆ چوونمان لە سەری کە کاک هاشم بە وردیەکی زیاترەوە ڕووناکی دەخستە سەریان و زیاتر شی دەکردەوە.

بەڵی پرسیار گەڵێک کە ساڵەها لەوبەر لە گیرانی ئەو چەند کەسەدا کە پێشتر ئاماژەم پێداو مێشکی منی داگرتبوو، لەو دۆستایەتیەی کە لە گەڵ کاک هاشم و باقی رفیقەکاندا بە نەسیبم ببوو لێم ڕوون بووەوە کە کاری سیاسی بە مانای چیە و بۆ لە ڕژیم گەلێکی وەک حکومەتی پاشایەتی ئەوکات و هەر حکومەتێکی دیکتاتۆریدا جورمە و زیندان و تەبعید و ئیعدام و ئەو جۆرەشتانەی بە شوێنەوەیە؟ بۆ ئینسانەکان ڕوو لە مەسایلی سیاسی دەکەن؟ ڕەمزی ئەم بە گیان کڕینەی ئیسانی سیاسی لە چیدایە و موبارزە لە گەڵ نابەرابەری و بێ عەداڵەتی چ حیکمەتێکە؟ هەمو ئەمانە بۆ من بوون بە هەوێنی ژیانی داهاتووم. دەرسی ئینسانی و ئینسان دۆستی یەکێک لەو خسڵەتانە بۆ کە من و کەسانی تری هاو تەمەنی ئەوکاتی من لە کاک هاشم فێر بووین کە نەک هەر ئێستا بەڵکە هەموو ژیانم شانازیم پێوە کردوە. تەئمینی ژیان بۆ ماوەیەک لە یەکتری دووری خستینەوە کاک هاشم سەرەتا تەبعید بۆ (ئەگەر لە بیرم مابێ) دەماوەند و پاشان چوونە دانشگای تاران، منیش تەواو کردنی دەبیرستان و چوون بۆ دەورەی سپای دانش لە کرماشان و قەزوێن و دواتر کار لە دێی گەوگانی ئازەرشەهری سەر بە ئازەربایجان. تەنیا ئەو کاتانە دەمانتوانی یەکتر ببینینەوە کە نەورۆز یان پشووی هاوینە دەهات و خۆشترین ڕۆژانی پێکەوە بوونمان بە بیانوی ڕاوە ماسی و سەیران لە شار وەدەر دەکەوتین و دیسان کۆڕی گەرمی هاوڕیەتی دەژیایەوە.

## ڕێز گرتن

ساڵەکانی چلی هەتاوی ڕوو هێنانی گەنجانی شارەکەمان بەرەو چوونە دانشگاکان ڕوو لە زیاد بوون بوو، بەڵام زۆرینەی ئەو کەسانەی کە دەچوونە دانشگا لە بنەماڵە فەقیر و کرێکاریەکان بوون و بۆ بەڕێوە چوونی ژیان تووشی موشکڵە بوون. لە یەکێک لەو کۆوەبوونانەماندا کاک هاشم یەکێک لە پێشنیاردەرانی پرۆژەیەک بوو بۆ کار ئاسانی ئەو کەسانەی کە دەچوونە دانشگا ولە ئیمکاناتی ماڵی بێ بەهرە بوون. لە سەر ئەوە ساغ بووینەوە هەر کام لە ئێمە کە ئیمکانی ماڵی و سەرچاوەیەکی داهاتمان هەیە بۆ یارمەتیدان بە دانشجویانی فەقیر مانگانەیەک دیاری بکەین و هەر کەسەمان لە یەکێک لەوانە کە نزیکایتیمان هەیە بۆ ئەوەی تووشی هەستێکی دەرونی ناخۆش نەبن پێیان ڕابگەیەنین مانگانە پارەیەکیان بە قەرز دەدەینێ کە دواتر کاریان وەگیر کەوت بیدەنەوە. ئەوە پەسەند کرا و بۆ ماوەیەک ئەو کارەمان کرد کەزۆر بە جێگە بوو بەڵام بە داخەوە دواتر بە هۆێ هەڵەی یەکێک لە یارمەتیدەران، مەسەلەکە لە ساواک ئاشکرا بوو کە ناچار بووین حیسابێک کە لە بانکدا بوومان بیبەستین و بە شێوەیەکی کاتی کۆتایی پێ بێنین.

ساڵی پەنجاودووی هەتاوی لە تەعتیلاتی نەورۆزدا کاتێک لە تارانەوە گەڕاینەوە بۆ بانە ڕۆژی دوهەمی نەورۆز ساواک هێرشی کردە سەر ماڵی برایەکی خەلیل شەوباش کە بووە هۆی شەهید بوونی یەکێک وبریندار بوونی یەکێکیتر کە توانیبووی بە برینداری دەرباز ببێ. بەڵام دوای چەند ڕۆژ گەڕانی پۆلیس لە نێو شاردا دۆزیانەوە و دەستگیرکرا. ڕۆژی دوای دەستگیر کردنی ئەو بریندارە و گرتنی براکەی خەلیل شەوباش بە ناوی عزیزی مصطفی زادە کاک هاشم کە پەیوەندی حیزبایەتی بەوانەوە هەبوو ناچار بوو پاش چەند ڕۆژ خۆ حەشاردان لە شار بچێتە دەر و ڕایی کوردستانی عێراق بێت کە بە داخەوە لەو کاتە بەدواوە من لە دیداری یەکێک لە خۆشەویست ترین رفیقەکانم کە بە حەقیقەت دەتوانم بڵێم یەکەمین مامۆستای سیاسی من بوو بێ بەش بووم. ئەمە تا کۆتایی ساڵی ٥٧ی هەتاوی درێژەی هەبوو.

کاک هاشم سەرەرای ئەوەی کە لە بابەتی سیاسیەوە ئاماژەم پێدا یەکێک لە خۆشناوترین کەسانی نە تەنیاشاری بانە بەڵکە کوردستانە، هەر ئێستاش دەتوانم بڵێم خوو خدە و هەلس و کەوتی کاک هاشم بە جۆرێکە کە توانیویەتی نە تەنیا بۆ کەسانێ کە پێشتر دەیان ناسی بەڵکە بۆ جیلی گەنجیش نموونەی ئینسانێکی شۆڕشگێر و نموونەی شەخسیەتێکی سیاسی ناودار و نموونەی مرۆڤێکی ئینسان دۆست بێت. قسە زۆرە و کات کەم دیارە شەخسیەتی کاک هاشم و خەبات و موبارزەی ئەو لەم چەند دیڕەدا ناگونجێ. من جارێکیتر ئاواتی سەربەرزی،

تەمەن درێژی و لەش ساغی بۆ دەخوازم و بە گەرمی لە ئامێزی دەگرم.

لە گەڵ ڕێزو سپاسم بۆ هەموو لایەکتان محەمەد کەماڵی



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێز گرتن

### وتەی دادە حەیات تەوەکولی بۆ زێنەب خانم



کاک هاشم بەرز و بەڕێز، بەش بە حاڵی خۆم وا دەزانم کە لە سەرئەم مرۆڤە بە نرخە کتێبێکیش بنووسم کەمە. کتێبێک تا بتوانم هەموو بوارەکانی ژیانی جێ بکەمەوە: لە بواری سیاسی کۆمەڵایەتیەو بگرە تا هاوڕێ بوونی، باوک بوونی، و ڕۆڵی وەک هاوسەر، بڕوا بوونی بە بەرامبەری مرۆڤەکان، ڕێز گرتنی لە هەموو بیر و بۆ چوونەکان، کتێبێک کە تاقانە بوونی کاک هاشم دەربخات. کاک هاشم گیان، تۆ شیاوی زۆرتر لەمەی، بەش بە حاڵی خۆم شاد و خۆشحاڵم بە هاوڕەیەتی، هاوخەباتی و تێکەل بوون لە گەڵ بنەماڵەی بەڕێزت.

پێمخۆشە وەک هاوڕێکی نزیکی ئەم بنەماڵە ئازیز ۆ خۆشەویستە، ئاوڕدانەویک لە هاوژین و هاوخەباتی بەڕێزی کاک هاشم، زێنەب خانمی ڕەسووڵپەناه بدەمەوە.

ئەوم زۆر پێ ڕاستە کە دەڵێن لە پشت هەر پیاوێکی سەرکەوتوو ژنێکی ئازا هەیە. بەراستی زێنەب خانم لە هەموو بەرز و نزمی ژیان، لە سیاسەت، دەربەدەری، ئاواربوون و نەداریدا، پشت و پەنای و هاوڕێی کاک هاشم بووە و تا ئەم ڕۆش هەیە. لە دەورانی زاڵی شاوە تا ئەمڕۆ، زێنەب خانم شان بە شانی کاک هاشم هەوڵ و زەحمەتی کێشاوە.

لە ساڵانی بەر لە شۆڕشی ئێران، زۆر جاران لە شاری بانەوە نووسراوە و بڵاوکراوی سیاسی بە دزیەوە گەیاندوەتە تاران. ئەگەر بگیرایە، بێ شک دەیان ساڵ زیندانی دەکرا و تەنانەت لەوانە بوو کە ئێعدام بکرایە.

هەر لەو ساڵانەدا بوو، کە بە داخەوە کاک هاشم ئاوارە بوو، و زێنەب خانم وەک هاوژینێکی بە وەفا ئەرکی گەورە کردنی کچەکەی بەیانی، وە ئەستۆ کرد و بوو بە دایک و مامۆستای. بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە ژێر دەسەڵاتی ساواکدا و لە ژێر



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێز گرتن

مەترسیدا، زێنەب خانم بە تەحموولەوە چاوەڕێی رووخانی شا و گەڕانەوی کاک هاشمی کرد، لە هەل و مەرجێکی سەخت و تەنیادا.

دیسانیش دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، زێنەب خانم، لە یەکیەتی ژنانی حزبی دیموکرات چالاکانە دەستی کرد بە خەبات و تێکۆشان.

دوای هێرشی دوژمن بۆ کوردستان، شان بە شانی کاک هاشم لە زێدە و بنەماڵەی هەڵبڕا، پیشەی مامۆستایی بە جێ هێشت وەک زۆربەی تێکۆشەرانی ڕێگەی ئازادی دوای خەبات و تێکۆشان کەوت. هەر رۆژ و ساتێک ئاوارەی ناوچەیک، دێک، شارێک ولاتێک دەبوو.

لە گەڵ هەموو ناتەبایی و سەختی، نائەمنی و نەبوونی، زێنەب خانم بوو بە دایکی سێ کوڕ. ئەگەر بڵێم کە قورسایی بەرپرسیایەتی و ئەرکی پرورەدەکردن بە تە نیا لە سەر شانی ئەو بوو، درۆم نەکردووە. کاک هاشم هەمیشە پرکار و بە پرسایەتی قورسی خەبات و شۆڕشی لە سەر شان بوو.

ئەگەر دەرفەت بووایە و بیتوانیبایە، بەڕەێزیان لە وەشدا کەمی نەدەهێنا. ئەو ماوەی بۆ پشوو دان لە ماڵ بووایە، کاک هاشم یارمەتی زێنەب خانمی کەم و زۆر دەکرد.

زێنب خانم بە پێچەوانەی زۆربەی هاوژین و هاوسەری هاوڕیانی دیکە، هەرگیز نەیتوانی سەردانی بنەماڵەی بکات کە لە ژێر دەسەڵاتی دووژمندا بوون. بۆ هەمیشە لە ئازیزان و خۆشەویستانی دابڕا.

لە گوند و بنکەکانی حزبدا، دەرگای ماڵی زێنەب خانم هەمیشە بۆ میوان ئاوەڵابوو. بەو پەڕی ڕوو خۆشی،
خۆشەویستی و دڵفراوانیەوە، ماڵ و سفرەی زێنەب خانم، بە تایبەت ببووە بنەکە و بارگای حەسانەوی ژنانی تێکۆشەرو هەڵاتووی ناوچە داگیرکراوەکان.

زێنەب خانمی بەڕێز، جەنابت بە قەدەر کاک هاشم بەرز و بەڕێزی. دەستی ماندوو بوونت دەگوشم کە هاورێ و هاو ژین و هاوخەباتی کاک هاشمی.

## ڕێز گرتن

زێنەب خانم لە ساڵی ١٩٩٤ لە بەر ئالۆزی و نا ئەمنی لە کوردستانی باشوور، بنکە و بارگاکانی حزبی جێهێشت و ڕێگایکی دژواری بەرەو تورکیە گرتە بەر. چونکە کوڕەکانی ئەوکات زۆر منداڵ بوون، دوو، سێ ساڵ لە تورکیە ئاوارەیی چێشت. و جارێکی دیکەش لە کاک هاشم دابڕا.

بە پێویستی دەزانم و پێم وایە جێگای خۆیەتی کە لێرەدا، ڕێز و سوپاسی بەیان خانمی کچی کە ئەو زووتر هاتبووە بریتانیا بکەین، کە زۆر هەوڵ و تەقەلای دا کە بتوانێ دایک و براکانی بگەیەنێتە لەندەن. لە ڕاستیدا ئەرکی یارمەتی دانی ئەوان لەو ماویەدا هەمووی لە سەر شان بوو، وێڕای خوێندن و فێر بوونی زمان، کاری دەکرد و یارمەتی دایک و براکانیشی دەدا.

لە بەر پاکی و سەداقەتی کاک هاشم، ئەم بنەماڵ بەڕێزە، بە درێژی بەشداریان لە شۆڕشدا، لە باری مادیەوە دەتوانم بلێم لە هەموو کەس دست کورتر بوون. کاک هاشم قەت هەوڵی نەدەدا کە لە پۆست و مقامی خۆی ئیستفادەی شەخسی بکات، و یا داوا بکات.

سەرەنجام، لە ساڵی ١٩٩٧ دا، ئەم بنەماڵە بەڕێزە دوابە دوای یەک لە لەندەن یەکیان گرتەوە. بەڵام لێرەش بە گشتی خەریکی تێکۆشان و چالاکین و لە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوە و پرۆتستاکاندا بەشداری دەکەن.

**وێنەتان زۆر بێ و سەرکەوتوو بن ئازیزان.**



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێز گرتن

## تاجی خوێناویی

### بۆ هاوڕێم هاشمی کەریمی

نووسینی: شێکۆ بێکەس

ئەی گوێچکیلەی ڕاستی .. دڵم
ئەی پەنجەرەی ڕۆژهەڵاتی زامەکانم
ئەی کوردستانی ئێرانم
لە ولاتی جبەی رەشا
سیامەند بوو شیعری تازەم
گەڕا بە شوێن چاوی خەجا
شیعری شەیدای باڵای "ورمێ"
ویستی دەستی
گوڵی بگرێ
ئازادانە پێ بکەنێ
ویستی دەم بنێتە دەمی
کانییەک روون، گەش هەڵقوڵێ
زۆری پرسی
هەموو گەڕاو زەردەخەنەی هیچی نەدی
خەجم مانگە
مانگی گیراوی زیندانی ناو ئێرانە
خەجم
وەکوو سێوە لاسوورەکەی باخی "بوکان"
ملی لارەو چاو پڕ لە ئاو
وەکوو- زاوابووک - ی سابلاغ
هەنیە رنراو..قژ ئاڵۆزەکاو.



سەرچاوە
Serchawe

# ڕێز گرتن

ئیستە گوڵان
وەک رووومەتی رەنگ پەریوی
مندالانی هەموو ئێران
پەست و سێس و بێ تریقەن
چاوەروانی بارانیکی
تازە ئەکەن.
ئیستە کانییم
وەکوو نیگای کیژەکانی
شاری سنە
لێڵ و پێڵن
روون نابنەوە، تا ئەو رۆژەی
کوندەپەپووی میزەر بەسەر
ئەم ولاتە چێ ئەهێڵن
ئەی پارچەیک لە جگەرم
ئەی تاجی خوێناویی سەرم
هەرچی جبەی ئاخوندەیە کۆی کەنەوە
وەکوو پەردەی شەوی تاریک بیگرنەوە
لە "خانە" وە
هەتا سەقز
بیدەن بەسەر لەشی تۆدا
چرای برینی شەهیدان ناشارنەوە،
بەر لە زریانم ناگرن
من درەختی ئەم ژیانەم
تۆ لەولاوە من ئەبریت و
لەولای دیکە من دێمەوە
ئازارێکم چەشەی تەور
تا بمبرێ من سەر لەنوێ
بنچ قایمترئەروێمەوە
ئەی ئاوکوژان
هەرچی تالە مووی رێشێکی ئاخووندەیە

## ڕێز گرتن

بەیەکەوە گرێی بدەن
وەکوو گوریس
لە " بانە" وە
هەتا سەردەشت
درێژ درێژی کەنەوە
ئەوساش دەمی هونراوەم و
تفەنگەکەم نابەستنەوە
ئەی چەکەکەی شانی راستم
پاردەی قەلای خورهەلاتم
پشتاو پشتی زنجیرەی "شا"
لە "کورش" ەوە هەتا قاجار
هەموو رۆژێ گوڵیان ئەکوشت
خوێنی کەژو هەردیان ئەرشت
بەلام دوا جار
گوڵ ئەفەوتا
کەژ هەر نەمرد
ئەوەی کە مرد شا، سولتان بوو
ئەوەی،ژیا ئەوەی هەرما
کوردستان بوو
ئەی سەنگەری پر هەتاوی رۆژهەڵاتم
گوڵاڵەی سنگی شیرین و
مەشخەلی دەستی فەرهادم
مەلا وتی: تەلیسماوییم.
دیواریکی گوللەبەندی زۆر رقاوییم.
بەلام سبەی نا دووسبەی
کە سیلاوی پەنگ خوراوەی نیشتمانم
رژایە سەر
سەر شەقام و گۆرەپانم.
ئەوسا ئێران
جبەی رەشی خوێ دائەدرێ.

## ڕێز گرتن

ئەوسا ئێتر بە خەج ئەگەم
بە منداڵ و گوڵ و کانیی،
لێو بە خەندە هەمووی ئەگەم
ئەوساش تارێکی ئەزانێ
گەر تەلیسمێ هەبێ و نەشکێ
هەبی و نەمرێ
هیچ نەێبرێ
بە تەنها هەر خوری گەلە
دڵی گەلە
هیزی گەلە



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێز گرتن

## یادێک لە کاک هاشم کەریمی



**شۆڕش ئەسەدزادە**

مێژووی ئێمەی کورد لەسەر ئەم جیهانە پان و بەرینە، بۆتە ئەفسانەیەک ،کەدۆست و دوژمن سەریان سووڕ دەمێنێ لە خۆڕاگری و بەرەنگاری درێژخایەن و کۆمەڵ کوژی و قەستی بڕانەوەی میللەتێک لە لایەن دوژمنانەوە. ئەمانە هەموو لە مێژووی کوردا ڕوی داوەو زۆربەی هەرە زۆری ئەم مێژووە بە دەستی کەسانی شارەزاو مێژوو نوسانی غەیرە کورد نوسراونەتەوە. هیچ ڕون نیە چەندە لە قازانج و بەرژەوەندی خۆیان بوە، سەرەڕای لێدەرکردنی قازانجی خۆیان دیسان ماڵیان ئاوەدان بێ، کە زۆریان مایە بۆ داناوین و گەلی کوردیان بە میللەتێکی ئازاو ڕەشیدو میوان نەوازو سادەو پاک و بێ فڕوفێڵ ودڵ پاک، ناو هێناوە. بەڵام هەرگیز ئیشارەیان بە سیاسی بوون و لەگەڵ دوژمنەکانیان زیرەک و داناو زانا، باسێکیان لە گەورە پیاوان و سەرۆکەکان و خاوەن بڕیارەکان نەکردوە، چونکە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ سیاستوانانی ئێمە ناتوانن بە هونەری سیاسەت ملی ڕەکابەرە دوژمنەکەی بشکێنێ، کە ئەوە ئەسڵی سیاسەت کردنە، ڕەنگە لەکاتی وادا ڕوحمان بە دوژمنەکانماندا بێتەوەو پێمان گوناح بن. بەڵام کە تۆ نەتکرد ئەو ملت دەشکێنێ و ڕوحمیشت پێ ناکا ..سیاسەت ڕوحم و بەزەیی تێدا نیە. خۆزگە سیاسەت بە شێوازی کوردی بایە کەس دڵی لە کەس نەیەشاباو هیچ وڵاتێک خاکی ئەوی تری نەگرتبایە. دنیای بێ شەڕ، دنیای عیشق و سەفا بوایە .بۆیە هەتا زوڵمی زیاتیریان لە کورد کردبێ، قین و ڕەقی شۆڕشگێڕی زیاتر پەرەی ئەستاندوە لە ناو دڵ و دەمارو هەستی لاوەکانی کوردستان و خۆڕسک و هەندێک جار بەبەرنامە کورد دەستی داوەتە بیر کردنەوە لە بەرنگارییەکی شەرەف مەندانەو هەمە لایەنە لەگەڵ هەموو چین و توێژەکانی خەڵک. لە پێشدا لە ڕێگای گفتوگۆو لێک حاڵی بوون ئەگەر دوژمن هەر ملی نەدا ..حەقێکی شەرعی و دەستوری و سیاسی و مێژوویی خۆمانە بەچەک جوابی چەک بدەینەوە ..لەسەر ئەم سیاسەتە دروستە. پۆل پۆل لاوەکان ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە

## ڕێز گرتن

بۆ هەر فیداكارییەک لە ڕێگای بەرژەوەندییەكانی گەل و نیشتمان . هەتا ستەمكار مابێ و . كوردێكیش مابێ، كوردستان بێ پێشمەرگە نابێ ...

ئەمجارە هەموومان پێكەوە دەچینە خزمەت شۆڕشگێڕو تێكۆشەری سەركردایەتی پێشووی حزبەكەمان كاک "هاشم كەریمی" میدانی سەربەرزی و شۆڕشگێڕی و لەخۆبوردویان پێ دەبەخشین .. تەنها وەک ڕێزو قەدردانیەک و وەفایەک بۆ زەحمەت و تێكۆشان و ماندوو بوونیان لە ڕێگای وەدەست هێنانی ئازادی و ڕزگاری بۆ گەلەكەی .. ئێستا با هەموومان لە نزیكەوە بزانین كاک هاشم كێیەو ڕابردووی شۆڕشگێڕی چۆن هێناوە هەتا ئێستا؛

كاک هاشم كەریمی لە ساڵی ١٩٤٠ - ١٣١٩ لە شارە جوان و سەربەرزەكەی بانە لەبن سێبەری شاخی خۆڕاگری "ئاربابە" لە دایک بوەو چاوی بە دنیا هەڵێناوەو یەكەم هەناسەی بە هەوای پاک و سازگاری كوردستان هەڵكێشاوە. خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی هەر لە "بانە" تەواو كردوەو دواتر بۆ درێژەدان بە خوێندن چۆتە شاری "سنە ساڵی ١٣٥٠ - ١٩٧١ لەوێ بۆ خوێندنی مامۆستایی چوەتە دانشسرای موقەدەماتی پاشان دەچێتە "تاران" و لەوێ لیسانسی لە ڕشتەی سیاسی لە دانشكەدەی یاسای زانكۆی "تاران" وەرگرتووە. پاشان دەگەڕێتەوە بۆ شارەكەی خۆی "بانە" لەوێ بۆ ماوەی ١٥ ساڵ لەسەریەک مامۆستای سەرەتایی و ناوەندی بووە. دەرسی بە منداڵان و لاوانی شاری بانە گۆتۆتەوە، زۆر كەس لەژێر دەستی ئەم دڵسۆزەی كوردا پەروەردە بوەو پێگەیشتووە.

لەساڵی ١٣٤٠ - ١٩٦١ كاک هاشم تێكەڵ بە سیاسەت دەبێ و خولیای كوردایەتی سەرو هەست و هەموو وجودی دادەگرێ و بۆیە پیاوانی ساواک و گۆپاڵ بەدەستەكانی ڕژیمی پاشایەتی بە شک و گومان دەبن لێی و بۆ ئەم مەبەستە لەشاری بانەی دوور دەخەنەوە بۆ گوندێكی دوور لە شار بە ناوی "چەمپاراو" لە نزیک سنووری باشووری كوردستان .. بەڵام كاک هاشم ئەو كەسە نەبوو بەو "بایە" بلەرزێ و چاوی بترسێ بەڵكوو لەوێ زیاتر لە جاران بە ڕوونكردنەوەو هوشیاركردنەوەی لاوەكانەوە خۆی ماندوو دەكردو تێدەكۆشا، تا سەرئەنجام بۆیان ڕوون بۆوە كە ناتوانن لێرە پێشی پێ بگرن. لە ساڵی ١٣٤٤ - ١٩٦٥ دیسان لەگەڵ كۆمەڵێک مامۆستای دیكە دوریان دەخەنەوە بۆ دەرەوەی كوردستان، بۆ گوندێک بە ناوی "تەفرش" لە نزیک شاری "قوم." ماوەیەكی زۆر لەوێ دەمێنەوە هەتا ساڵی ١٣٥٥ وەک لەیەنگر كاری حزبی كردووە لەگەڵ كاک "محمد كەریمی" برای ناسراو بە "قاقە" برا گەورەی بووە دەست پێكردووە. و لە تاران ئەوكات بەشداری چالاكانەیان كردووە لە هەندێک خۆپیشاندان كە ئەوكات بە دژی ڕژیمی پاشایەتی دەكران. هەروەها كاک هاشم ساڵی ١٣٥١ - ١٩٧٢ ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خاتوو "زینەب ڕەسوڵپەنا" پێک هێناوە. لەساڵی ١٣٥٢ - ١٩٧٣ بە هۆی خیانەتی كەسێک بە ناوی "سەلیم خاشەرافەت" تەشكیلاتی حزبی دیموكرات ئاشكرا بوو. كە بوو بە هۆی گیران و لەسێدارە دانی "قادر وێردی .. محمد سەدیق .. عەزیز

# ڕێز گرتن

مستەفا زادە" هەروەها کۆمەڵێک هەڵسوراوانی سیاسی دیکەش گیران و هەندێکیش ئاوارە بوون، کاک هاشم یەکێک لەو کەسانە بوو کە ئاوارەی باشووری کوردستان بوو. ماوەی ٧ ساڵ، هەتا ساڵی ١٩٧٩ چوار مانگ پێش ڕوخاندنی ڕژیم و خۆپیشاندانەکانی سەرتاسەری گەلانی ئێران کاک هاشم و چەند هاوڕێی حزبی پێکەوە دەگەڕێنەوە بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات ... دوای ڕوخانی ڕژیمی شاە و ئاشکرا بوونی خەباتی حزبی دیموکراتی کوردسان و ئازاد کردنی هەموو کوردستان، حزبی دیموکراتی کوردستان خەباتی ئاشکرای خۆی دوست پێکردوو کۆنترۆڵی هەموو ناوچەکانی کوردستانی کردو لە شاری "بانە" کاک هاشم کەریمی وەکوو بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی بانە دیاری کرا. کاک هاشم لە کۆنگرەی ٣ی حزب وەکوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. هەتا کۆنگرەی ١٠ هەر بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی مایەوەو لە کۆنگرەی ٧ بۆتە ئەندامی دەفتەری سیاسی .. لە هەموو بوارەکانی کاری حزبیدا ئەنجام وەزیفەی کردووە بە سەرکەووتویی لە ساڵی ١٣٦٧ لە کۆنگرەی هەشت وەکوو هەموو حزبەکانی دنیا کە هەم ناخۆشەو هەم پێویستە هەر چەندە لەت بوون و لێک دابڕان ناخۆشەو هیچ کەس پەسەندی ناکات بەڵام جاری وا هەیە لە شۆڕش و کاری سیاسیدا دێتە پێش و کۆنترۆڵ ناکرێ کاک هاشم پشتیوانی خۆی بۆ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ دەربڕی و هەڵوێستی خۆی گرت. کە لەوێ لە کۆنگرە دیسان وەکوو ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردراو زۆر جار لە نەبوونی سکرتێردا کاک هاشم سکرتێر دەبوو هەتا سکرتێر دەگەڕایەوە .. کاک هاشم کەسایەتیەکی خۆشناوو بنەماڵەیەکی خۆشناوی شاری بانەن .. کەسێکی بە بیروباوەڕو خۆش ئەخلاق و .. خۆشەویستی هەموو کادرو پێشمەرگەکانی حزب بوو و هەیە کەسێکی بە توانا لە باری سیاسی و مێژوویەوە یەکێکە لە کۆڵەکە پتەوەکانی بناغەی حزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژهەڵات، ئەم بنەماڵەیە هەموویان شۆڕشگێڕو قارەمان و دڵسۆزو پشت و پەنای شۆڕشگێڕان بوون ... برایەکی کاک هاشم بە ناوی "عوسمان کەریمی" ساڵی ١٩٧٩ شەهید کرا لە نەغەدە کە یەکێک بوو لە هەیئەتی ئاشتی کە چووبون بۆ نەغەدە..

کاک هاشم ساڵی ١٩٩٧ هاتۆتە وڵاتی بەریتانیا و لەوێ نیشتەجێ بووە، ئێستاش وەکوو کەسایەتیەکی سیاسی و پشتیوانی شۆڕش و جوڵانەوە درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدات .. کاک هاشم خاوەنی چوار منداڵە بە ناوەکانی "بەیان .. گۆران .. سۆران .. بابان.

**هیوای تەمەن درێژی بۆ هەموویان دەخوازین و سەرکەووتوبن،**

## ڕێز گرتن

## سپاس و پزانین




لە رۆژی ٨ی مانگی جولای ٢٠١٧، لە شاری لەندەن، بنکەی رۆژهەڵات بۆ ڕێز لێنان لە هاوسەرم، هاشم کەریمی، بەرنامەیکیان پێشکەشی میوانە ئازیزەکانمان کرد. بەر لە هەمووشت سوپاسی زەحمەت و پێزانینی فراوان لە موحیبەت و خۆشەویستی یەک یەکی میوانەکان کە بە هاتنیان گەورە و دڵخۆشیان کردین. و هەروهای سوپاس بێ پایان بۆ هەموو ئەوانەی ئەرکی بەڕێوبەری بەرنامەکەیان بە ئەستۆوە گرتبوو و هاوڕیانی بنکەی ڕۆژهەڵات.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە وەک ژنێک کە لە خەباتی تا ئێستا بەردەوامی گەلەکەمان بەشداری ڕاستەوخۆم هەبووە و تا ئێستاش پایبەند بە ئامنجەکانی گەلەکەمان و خوێنی شەهیدانم، سوپاسی ئەو کەسانە بکەم کە لە بەرنامەکەدا وەک شەریکی ژیان و خەباتی هاشم کەریمی، منیان بە سەر کردەوە. لەوانە مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە، کاک حەسەن رستگار، و کاک مەولوود کە لە لایەن خۆیو و دەفتەر سیاسیەوە منیان لە بیر نەکرد.

ژنانی کورد سەرەرای ستەم وچەرمەسەری دەیان ساڵەی داسەپاوی داگیرکەران، بەشێکی گەورەی خەباتی گەلەکەمان بوون، و بە درێژایی مێژوو ئەرک و زەحمەتی ئەم شۆڕشەیان بە شان و باڵ هەڵگتوە. من ماندوو نەبوون بە یەک یەکیان دەڵێم و ڕێز و خۆشەویستیم بۆ هەموو هاوڕێانم کە لە ڕۆژانی سەختی خەباتدا پێکەو بووین، چ لە شارەکان لە ژێر مەترسی سوپای داگیرکەر، چە لە شاخ و گوند لە هەلومەرجی ئەوپەڕی سەخت و لە ژێر تۆپ و بۆردوومانی دوژمن.



سەرچاوە
Serchawe

# ڕێز گرتن

پێم خۆشە کە ئەم کەلتوورە بەردەوام بێت و ئێمە بتونین لە یەک یەکیان و لە قەترەیک لە دەریا لە زەحمەتەکانیان ڕێز بگرین. ژنانی وەک حەیاتی خۆشەویست کە بە پەیامە جوانەکەی منی بەسەرکردەوە و منیش بەش بە حاڵی خۆم ئەو ڕۆژانەم لە بیر ناچێتەوە کە سەرە ڕای ئەرکی قورسی دایکایەتی، خوشکە حەیاتی خۆشەویست، شاخ بە شاخ و گوند بە گوند، بێسیمی حزبی دیموکراتی بە شانەوە بوو و بە خزمەت بە خەڵکەکەی وئامانجەکانی درێغی نەدەکرد. بە گەرمی لە ئامێزت دەگرم و سوپاسی ئەوە دەکەم کە خۆشترین ڕۆژەکانی ژیانت فیدای ئامانجە رەواکانی بزووتنەوەکەمان کرد.

دیسانەوە لەم فرسەتە کەڵک وەردگرم کە سوپاسی ژنانی شۆڕشگێڕی خەباتی کوردایەتی بکەم کە بەو پەڕی لە خۆبردویەوە، زەجر و کوێرەوەری، بۆ دابین کردنی مافی رەوامان خەباتیان کردوە و تا ئێستاش لە ویستەکانمان پاشە کشە ناکەن. ئەگەر چی هێشتاش لە غوربەت و پەنابەری لە خزم و کەس و کارمان و وڵاتمان دابڕاوین، بەڵام هێشتاش خۆم بە بەشێک لە وجووڵانەوە ڕەوایە دەزانم و لە پێناوی خزمەتکردنیدا دەریغی ناکەم.


**سوپاسی بێ پایانیش بۆ مامۆستا عەبدە، کاک مەحەمدی رەحیمی، چیمن خانم و کاک مستەفای مامە قالە بۆ ئاوردانەویک لە من و قەدردانیم. سوپاستان دەکەم**

**زێنەب رەسوولەپەنا، لەندەن، ١٠ جوولای ٢٠١٧**



## ڕێز گرتن

## بەشێک لە دیدو بۆچوونە سیاسییەکانی ڕێزدار هاشم کەریمی لە دیمانەیەک دا




**وتووێژ: ڕەحمان نەقشی**

*** هەڵسەنگاندنێک لەسەر هەولومەرجی هەنوکەیی نێونەوەیی و ڕۆژهەڵاتی نێوەراست؟**

**وەڵام:** دواى رووخانى بەرەى رۆژهەڵات بۆ ماوەیەک جیهان یەک جەمسەری بوو، کە ئەمریکا سەرکردە و پاریزگاری ئەو جەمسەرە بوو، دوایی رووسیە وردەوردە خۆی بووژاندەوە و هاتەوە مەیدان و سەر لە نوی جیهان بۆوە بە جیهانێکی دوو جەمسەری، دیارە دەبێ ئەوەش لەبەر چاو بگرین کە چینیش ئیدیعای زلهێزی دەکا و لە هێندێک جێ لە گەڵ ئەمریکا و رووسیە بەربەرەکانی دەکا. ئەو سێ وڵاتە لە گەڵ بریتانیا و فەڕانسە کە لە رێکخراوی نەتەوەیە کگرتووەکان دا خاوەنی مافی "وتۆ" ن، بە هۆی ئەو مافەوە دەتوانن لە بەشێکی زۆر لە کێشە سیاسیەکانی جیهان دا نەخشیان هەبێ. ئەو پێنج وڵاتە لە گەڵ چوارولاتی گەورەی سەرمایەداری واتە ژاپۆن، ئەڵمان، ئیتالیا و کانادا زۆربەی کارتڵ و تڕاست و شیرکەتەکانی ئابووریی جیهانیان لە نیو خۆیاندا دابەش کردووە. دیارە یازدە وڵاتی سەنعەتیی دیکەش لە گەڵ ئەو نۆ وڵاتە کە لە گروهی "جی ٢٠" دان بە تێکرا بەشی هەرە زۆری ئابووریی جیهان بەڕێوە دەبەن. ٢ لەسەر ٣ی وڵاتانی جیهان ئابوورییان لە خوارادەی ناڤین دایە، کە زۆربەی وڵاتانی ئەفریقا و ئاسیا و ئەمریکای لاتین دەگرێتەوە. بەو پێیە ١٠٪



سەرچاوە Serchawe

## ڕێز گرتن

سەرمایەدارانی جیهان خاوەنی ٩٠٪ هەموو سامانی سەرزەوین. لەگەڵ ئەو هەموو سەروەت و سامانە کە لە دەست تاقمێکی میلیاردڕی بێ بەزەییدا کۆبۆتەوە، هێشتا لە زۆر جێی دنیا دا خەڵکانێک لە برسا دەمرن یان لە بی دەواو دەرمانی دا گیان لە دەست دەدەن و ئەمە بۆ گشت مرۆڤایەتی جێی شەرمەزاریە. سەرمایەداران تەنانەت بەزەییان بە وەچەکانی داهاتووی خۆیاندا نایەت و بۆ قازنجی هەنووکەیی، داهاتوو دەخەنە مەترسییەوە. ئەمریکا بۆ ئەوەی کارخانەکانی تووشی زەرەروزیان نەبن لە پەیمانی بەربەرەکانێ لە گەڵ گازەکانی توونخانە (گڵخن) هاتەدەر، کە دەزانین ئەو گازانە دەبنە هۆی ئەوە کە " ئوزون" ی فەزا تەنک بێ و هەتاوی ڕۆژ توندو تیژتر بگاتە زەوی و گەرمای زەوی زیاد بکا و سەهۆلی "قوتب "ە کان بتوێنەوە ولە داهاتوودا کارەساتی جەوی پێک بێ.

زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەر بە بەرەی ڕۆژئاوا بەسەرۆکایەتیی ئەمریکا بوون، لەو نێوەدا لیبی و سووریە سەر بە ڕووسیە بوون و ڕۆژئاوا بۆ بیانوویەک دەگەڕا کە ئەو دوو وڵاتەش بێنێتە ژێر نفووزی خۆی، لە بە ناو بەهاری عەرەبی دا ئەو هەلەی قۆستەوە و لیبی یان روخاند، بەڵام ڕووسیە و ئێران فریای سووریە کەوتن و لە ڕووخان ڕزگاریان کرد. دوا بە دوای ئەوە "داعەش" سەری هەڵدا، لە پێشدا لە عیراق و سووریە و دوایی لە چەند وڵاتی دیکە. داعەش کە نوێنەرایەتیی هزرو فکرێکی توندئاژۆی سونەی دەکرد و وادەهاتە بەرچاو کە دژی هزر و بیرو بۆچوونی توندئاژۆی شیعەی ویلایەتی فەقیە بێ، لە لایەن وڵاتانی عەرەبستانی سعوودی و تورکیە و قەتەر ولە پێشدا بە چرای سەوزی ئەمریکا کە پێی وابوو داعەش دژی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، پشتیوانی لێکرا و پارەی زۆر و زەوەندی نەوتی خەلیجی درایە و سنوورەکانی تورکیەی بۆ ئاواڵە کرا کە کەسانی کۆنە پەرست و توند ئاژۆ لە هەموو جیهانەوە ڕوو بکەنە سووریە و عێراق. بە هاتنە سەرکاری "ترامپ " لە ئەمریکا کە نوینەری باڵی ڕاستی ئیمپریالیزمی ئەمریکایە، جیهان بەرەو مەترسیی هەڵگیرسانی شەری تردەبا، لە ڕۆژهەڵات لە گەمژەیی و سەرەڕۆیی سەرۆکی کۆریای باکوور کەڵک وەردەگرێ و دەیەوی شەڕێکی دیکە لەو ناوچە هەڵگیرسینێ و لە لایەکەوە لە ناکۆکی نێوخۆیی وەنزوئیلا دا، دەست تێوەردان دەکا وهەڕەشەی هێرشی نیزامی لەو وڵاتە دەکا و لە لایەکی ترەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ڕوڵەت بە دژایەتی لە گەڵ ئێران بە میلیاردها دولار چەک و تەقەمەنی بە عەرەبستانی سعوودی دەفرۆشێ. قەتەر مەحکووم دەکا کە پشتیوانی تیرۆریزمە، بەڵام چەک و تەقەمەنیشی پێ دەفرۆشێ. دیارە ئەوە ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە کە ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا و ژاپون لە لایەک و ڕووسیە و چینیش لە لایەکی دیکەوە تەنیا بەرژەوەندیی مادی و سیاسی خۆیان مەبەستە، ئەگینا دۆستی هیچ گەلێکی ئەم جیهانە نین.

ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دووبەرە بە زەقی دەبیندرێن، بەرەیەک بە ڕێبەرایەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە نوێنەرایەتی شێعە دەکا. حکوومەتی بەشار ئەسەدی سووریە و حیزبوڵای لوبنان و" حووسی " ی یەمەن و تاڕادەیەک

## ڕێز گرتن

حکوومەتی شێعەی عێراقی لە گەڵە و رووسیە پشتیوانیەتی و بەرەیەکی دیکە کە عەرەبستانی سعوودی وەک نوینەری سونە ریبەرایەتی دەکا کە زۆربەی وڵاتانی خەلیج و میسر و ئوردن و سوودان و یەمەنی لە گەڵە و رۆژئاوا پشتیوانیەتی. تورکیە و قەتەر لە هێندێک کێشەدا لە بەرەی ئەمریکا و عەرەبستانن و لە هێندێک کێشەدا لەگەڵ بەرەی رووسیە و ئێرانن و بە تەواوەتی بۆ لایەک ساغ نەبوونەتەوە. بە هەرحاڵ ئێستا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە مەیدانی رمبازێنی سێ رەوتی کۆنەپەرست و بنئاژۆ. یەکیان رەوتی شێعەی ویلایەتی فەقیهی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و یەکیان رەوتی وەهابیگەریی سونەی عەرەبستانی سعوودییە و ئەوی دیکەش رەوتی توندئاژۆ و مرۆڤکوژی سونەی داعەشە. دیارە ئەلقاعیدە و تالەبان و چەند تاقمی کۆنەپەرستی دیکەش لە ناوچەدا هەن کە بە پێی قەبارەی خۆیان کاریگەریان لە سەر رووداوەکان دا هەیە.

### ✻ هەڵومەرجی ئێستای کوردستان چوون هەڵدەسەنگینی؟

**وەڵام**: ئەگەر بێینە سەر بارودۆخی کوردستان ناچارین بە جیا باسیان بکەین، چونکە لە ژێر کاریگەریی ئەو وڵاتەدا بوون کە داگیریان کردووە.

رۆژهەڵاتی کوردستان لانی کەم لە هاتنە سەرکاری حکوومەتی "سەفەوی " یەوە واتە چوار سەد ساڵە بەشێکە لە ئێران. لە سەرتاسەری ئەو ماوەدا جگە لە راپەڕینی"خانی لەپزێڕین" لە لای ورمێ لە دەورەی سەفەوی دا کە زوو سەرکوت کرا و راپەڕینی شێخ عوبیدولای نەهری و سمایل خانی سمکۆ کە زیاتر باری عەشیرەتیان هەبوو تا ناسیونالیستی و یازدە مانگ کوماری کوردستان، کورد هەمیشە لە باری سیاسییەوە ژێر چەپۆکە بووە، ئەگەریش ئەمارەتیش هەبووبێ وەکوو ئەمارەتی ئەردەڵان، کە هێندێک دەسەڵاتی نێوخۆییان هەبووبێ، لە راستیدا ملکەچی حکوومەتی ناوەندی بوون. لە باری زمانەوە کورد بە زمانی خۆی دوواوە و لە کولتوری نەتەوەیی خۆی کەڵکی وەرگرتووە. لەو بارەوە گوشارێکی ئەوتۆی لەسەر نەبووە، تەنیا لە دەورەی رەزا شادا بوو کە دەیەویست جل و بەرگی خەڵک یەکسان بکا. ئەو سیاسەتە خەلکی کوردیشی گرتەوە کە لە هێندێک جێ بەربەرەکانێشی لەبەرامبەر دا کرا. لە دەورەی پەهلەویەکاندا بە قوتابیی فێرگەکان دەگوترا دەبێ لەسەر کەلاس بە فارسی بدوێن، بەڵام لە سەرانسەری ئەو چوارسەد ساڵەدا ئیجازە نەدراوە کورد بە زمانی زگماکیی خۆی بخوێنێ، لە گەڵ ئەوەش لە موکوریان لە پێشدا شاعیرانی بەناوبانگی وەکوو "وەفایی" و "ئەدەب" ودواییش "سیفولقوزات" و "هێمن" و" هەژار" و زۆر شاعیر و ئەدیبی تر بێ ئەوەی لە قوتابخانە فێری کوردی ببن (کە نەبوو) خۆیان بە نووسینی پەخشان و شێعری بەرز زمانی کوردیان دەوڵەمەند کرد. لە دەورەی کۆماردا پێشوا قازی محەمەد و هێندێک لە سەرانی حیزب هانی شاعیران و ئەدیبانیان دەدا بۆ پەرەپێدانی زمان و کولتوری کوردی و هێندێک رۆژنامەو گۆڤار چاپ بوون. لە دەورەی حەمەرەزا شادا رۆژنامەیەک بەناوی کوردستان بڵاو دەبۆوە کە نەدهاتە کوردستان و باری پڕوپاگەندە کردنی بۆ ریژیم



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێز گرتن

هەبوو، لەگەڵ ئەوەش هێندێک شاعیر و نووسەر شێعر و وتاری بە پێزیان تێدا دەنووسی کە لە گەڵ بەرنامەکانی رادیۆ کرماشان بۆ فێربوونی خویندن و نووسینی زمانی کوردی لە نێوان ئەو کەسانەی حەزیان لێ بوو، کاریگەری هەبوو.

گەلی رۆژهەلاتی کوردستان لە دەورەی کۆماری ئیسلامیی ئیراندا. کوردەکانیش وەکوو هەموو گەلانی ئێران و چین و توێژە زەحمەتکێشەکانی وڵات و رووناکبیران لە رووخانی ریژیمی دیکتاتۆڕ و سەرەڕۆی حەمەڕەزا شادا نەخشی هەبوو، بەو هیوایەی حکوومەتێکی دیموکرات جێی بگرێتەوە کە مافی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران و یەک لەوان گەلی کورد بسەلمێنێ و دێموکراسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی دابین بکا. بە داخەوە چاوەروانیەکە لەجێی خویدا نەبوو وریژیمێک جێی گرتەوە کە دیکتاتۆرتر وکۆنەپەرست تر لە ریژیمی شا بوو، کە نەک تەنیا ئازادیخوازان و بەرەی چەپ و عەدالەتخوازی لە هەموو ئێران دا سەرکوت کرد، بەڵکوو شەڕێکی زاڵمانەی بە سەر گەلی کوردستاندا سەپاند. هێزە سیاسیەکانی کوردستان لە پێشیانەوە حیزبی دیموکڕات ناچار بوون بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی شۆڕش دەست بدەنە چەک و لە بەرامبەر رژێمدا راوەستن. دیارە ئەوە راستیەکی حاشاهەڵنەگرە کە خەبات لە کوردستان دا قەتیس مابوو. رێژیم لە پێشدا لەبەرامبەر قارەمانەتیی هێزی پێشمەرگە دا دۆش دامابوو، بەڵام بەو هەموو سەرووت و سامان و چەک و تەقەمەنی کە لە ریژیمی پێشوو بۆی بەجێ مابوو و خەڵکێکی زۆر و زەوندی ساویلکەی دەمارگرژ بەتایبەت شیعە مەزهەبی بە ناوی پاسدار و بەسیجی هێنابووە مەیدان و پیی گوتبوون بۆ شەڕی کافران دەچن و ئەگەر سەرکەون کافرانتان لەبەین بردووە و ئەگەریش بمرن یەکسەر دەچنە بەهەشت. پێشمەرگە چەند ساڵ بە باشی لە ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان بەرگری کرد، دوایی ناچار بە پاشەکشە بوو، هەرچەند هێشتاش بە تەواوەتی مەیدانی بۆ ریژیم چۆڵ نەکردوە. رژیم لەو ماوەدا هێندێک کاری ئاوەدانیی وەکوو ناوچەکانی دیکە لە کوردستاندا کردووە، چەند رادیو و تەلەفزیونی کوردیی لە هێندێک لە شارەکانی کوردستان وەڕێ خستووە، ئیجازەی داوە هێندێک کتێبی مێژوو و شێعرو ئەدەبیاتی کوردی چاپ ببێ، خەڵکی ساویلکەی بە ناوی بەسیج کڕیوە و چەکی داونێ و مووچەی بۆ بڕیونەوە و بەو هۆیەوە لە نێو توێژێکی خەڵکی کوردستان دا نفووزی کردووە و کاری پێشمەرگە بە زەحمەت بووە. دیارە هەرچەند ریژیم بە هۆی تیرۆرەکانی لە وڵاتانی ئوروپایی هێندێک جار وەبەر تووڕەیی ئەو وڵاتانە کەوتووە، دوایی پێوەندیەکان بۆخاتری بەرژەوەندیی مادی و بازرگانی چاک بۆتەوە. چەند ساڵ لەوەپێش رۆژئاوا کە بۆی دەرکەوت ریژیمی کۆماری ئیسلامی خەریکی دروستکردنی بۆمبی ناوەکییە، لە ژێر فشاری ئەمریکا و ئیسرائیل دا هێندیک گەمارۆیان خستە سەر ئێران، بەڵام رووس و چین و هێندێک لە وڵاتانی موسوڵمان بەو گەمارۆیە پابەند نەبوون، بۆیە ئێران زۆر زیانی بەرنەکەوت. لەم ئاخرانەدا بە ئیمزاکردنی" بەرجام " گەمارۆکانی لەسەرهەڵگیرا، بەڵام بەهاتنەسەرکاری ترامپ لە ئەمریکا خەریکە بەرجام گلۆڵەی دەکەویتە لێژی.

راستە فاکتۆری دەرەکی کاریگەریی هەیە، بەڵام گرنگ هۆکاری ناوخۆییە. کۆماری ئیسلامی سیستمی سەرمایەداریە، ئەویش

## ڕێز گرتن

سەرمایەداریەکی دواکەوتوو کە لە حاستی سەرمایەداریی جیهانیدا نیە، ئاخوندەکان و فەرماندەرانی سوپای پاسداران و بەسیج دەستیان بە سەرسەروەت و سامانی وڵاتدا گرتووە، جیاوازیی چینایەتی لە جاران زیاتر بووە. تووشبوانی مادە هۆشبەرەکان لە دەورەی شا زۆرزیاترە، لە گەڵ ئەوەی ڕیژیم ساڵانە سەدان کەس بەناوی قاچاخچیی مادەی هۆشبەر ئیعدام دەکا، بەڵام بۆی چارە ناکرێ، چونکە توند وتیژی بۆ بنبڕکردنی ئەو بەڵا کۆمەڵایەتییە تەنیا ڕێگە چارە نیە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەوەی لاوەکان لە بزووتنەوەی کوردستان دووربخەنەوە، کاربەدەستانی ڕیژیم دەستیان هەیە لە پەرەپێدانی ئەو بەڵایە، تەنانەت باشووری کوردستانیش کە لەوبارەوە هەمیشە خاوێن بووە، ئێستا ئەو بەڵایە رووی تێکردووە و بە چاوپۆشیی هێندێک لە کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم لە هێندێک قاچاخچی و حوکمی کەمی دادگاکانی باشووری کوردستان بۆ قاچاخچییانی مادەی هۆشبەر، بەداخەوە لەوێش ڕۆژبەرۆژ مادەی هۆشبەر لە پەرەسەندن دایە. لەشفرۆشی کە هۆیەکەی زیاتر هەژارییە لەدەوری شا زیاتر بووە، دزی و تەنانەت دزیی چەکدارانە زۆر بووە، بەرتیل خواردن هەر بە حیساب نایەت و زۆر نەخۆشیی کۆمەڵایەتیی تر. سەرباری هەموو ئەوانە دیکتاتۆریی مەزهەبیی بێ ئەمانی ٣٨ ساڵە پرزەی لە خەڵک بڕیوە، گەلانی ئێران هیچ مافێکیان نیە، ژنان لە هەموو بارێکەوە بە نیوەی پیاو بە حیساب دێن، کرێکاران ژیانیان بە کولەمەرگی دەگوزەرێ، زۆر لە جوتیاران لە بەر بێ ئاوی زەویەکانیان جێ دێڵن و بەشێکیان دەچنە ریزی لەشکری بێکارانەوە.

**پرسیاێک ئەوەیە کە ئایا وتوویژلە گەڵ کۆماری ئیسلامیدا ئەنجامی بووە و هەیە؟ و ئایاخەباتی چەکداری کاریگەری ماوە؟ و خەباتی مەدەنی لە چ بارودۆخێکدایە؟ و دروشمی رووخانی ڕیژیم لە جێی خویدایە؟**

*** وتوویژ و دانوستاندن؟**

**وەڵام**: من لێرە دا بۆچوونی خۆم دەڵێم، ئەگەر هەڵە بم، پێمخۆشە هەڵەکەم راست کرێتەوە. لە کۆنەوە گوتوویانە وتوویژ بەشێکە لە خەبات، بەڵام کۆماری ئیسلامی تەنیا لەشەڕی سێ مانگەدا تا رادەیەک ملی بۆ وتوویژی راستەقینە راکێشا، ئەوەش هۆیەکەی قارەمانەتی پێشمەرگە و تەنگ پێهەڵچنینی هێزەکانی ڕیژیم بوو، بۆیە خومەینی جامی ژەهری کوردستانی خواردەوە و داوای ئاشتی کرد و چەند کۆڕی نوێنەرایەتیان بۆ کوردستان بەرێ کرد. لە مەزهەبی شیعەدا ئەسڵێک هەیە بە ناوی"تەقیە" ئەویش ئەوەیە کە لەکاتی تەنگانەدا بیرو بۆچوونی خۆت بشارەوە و تەنانەت درۆش بکا بۆ ئەوەی بپارێزرێی. خومەینی لەو پەیامەیدا ئەسڵی تەقیەی بەکارهێنا بۆ ئەوەی هێزەکانی ببووژێنەوە و سەر لە نوێ هێرش بکەنەوە سەر کوردستان. ئەو کۆڕانەش کە دەهاتنە کوردستان یەکەم لە لایەن دەوڵەتی بازرگان و دوایی" بنی سەدر" ەوە دەهاتن نەک لە لایەن خومەینییەوە، بۆیە دەسەڵاتیان نەدەدرایە و دووهەم جگە لە زیندوویاد" داریوش فروهەر" ئەوانی دیکە نیەتیان

## ڕێز گرتن

بەرامبەر بە بزووتنەوەی کورد باش نەبوو، دوای ئەوە کۆماری ئیسلامی ئێران کە خۆی لە بزووتنەوەی کورد بەبەهیزتر زانی، قەت وتووویژی راستەقینەی نەکردووە و هەروەکوو لە شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو و کاک عەبدوڵا قادری ئازەر دا دیتمان تەنیا مەبەستی بەجێهێنانی وەسیەتەکەی خومەینی بوو کە کاتی خۆی دکتور قاسملوو و مامۆستا شێخ عیزەدینی بە "مفسد فی الارض" ناو بردبوو. من خۆم شاهیدی بە ناو وتووویژێکی ترم کە مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە و شەهید کەریم عەلیار و کاک حەسەن ئەیوب زادە (مامۆستا گۆران) چوونە ئالان و لە هاتنەوەدا گوتیان ئەوانە بۆ وتووویژ نەهاتوون، بۆبەردانی چەند ئەسیریان کە لای حیزبن هاتبوون.

### * پێشمەرگە و خەباتی چەکداری لە رۆژهەڵاتی کوردستان

**وەڵام**: ئەگەر باسی خەباتی چەکداری بکەین دەبێ ئەو راستیەمان لەبەر چاو بێ کە ئەوە بزووتنەوەی کوردستان نەبوو خەباتی چەکداریی لە نێو خەباتەکاندا هەڵبژارد، بەڵکوو ئەوە کۆماری ئیسلامی بوو کە خەباتی چەکداریی بەسەر بزووتنەوەی کوردستاندا داسەپاند. حیزبی توودە و چریکی ئەکسەریەت و گرووهی حەوت کەسیی جیابۆوە لە حیزب پیان وابوو نابێ بە هیچ جۆریک چەک دژی کۆماری ئیسلامی بێتە گۆڕێ، خۆیان کە دژی چەک بوون بە حاسانی کەوتنە بەر پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکانی ریژیم، ئەوەی بەردەست کەوت گیران و زۆریان ئیعدام کران، ئەوانەی دیکەش پەرتەوازەی وڵاتان بوون یان بە پەشیمان نامەیەک لە مردن رزگاریان بوو. بە باوەری من بزووتنەوەی کورد لەو قۆناغەدا جگە لە بەرگری لە خۆی ئەویش بە چەک چارەیەکی نەبوو. حیزبی دیموکڕات لە هەموو کاتێکیش دا خەباتی مەدەنیی ئەگەر ئیمکانی هەبێ هاوڕێ لەگەڵ خەباتی چەکداری بە زەرووڕەتێک زانیوە. ئێستا خەباتی گەلانی ئێران بۆ خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکی، خەباتی کرێکاران بۆ پێکهێنان و بەرەسمی ناسینی یەکیتی کرێکاران، خەباتی جوتیاران بۆ نەهێشتنی سووروساتی پاشماوەی دەرەبەگایەتی، خەباتی ژنان بۆ بەرانبەری لەگەڵ پیاوان و خەباتی لایەنەکانی پاراستنی ژینگە... ئەو جۆرە خەباتانەن کە دەبێ پشتگیری بکرێن، لە گەڵ ئەوەش تا ئەو ریژیمە سەرەڕۆ و کۆنەپەرستە لەسەرکارە نابێ پێشمەرگە چەک دابنێ.

### * دروشمی روخانی ریژیم

**وەڵام**: لەسەر دروشمی رووخانی رژیم ئەوانەی کە دەڵێن حیزبی دیمۆکڕات حیزبێکی ناوچەییە و نابێ دروشمی وابدا و ناتوانێ رژیم برووخێنێ لۆژیکی تێدایە، بەڵام بزانیین بۆچی حیزب ئەو دروشمەی هەڵگرت. بزووتنەوەی کوردستان لە کاتی خویدا بە دڵی ئاواڵەوە بە پێشوازی ئەو داوا درۆیەی خومەینیەوە چوو و ئاگربەستی راگرت و حیزبی دیمۆکڕات یان

## ڕێز گرتن

لەگەڵ لایەنەكانی تر یان بە تەنیا چەندین جاركۆری نوینەرایەتیی نارده لای خومەینی و بازرگان و بەنی سەدر و پیی ڕاگەیاندن كە بزووتنەوەی كوردستان خوازیاری شەڕ نیە و دەیەوی لەرێی ئاشتیەوە بە مافەكانی بگا. بەڵام ئەوانەی كە ئەو دەورەیان لەبیرە دەزانن كە ڕژیم ئاشتیی نەدەویست و تەنیا دەیویست پێشمەرگە چەك دابنێ و بە حاسانی وەك هیندێك حیزب وڕێكخراو دەستبەسەریان كا و لانی كەم بەرپرسەكانیان ئیعدام بكا. دوایی كەوتە كوشتاری گوندەكانی دەوروبەری مەهاباد و میاندواو و نەغەدە و كوردستانی سەرو و سەدان كەس قەتلووعام كران و دەستی كرد بە ڕەشبگیری و سەدان كەس لە خەڵكی بێدیفاع ئیعدام كران. شارەكانی سنە و مهاباد و پاوە و مەریوان و سەقز و بانە... بۆمباران و گولە باران كران و سەدان كەس گیانیان لە دەست دا، ئا لەو حاڵەدا ڕیژیم هیچ ڕیگەیەكی بۆ بزووتنەوەی كوردستان نەهێشتەوە جگە لەوەی دروشمی رووخانی ڕیژیم بدا. دیارە زۆر حیزب و ڕێكخراو با بە قەبارەش وەك بزووتنەوەی كوردستان گەورە نەبووبن هەر ئەو دروشمەیان هەڵگرت. ئێستا ڕاستە كە ڕژیم بە تەنیا بە حیزبی دیمۆكڕات نارووخێ، بەڵام نارەزایەتێكی زۆر لە نێو نەتەوەكانی ئێران و زەحمەتكیشان و ڕووناكبیران دا دەبینرێ كە جێی هیوایە بۆ دووارۆژ.

### ❊ بایكۆتی هەڵبژاردنەكان لە ئێران؟

**وەڵام**: لە بارەی هەلبژاردنەوە، ئەوە ڕاستیەكە كە كەس ناتوانێ نكوولی لێ بكا. لە وڵاتانی دیكتاتۆریدا هەڵبژاردن گاڵتەكردنە بە هەست و شعووری خەڵك. لە كۆماری ئیسلامیی ئێراندا لە بنەڕەتدا حیزبایەتی لەگۆڕیدا نەبووە و نیە. لە ماوەی ئەو ٣٨ ساڵە دا لە پێشدا حیزبی جمهوریی ئیسلامی كە حیزبی ئاخوندە دەسەڵاتدارەكانی ڕیژیم بوو، تێكۆشانی هەبوو، كە خومەینی هەڵیوەشاند، دوای ئەوەش یەكدوو وردە حیزب كە خۆیان بەلایەنگری ڕەفسەنجانی یان باڵی بە ناو ئیسلاح خواز ناودەبەن (كە ئەوانیش گەرانەوە بۆ دەورەی زێڕینی ئیمامیان مەبەستە) لە كاتی هەلبژاردنەكاندا جموجۆڵێكیان هەیە و تەواو. كاتێك هیچ حیزبێك كە دژی ویلایەتی فەقیە بێ ئیجازەی هیچ جۆرە تێكۆشانێكی نەبێ، كاتێك تەواوی حیزب و ڕێكخراوەكان كە تەنانەت لە دەورەی دیكتاتۆریی حەمەرەزا شادا بە نهێنی تێكۆشانیان هەبوو سەركوت كراون و ئەندامانیان یان ئیعدام كراون یان ئاوارەی هەندەران بوون، ئیتر قسەكردن لە هەڵبژاردن جگە لە فریودانی خەلك شتێكی تر نیە. لە ئاخرین دەوەرەی هەلبژاردندا شەش لایەنی حیزبەكانی كوردستان بە دروستی بایكوتیان كرد، بەڵام بە داخەوە كەسانێك كە خۆیان بە ئوپوزسیون دەناسێنن، خەڵكیان هاندەدا بۆ بەشداری لە هەڵبژاردندا. لە دەرەوەی وڵات زۆرتری ئەو كەسانەی لەبەر دەركی باڵوێزخانە و كونسولگەریەكاندا دەبینران ئەو كەسانە بوون كە كاتی هاتنە دەرەوە گوتبوویان لەدەست ڕیژیمێكی جینایەتكار رامانكردووە و نامەی پشتراستكردنەوی (تائیدیە) حیزبێكیان وەردەگرت و دوای وەرگیران وەك پنابەری سیاسی و دوای چەند ساڵ دەبوونە سیتیزینی (هاووڵاتی) ئەو وڵاتە، ئەمجارە بیری نیشتمانیان دەكەوتە سەر و دەچوونەوە و هەموو ساڵێك گەرمێن و كوێستان دەكەن. ئەگەرێش لیان دەپرسی بۆ

## ڕێز گرتن

بەشداریی هەڵبژاردنت کرد؟ دەڵێن ئەگەر نەچین بۆ هەڵبژاردن و مۆر لە ناسنامەکەمان نەدرێ گیرو گرفتمان بۆ ساز دەبی، لەو لاشەوە ڕۆحانی بەڵێنی بە نەتەوەکان و ژنان دا کە مافی ئەوان لەبەر چاو بگرێ، بەڵام دیتمان چلۆن درۆی لەگەڵ کردن.

* تیرۆریزم بە گشتی و تیرۆزیزمی کۆماری ئیسلامی بە تایبەتی ڕێبەرانی کورد)؟

**وەڵام**: لە بارەی تیروریزم لە کۆماری ئیسلامیی ئیران دا پرسیار کراوە، لە راستیدا دوای رووخانی رەزاشا و هاتنەسەرکاری حەمەرەزا شا کەشێکی تا رادەیەک ئازاد لە ئێران دا پێک هات کە زۆر حیزب و رێکخراو تێکۆشانیان دەست پێکرد. یەک لەوان رێکخراوی "فیدائیانی ئیسلام" بوو. ئەم ریکخراوە کۆپییەک بوولە "ئەخەوان المسلمین" ی میسر کە رێکخراوێکی بن ئاژۆ بوو. جیاوزیان تەنیا لە خەلافەت و ئیمامەت دا بوو. یەکەم کاری تیروریستیی فیدائیانی ئیسلام لە سەر نووسینێکی خومەینی بوو کە موسڵمانانی هان دابوو بۆ کوشتنی " ئەحمەد کەسرەوی " مێژوونووسی ناودار کە دژی شێعە کتێبی نووسیبوو. فیدائیانی ئیسلام کە رێبەری مەعنەویان "ئایەتوڵا کاشانی" و رێبەری سیاسیان "نەواب سەفەوی" بوو، لە نێو وەزارەتخانەی دادگوستەری دا "کەسرەوی" و دەفتەردارەکەیان کوشت. دوایی لە ئاخرەکانی بیستەکان و سەرەتاکانی سیەکانی هەتاویدا دوو سەروک وەزیرانی ئێران و چەند کەسی دیکەشیان تیرۆر کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی" ئایەتوڵا کاشانی" یان لە پشت بوو، سەزا نەدەدران. "ئایەتوڵا کاشانی" ئەوکاتە هەم دەرباری حەمەڕەزاشا حیسابی لەسەر دەکرد و هەم لەبەرئەوەی ئەو کات هاوکاریی "دوکتور موسەدیق" و "جەبهەی میللی" دەکرد، (دوایی بایداوە و بووە هاوکاری شا و دەوڵەتی کودەتا) دەسەڵاتێکی رەهای هەبوو، بۆیە دادگاکان نەیانتوانی بکوژە فیدایەکان سەزا بدەن. لە چلەکانی زاینیدا بە فەرمانی خومەینی ناوی "فیدائیانی ئیسلام" بوو بە "هەیئەتهای موئتەلیفەی ئیسلامی" و لە ١٣٤٣ی هەتاویدا" حسەینعەلی مەنسوور" سەروک وەزیرانی ئەوکاتیان تیرۆر کرد. هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران گرۆتینێکی بە تیرورێزم دا. پێش ئەوەی بچمە سەر کارە تیروریستیەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئاماژەیەک بە لایەنەکەی تری تیروریزم بە کورتی بە پێویست دەزانم. "ئەخوان الموسلمین" کە نوینەری باڵی توند ئاژۆی سونە بوو لە میسر، چەند کەسی تیرۆر کرد، بەڵام کاتێک کە تەقەیان لە "جەمال عەبدوناسر" سەروک کۆماری ئەوکاتی میسر کرد، کەوتنە بەر پەلاماری پۆلیسی میسر و لە وڵاتانی ئیسلامیدا بڵاو بوونەوە، بە تایبەت لە پاکستان پشتیوانیی هێندێک لە سەرەک کۆمار و فەرماندەرانی نیزامیشیان لە پشت بوو. لە شەڕی ئەفغانستاندا بە گەلەکۆمەکێی ئەمریکا و پاکستان و عەڕەبستانی سعوودی توانرا حکوومەتی تا رادیەک دیمۆکراتیکی "دوکتور نەجیبوڵا" بڕووخێنن و سوپای سۆڤیەت لە ئەفغانستان دەرپەڕێنن و ئەمە سەرهەڵدانی دوو رێکخراوی تیروریستی تاڵەبان و ئەلقاعیدەی لێ کەوەتەوە، کە دوایی هەر دووکیان مەترسیان بۆ بەرژەوندیەکانی ئەمریکا پێک هێنا، کە گرنگترینیان تەقاندنەوەی بورجەکانی نیۆیورک و وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا لە ٢٠٠١ی زاینیدا بوو. لەم ساڵانەی

## ڕێز گرتن

دواییەش دا "داعەش" و "بووکوحەرام" لە نیجریە و" ئەلشباب " لە سومالی و چەندین تاقم و دەستەی تیروریستی دیکە لە پاکستان وسووریە و عێراق و یەمەن پەیدا بوون کە هەر لەسەر ئیدەئولۆژیی تاڵەبان و ئەلقاعیدەن.

دیارە تاقمە تیرۆریستە ئیسلامییەکان تەنیا لە وڵاتانی موسڵماندا تێکۆشانیان نیە، بەڵکوو ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بە تایبەت وڵاتانی ئوروپایی شانەی نووستوویان هەیە و بەیناوبەین زەبری خۆیان دەوەشێنن. پۆلیسی ئەو وڵاتانە زۆر لەو تیرۆریستانە دەناسن، بەڵام بە وتەی خۆیان قانوونی وڵاتەکەیان ئیجازەیان پێ نادات بیانگرن و تا لادەکەنەوە، ئەوان دەستی خۆیان وەشاندووە. لە ئاخرین ڕاپۆرتی پۆلیسی بریتانیادا دەردەکەوێ کە ٥٠ هەزار کەسی توندئاژۆ و فاندومینتاڵی ئیسلامی لە ئوروپا دەژین کە ٣٥ هەزاریان تەنیا لە بریتانیا ژیان بەسە دەبەن. ئەوەش بەوهۆیەوەیە کە بریتانیا لە کۆنەوە بۆ پاراستنی بەرژەوندیە مادیەکانی خۆی لە گەڵ وڵاتانی ئیسلامی پێوەندیی باشی هەیە و حاسانکاری دەکا بۆ وەرگرتنی پەنابەر لەو وڵاتانە.

* کۆماری ئیسلامی لە چوار بواردا دەستی دایە تێرۆر.

**وەڵام**: لە نێوخۆی وڵاتدا بێجگە لە کوشتن و ئیعدام کردنی چندین هەزار کەس لە کوردستان و ناوچەکانی دیکە ی ئێران، لە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی ١٩٨٨ی زاینی چەندین هەزار کەسیشی لە زیندانیانی سیاسی کە زۆریان دەورەی زیندانیان تەواو ببوو، بە نهینی قەتڵووعام کرد. بەوشەوە نەوەستا و چەندین نووسەرو شاعیری پێشکەوتنخواز و هەروەها کەسایەتیی سیاسی "داریوشی فروهەر" و هاوسەرەکەی "پەروانە ئەسکەندەری" ی تیرۆر کرد کە ئەو تیرۆرانە بە "کوشتنە زنجیرەیەکان" بەناوبانگە و پیلانی بۆ کوشتنی پتر لە چل کەس شاعیرو و نووسەر و هونەرمەند کە بۆ ئەرمەنستان دەعوەت کرابوون، دارشت کە بەخۆشیەوە و بەهەڵکەوەت پیلانەکە پووچەڵ کرایەوە و ئەو چل کەسە لە مردن ڕزگاریان بوو، دوایی ڕێژیم گوتی کە مەئمورانی ئەمنیەتی سەربەخۆ ئەو کارانەیان کردووە و سی کەسیان گرتن و یەکیان کە مۆرەی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی فەرماندەرانی تیرۆرەکان و ئەو پیلانە ئاشکرا نەبن لە زیندان دا دەرمانیان دایە و کوشتیان و دووانەکەی تریش یەک دووساڵ زیندان بوون و ئازاد کران.

**دووهەم**: لەو کاتەی کە هەریمی کوردستان تازە دامەزرابوو و وەزعی ئابووری خەڵک خراپ بوو و سنوورەکانیش ئاواڵە بوون کەمێک بە وەسیلەی کوردانی خۆفروشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پتر بە هۆی کوردانی خۆفرۆشی باشووری کوردستان نزیکەی چوار سەد کەس کادر و پێشمەرگە ی حیزبی دیموکڕات و کۆمەڵە و خەبات و شۆڕشگێران و حێزبەکانی دیکەی ئۆپوزسیۆنیان تیرۆر کرد. حکوومەتی هەریم نەیویست یان نەیتوانی تیروریستەکان بگرێ و بەسەزایان بگەینێ.

## ڕێز گرتن

**سێهەم**: لە وڵاتانی ئوروپا و خەلیج و تورکیە و پاکستان و جێی تر پتر لە سەد کەسایەتیی ئوپوزسیونی تیرۆر کرد کە بەناوبانگترینیان بریتی بوون لە زیندوو یادان دکتور قاسملوو، دکتور شەرەفکەندی، عەبدوڵا قادری ئازەر، فەتاح عەبدولی، هومایون ئەردەڵان، نوری دیهکوردی، عەلی کاشفپوور، تاها کرمانج، دکتور رەجەوی، دکتور بەختیار، خەنمی عیفەت قازی، دکتوربرومەند، بەهمەن جوادی، فەرەیدون فروخزاد......

**چوارەم**: کۆماری ئیسلامیی ئیران یارمەتی بە دوو تاقمی تیروریستیی حیزبوڵای لوبنان و جیهادی ئیسلامیی فەلەستین دا کە بنکە نیزامیەکانی ئەمریکا و فەڕانسە لە لوبنان و هەروەها ناوەندی جووەکانی ئارژانتین بتەقێننەوە و سەدان کەس بکوژن و هەروەها لە چەند جێگە ی تر دژی کەسانی ئەمریکایی و ئیسڕائیلی کاری تیروریستی ئەنجام بدەن.

### ⁕ نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئیران و کورد

**وەڵام**: چۆنیەتیی خەباتی گەلانی بندەستی ئێران لە چ ئاستێکدایە ؟ و پێوەندیان لەگەڵ گەلی کورد چۆنە؟ بۆچوونی حیزب و ڕێکخراوەکانی ئوپوزسیونی ئێران بەرامبەر بە کێشەی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات و بزووتنەوەی کورد چۆنە؟ لە راستیدا نەتەوەی تورکی ئازربایجان لە کۆنەوە شەریکە بەشی حوکمداریی ئێران بوون. ٣ بەش لە ٤ بەشی هەموو ئەو حکوومەتانەی دوای ئیسلام لە ئێران دەسەڵاتیان بە دەستەوە بووە، تورک بوون، کەوابوو ئەوان لە باری سیاسی و ئابوورییەوە ژێردەستە نەبوون، بەڵام ئەوانیش لە سەرتاسەری مێژووی ئێران دا نەیانتوانیوە بە زمانی زگماکی خۆیان بخوێنن و بنووسن و خزمەتی زمانی فارسیان کردووە، بۆیە لەو بارەوە وەکوو هەموو گەلانی دیکەی ئێران چەوساوە بوون. گەلانی عەڕەب و بەلووچ و تورکمەن و لوڕ....هەم لە باری سیاسی و ئابووری و هەم لە باری زمان و کولتورەوە وەکوو گەلی کورد ژێر چەپۆکە بوون. چەند سال پێش ئێستا حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران لە گەڵ چەند حیزب لە نەتەوەکانی دیکە شێوە بەرەیەکی پێک هێنا کە تا ئێستا تێکۆشانی زۆر بەرچاو نەبووە، لەبەرئەوەی بە داخەوە خەبات و بەربەرەکانێ لە نێو گەلانی دیکە جگە لە گەلی کورد دا لاوازە. حیزبەکانی ئوپۆزسیۆن بە چوار لایەن دابەش دەبن.

**لایەنی یەکەم**: لایەنگرانی شای رووخاو و کوڕەکەی کە ئێستاش بە شازادە ناوی دەبەن و لایەنیک هاوشێوەی ئەوان کە پشتیوانی لە پادشایی مەشرووتە دەکەن، بەڵام رەخنەیان لە کوڕی شا هەیە. ئەمانە لایەنگری بێ ئەملاوو ئەولای "ئەواوەتیی ئەرزیی ئێران" ن، هەروەکوو پەهلەویەکان لە ماوەی پەنجا ساڵ پاشایەتیدا تەنانەت قانوونی بنەڕەتیی ئێرانی دەورەی مەشروتە کە باسی " ئەیالەت و ولایەت" ی دەکرد پشتگوێ خست.

## ڕێز گرتن

**لایەنی دووەم**: "جەبهەی میللی" و هاوفیکرانی ئەم بەرەیەن. کاتی خۆی "دکتورموسەدیق" سەرۆک وەزیرانی سەرەتاکانی ساڵەکانی سی کە پیاوێکی نیشتمانپەروەر و ڕێبەری "جبهە میلّی" بوو و دەیەویست دیموکڕاسی لە ئێراندا بێنێتە گۆڕێ، لەگەڵ ئەوەش دژی ناناوەندی بوو، جا لایەنگرانی ناوبراو ئێستاش هەر بەو بۆچوونە دەڕواننە مافی گەلانی چەوساوەی ئێران.

**لایەنی سیهەم**: "موجاهیدینی خەڵق"ن کە کاتی خۆی لە شوڕای موقاومەتی بەرگریدا خودموختارییان بۆ گەلی کورد پەسەند کرد، بەڵام کاتێک "حدک ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر" لە کونگرەی خۆیدا باسی مافی دیاریکردنی چارەنووسی کرد، ئەوان ڕەخنەیان گرت. پیم وایە ئێستاش لایەنگری خودموختارین.

**لایەنی چوارەم**: هێزە چەپەکانن. ئەوان لە ئەدەبیاتی خویاندا باسی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلانی ئێران دەکەن، بەڵام بە بیانووی ئەوە کە جارێ زەرەر بە خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان دەدا، بە ڕۆشنی ناڵێن کە لەگەڵ جیابوونەوەی گەلانی چەوساوەی ئێران نین. حیزبە دیموکراتەکان و کۆمەڵەکان کە خۆیان بە نوێنەری بزووتنەوەی کورد دەزانن، هەرچەند بە زۆربە پیانخۆشە رۆژێک نەتەوەی کورد دەوڵەتی خۆی هەبێ، بەڵام ئەوانیش بەهەرهۆیەک ئەو ئارەزوەی خۆیان نادرکێنن. لەو نێوە دا کەسانێکی ئازا و لەخۆبووردووی وەکوو" دکتور ئیسماعیل بێشکچی" لە نێو گەلانی فارس و عەرەب و تورک دا پەیدا دەبن کە بە پێچەوانەی بۆچوونی زۆربەی هاوزمانەکانیان دەچنە زیندان، بەڵام لە جیابوونەوەی گەلی کورد بەرگری دەکەن.

### * باکوور و رۆژئاوایی کوردستان؟

**وەڵام**: باکووری کوردستان. پێش مەلا ئیدریسی بیتلیسی دوانزدە ئەمارەتی تارادەیەک سەربەخۆ لە وڵاتی عوسمانی دا هەبوون وتەنیا پێوەندیەکی لاوازیان لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی هەبوو و جارو بار هێندێک باج و خەراجیان دەدایە. مەلا ئیدریس لە بەر دەمارگرژیی سونەبوون و بە دژایەتی لە گەڵ شا ئیسماعیلی سەفەوی کە دەیویست خەڵکی ناوچەکە بکاتە شێعە، هەموویانی خستە ژێر ئاڵای خەلافەتی عوسمانی و لەو کاتەوە تەنیا جارێ میری جەزیرو بۆتان ویستی نەچێتە ژێرباری زوڵم و زۆری عوسمانی کە برازاکەیان لێ هەڵگێڕایەوە و ئەمارەتەکەیان سەرلەنوێ خستەوە ژێر ڕکێفی سوڵتان، لەگەڵ ئەوەش کوردەکانی عوسمانی زمان و کولتوری خۆیان پاراست و تەنانەت شاعیری گەورەی کورد "ئەحمەدی خانی" لە سەرەتای کتێبی مەم و زین دا کوردانی هاندەدا بۆ سەربەخۆیی. دوابەدوای ئەوە زۆربەی عەشیرەتەکانی کورد بوونە داردەستی عوسمانی بۆ سەرکوتی نارازیەکانی وڵات وەکوو نارەزایەتیی ئەرمنیەکان و عەلەویەکان و ئاسووریەکان و بە



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێز گرتن

داخەوە لە ١٩١٥ی زایینی دا سوارەی حەمیدیە کە پتر لە عەشیرە کوردەکان پێک هاتبوون، شان بەشانی سوپای عوسمانی لە قەتڵوعامی ئەرمنیەکان دا بەشداری کرد. دوای هاتنە سەرکاری سیستمی کۆماری لە تورکیە بە سەرۆکایەتیی ئەتاتۆرک، تورکیە هەموو هەوڵ و تێکۆشانی تەرخان کرد کە پەیماننامەی "سێڤر" هەڵوەشێنێتەوە، ئەو پەیماننامەی کە هێندێک ماف بۆ کوردان لەبەر چاو گیرابوو، دیارە بە یارمەتیی بریتانیا و فەڕانسە کە بەشێکی زۆری سەرزەویی پێشووی عوسمانی یان کردبووە " ژێرسەرپەرستی" ی (مەندەیت) خۆیان سەرکەوت. لە دەورەی کۆماریدا تەنانەت قسەکردن بەزمانی کوردی قەدەغەن کرا، مەگەر لە گوندکاندا یان لە نێو بنەماڵە نێشتمانپەرەرانی نیوشاردا ئەویش بە نهێنی. کوردەکان بە ئاشکرا نەیاندەوێرا بە زمانی زگماکیی خۆیان بدوێن. چەندین شۆڕشی وەکوو شۆڕشی پیران و ئاڕارات و شۆڕشی کوردانی عەلەوی خەڵتانی خوێن کران. سەدان نیشتمانپەروەری وەکوو شێخ سەعید، دوکتور فوئاد، کەمال فەوزی، فەهمی بلال ئەفەندی و سەید رەزا ئیعدام کران. لەگەڵ ئەوەش تێکۆشانی نهێنی نیشمانپەروەران و تێکۆشەرانی سیاسی کوردستان قەت نەوەستا، تاوەکوو لە ساڵی ١٩٨٤ی زاینیدا پارتی کریکارانی کوردستان شۆڕشی چەکداری لە کوردستانی باکورهەڵگیرساند. جوغرافیای تورکیە وا هەڵکەوتووە کە هاوسنووری یەکیتی سۆڤیەتی پیشوو بووە. ئەوکات شەڕی سارد لە نێوان بەرەی رۆژهەڵات بە سەرۆکایەتیی سۆڤیەت و بەرەی رۆژئاوا بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا بە توندی لە گۆڕیدا بوو. رۆژئاوا بۆ بەربەرەکانێ لە گەڵ سۆڤیەت پیویستی بە پێک هێنانی هاوپیمانی لە نیوان خۆی و ئەو دەوڵەتانە دا هەبوو کە دەوروبەری سۆڤیەتیان دابوو. بۆیە تورکیە لەیەکەمینی ئەو وڵاتانەی دامەزرێنەری پەیمانی "ناتۆ" و "سینتۆ" بوو و لەوبارەوە لە هەموو یارمەتیەکی نیزامی و مادی رۆژئاوا بەهرەمەند دەبوو. هەر دەوڵەتێکیش لە تورکیەدا لەسەرکار بوبایە نیزامی یان سویل و تەنانەت ئیسلامی پشتیوانیی رۆژئاوای بۆ خۆی مسۆگەر دەکرد. تورکیەش نەک تەنیا مافی گەلی کوردستان و گەلەکانی دیکەی ناتورکی پێشێل دەکرد، تەنانەت ئەو دەوڵەتانەی کە بە هۆی کودەتای نیزامی دەهاتنە سەرکار مافی سیاسی گەلی تورکیشیان پێشیل دەکرد و رۆژئاوا چاوپۆشیی لێدەکردن. ئەوە دەپانزدە ساڵە حیزبێکی ئیسلامی بە ناوی"ئاکاپە" دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتوە، ئەو حیزبە بە هۆی خەباتی بێوچانی کوردانی باکوور ناچار بوو هێندێک گوشار لەسەر کوردەکان هەڵبگرێ و ئیجازە بدا حیزبێک کە ئەندامانی پترلە کوردان پێک هاتوون بە ناوی "ها دە پ"، تێکۆشانی هەبێ و بتوانێ بچێتە پاڕلەمان. دیارە "ئاکاپە" ش دوای ئەوەی قانوونی بنەرەتیی لە پارلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی گۆڕی و "ئوردوغان " بەشێکی زۆر لە دەسەڵاتەکانی وڵاتی خستە ئیختیاری خۆی و لەسنوورەکانی باشووری تورکیە کوردکانی رۆژئاوا سەرکەوتنی باشیان بەسەر داعەشدا بە دەست هێنا و لە زۆربەی سنوورەکانی باشووری تورکیە دا بوونە دراوسێی تورکیە و تورکیەش "پێ یێ دێ" بە شاخەیەکی "پێ کا کا" دەناسێ، کێچی کەوتۆتە کەوڵەوە و لە کوردەکانی باکوور لە بیانووە و خەریکە دەسکەوتەکانیان بەرتەسک دەکاتەوە. لەبەر ئەوەی لە گەڵ رۆژئاواش لە سەر نەهێشتنی بۆچوونە ناو بازاری هاوبەشی ئوروپا نارازیە، ئێستا خۆی لە رووسیە نێزیک کردۆتەوە، بەڵام ناڕەزایەتی زۆرە و سیاسەتی داهاتووی نارِوونە.



سەرچاوە
Serchawe

# ڕێز گرتن

## * باشووری کوردستان و ریفراندۆم و پرسی سەربەخۆیی؟

**وەڵام**: باشووری کوردستان. دوای پەیمانی زەهاو لە نێوان حکوومەتی سەفەوی و حکوومەتی عوسمانی دا، باشووری کوردستان هەر ئەو بارودۆخەی هەبوو کە باکووری کوردستان هەیبوو. تەنیا جارێک عەبدوڕەحمان پاشای بابان دژی عوسمانیەکان ئاڵای سەربەخۆیی هەڵکرد کە ئەویش دوای ماوەیەک بە پوازی نێو خۆیی فەوتا. تا شەڕی یەکەمی جیهانی ئەو هەل و مەرجە بەردەوام بوو. لەم شەڕەدا عوسمانی کە لە بەرەی"میحوەر" و هاوپێمانی ئەڵمان و ئوتریش - هەنگری و بولغارستان بوو لە بەرەی "هاوپیمانان" کە بریتی بوون لە بریتانیا و فەرانسە وئەمریکا و رووسیە و ژاپۆن و چەند وڵاتی دیکە شکستی خوارد. بریتانیا و فەڕانسە بەشێکی زۆر لە سەرزەویەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاستیان لە دەست عوسمانی دەرهێنا و کردیانن "ژێرسەرپەرستی" ی (مەندەیت) خۆیان. ئەو وڵاتەی کە ئێستا پێی دەڵێن عیراق سێ ئەیالەت بوو، بەسرە و بەغدا و موسڵ. ئەیالەتی موسڵ ٦٠٪ کورد بوون و باقیەکەی عەڕەب و تورکمان و ئاسووری و کەلدان و ئەرمەنی بوون. لە پەیمانی "سیڤر" دا بڕیار وابوو کە ویست و ئارەزووی کوردەکانی ئەیالەتی موسڵ لە بەرچاو بگیرێ یان سەربەخۆ بن یان لەگەڵ ئەیالەتەکانی بەغدا و بەسرە وڵاتێکی تازە دامەزرێنن. لەو کاتە دا شێخ مەحموودی حەفید ڕاپەڕی و داوای سەربەخۆیی کوردستانی کرد. شێخ مەحموود پیاوێکی کوردپەروەر بوو، بەڵام سیاسی نەبوو و راوێژکاری باشیشی نەبوو. جاری وابوو بە فیتی تورکەکان فریووی دەخوارد و بریتانیای لە خۆی دردۆنگ دەکرد. لەولاشەوە بریتانیا مەیلی بەوە نەبوو کە سەربەخۆیی کوردان بسەلمێنێ. هێندێک لە راوێژکارانی سیاسیی بریتانیایی کە دەهاتنە کوردستان وەکوو "میجر نوئیل" سۆزی بۆلای کوردەکان هەبوو، بەڵام زۆربەی راوێژکارەکانی بریتانیایی سیاسەتی وڵاتەکەیان پەیڕەو دەکرد و حەزیان بە سەربەخۆیی کوردان نەدەکرد، تەنانەت کەسێکی وەکوو "میجرسۆن" کە کوردیزان و کوردناس بوو و حەزی لێبوو زمانی کوردی بیووژێتەوە، دوژمنی شیخ مەحموود بوو. ئەوە لایەکی کێشەکە بوو لایەکەی تری ئەوە بوو کە جاسووسەکانی بریتانیا کە دەمێک بوو هاتووچووی میسوپوتامیا و ئێرانیان دەکرد و لە زەویناسینیش دا دەستیان هەبوو، تێگەیشتبوون کە لە کەرکووک نەوت هەیە. هەروەها بەشێکی زۆری ئاوی بەغدا و بەسرە لە کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێ، جا ئێستا کە بڕیاریان دابوو دەڵەتی عێراق ساز بکەن، نەیاندەویست کوردستانی لێ هەڵبرن و بە بیانووی ئەوە کە پرسیان بە کوردەکانی بەشەکانی کوردستان کردووە و تەنیا سلێمانی خوازیاری سەربەخۆییە و کەرکووک و هەولێر و دهۆک و هەڵەبجە و خانەقین دەیانەوی لە گەڵ دەولەتی تازەدامەزراوی عێراق بن. لەو لاشەوە کۆماری تورکیە خەلافەتە نەخۆشەکەی عوسمانی روخاندبوو و یۆنانیەکانی لە خاکی تورکیە دەرپەراندبوو، دەستی بەسەر کاناڵەکانی نێوان دەریای ڕەش و دەریای ئێژەدا گرتبوو و دەوڵەتێکی بە هیزیکی نیزامیی تۆکمەی دامەزراند بوو و رۆژئاواش بۆ بەربەرەکانێ لە گەڵ یەکیتی سۆڤیەتی پێشوو پێویستیی پێی بوو، بۆیە هاوپیمانان لە لۆزان پەیمانیان لە گەڵ کۆماری تورکیە ئیمزا کرد و خەتی سووریان بەسەر

## ڕێز گرتن

پەیمانی "سیڤر" دا هێنا و سەربەخۆیی کوردستانی باشووریان کردە فیدای بەرژەوەندیی ماددی و سیاسیی خۆیان. بریتانیا لە ساڵی ١٩٢١ی زایینی دەوڵەتی عیراقی پێک هێنا و کوڕی شەریفی مەکە واتە فەیسەڵی لە عەرەبستانەوە هێنا و کردیە پادشای عیراق. بۆ ماوەی یازدە ساڵ واتە تا ساڵی ١٩٣٢ی زایینی عێراق " ژێر سەرپەرستی" ی (مەندەیت) بریتانیا بوو، تا ساڵی ١٩٥٨ی زایینی واتە شۆڕش بەهۆی عەبدولکەریم قاسم و هاوڕێکانیەوە، عیراق هەر لە ژێر نفووزی سیاسەتی بریتانیادا بوو. لەو ماوەدا تێکۆشانی سیاسی بۆ حیزبە چەپەکان و کوردەکان بە ئاشکرا قەدەغەن بوو. بەڵام تێکۆشانی نهێنی بەردەوام هەبوو. لەوماوەدا لە کاتی شەڕی دووەمی جیهانی "ڕەشید عالی گیلانی" ویستی بە پشتیوانیی ئەڵمان کودەتا بکا، بەڵام شکستی خوارد. کوردەکانیش بێجگە لە ڕاپەڕینی شیخ محموود و ڕاپەڕینی بارزان، چەندین جار لە شارەکانی کوردستان خۆپێشاندانیان ساز کرد، بەتایبەت لە ساڵەکانی ١٩٣٢و ١٩٥٦ی زایینی لە سلێمانی کە شەڵالی خوێن کران. عەبدولکەریم قاسم پیاوێکی نیشتمانپەروەر بوو، لە قانوونی بنەرەتیی عێراق دا ماددەیەکی بۆ مافی کوردان تەرخان کرد و بۆ ماوەی سێ ساڵ عێراق بووە لانکەی ئازادی. بەڵام دوایی گۆڕانی بەسەردا هات و شەڕی دژی کوردان دەست پێکرد و تیکۆشانی حیزبە چەپ و پێشکەوتنخوازەکانی بەرتەسک کرد. ئەوە بوو حیزبی بەعس بە هاوکاریی "عەبدوسەلام عارف" کودەتای لێکرد و قاسم و زۆر لە هەواڵەکانی کوژأران و هەزاران شیوعی و ئازادیخواز کوشتار کران.

لە ماوەی حەوت ساڵ دەسەڵاتی عەبدوسەلامەکان و بەعسیەکان بۆ یەک دوو جار نەبێ ئەویش بۆ ماوەیەکی کورت  کە ئاگر بڕ کرا، شەڕ دژی بزووتنەوەی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفا بارزانی هەر بەردەوام بوو، ئازادیە سیاسیەکان لە هەمووعێراقدا قەدەغەن بوون. دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێ کە باشووری کوردستان لە تەواوی ماوەی دەسەڵاتی عوسمانی و دوایی دەسەڵاتی عێراق دا زمان و کولتوری خۆی پاراست و بە تایبەت لە ساڵەکانی ١٩٢٠ی زایینی بە دواوە زمانی کوردی بە بڵاوبوونەوەی کتێب و ڕۆژنامە بە تایبەت لە سلیمانی، ڕۆژ بەرۆژ لە گەشەسەندندا بوو. "مستەفا پاشای یاملکی" و "پیرەمیرد" کە هەر دووکیان خەلکی سلێمانی بوون و لە پێشدا کاربەدەستی عوسمانی بوون، نەخشی بەرچاویان هەبوو. دەورەی وتووێژی نێوان بزووتنەوەی کورد و حکوومەتی بەعس دەورەیەکی خۆش بوو، ئازادیە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستان دا دەپارێزران، شێعر و ئەدەبیاتی کوردی باشتر بووژایەوە، زانکۆ لە کوردستان دامەزران. بەڵام هەر دوولا واتە بەعش و بزووتنەوە لە یەکتر دردۆنگ بوون. حکوومەتی بەعس زۆربەی خاڵەکانی ریکەوتنامەی ئازاری ١٩٧٠ی زایینی جێ بە جێ نەکردبوو، بزووتنەوەش پێوەندیی خۆی لەگەڵ ئەمریکا و ئێران و ئیسرائیل نەپچراند بوو. لە ١٩٧٤ی زایینی دا شەڕ دەستی پێکردەوە و پێشمەرگە قارەمانانە بەرەنگاری سوپا و جاش بوونەوە، بەڵام ڕێکەوتنی ئەلجەزیرە لە نێوان حەمە ڕەزا شا و سەدام حسەین پشتی جەبهەی بزووتنەوەی بۆ پێشمەرگە نەهێشتەوە و مەلا مستەفا فەرمانی شەڕ نەکردنی دا و بە کورتی بزووتنەوە هەرەسی هێنا، بەڵام زۆری نەخایاند لە پێشدا کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کە بەشێک بوو لە یەکیتی نیشتمانیی کوردستان بە فەرماندەری زیندوویاد شاسوار جەلال( ئارام ) و هارڕیکانی و دوایش پارتی

## ڕێز گرتن

دیموکرارت و شیوعی و سوسیالیست و پاسۆک هاتنەوە مەیدان و نەیانهێشت سەدام بە راحەتی ئەو پاروە قوت بدا. یەکێک لەو پێشمەرگانەی حیزبی سوسیالیست کە لە هەڵگیرساندنەوەی ئاگری شۆڕش دا بەشدار بوو و پێویستە لێرەدا ناوی بێنم زیندوو یاد مولازم ئەنوەری مەجید سوڵتان بوو، کە شان بە شانی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکڕات لە بانە لە شەڕ لەگەڵ سوپای کۆماری ئیسلامیدا گیانی فیدای گەل و نیشتمان کرد. لەم دەورەی شەڕدا حیزبەکان هەم لەگەڵ یەکتر لە شەڕدا بوون و هەم لە گەڵ سوپای زەبەلاح و سەدان فۆجی جاش، لەگەڵ ئەوش تا ئەو کاتەی سەدام حسەین دڕندانە هەڵەبجە و گوندەکانی کوردستان و تەنانەت شاری سەردەشتی کوردستانی ڕۆژهەلاتی بومبارانی شیمیایی نەکردبوو و دوو سەد هەزار خەڵکی بێدیفاعی ناوچەکانی کوردستانی ئەنفال نەکردبوو، حیزبەکان ناوچە ئازاد کراوەکانیان چۆڵ نەکرد. سەدام حسەین کە لە شەڕی لە گەڵ ئێران دا تووشی لە خۆباییبوون ببوو، ئەمجارە هێرشی کردە سەر کوویت. ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوا و وڵاتانی عەرەبیی کە تا ئەو کاتە پشتیوانییان لێدەکرد لە خۆی رەنجاند و بە دژی راوەستا ن و لە ٢٠٠٣ی زایینی ڕیژیمی بەعس رووخا و جینایەتەکانی چووە لاپەڕەکانی مێژووەوە.

**ئێستا بە پێچەوانەی دەورەکانی پێشوو کە سونەکانی عێراق بەشێکی زۆری دەسەڵاتەکانی وڵاتیان بەدەستەوە بوو،**

شێعەکان دەسەڵاتی یەکەمن لەعێراق دا. دیارە ڕیژیمی عێراق بە هۆی ئەو یارمەتییەی کە ئەمریکا لە رووخانی بەعسدا و هێنانە سەرکاری کاربەدەستانی ئێستا، بە رواڵەت خۆی بە قەرزداری ئەمریکا دەزانێ، هەرچەند ئەوە گشتی نیە و هێندێ لە لایەنە شێعەکان وەک دوژمن چاو لە ئەمریکا دەکەن. زۆربەی حیزبە شێعەکانی عێراق بە هۆی دەمارگیریی مەزهەبییەوە سۆزیان بۆ ئێران هەیە، بەڵام لەبەر ناکۆکیی نێوان ئەمریکا و زۆربەی حکوومەتە سونەکانی عەرەب لە گەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بە زەقی ئەو سۆزە پیشان نادەن. کۆماری ئیسلامی ئیران نفووزی لەڕادەبەدەری لە عیراقدا هەیە، سوپای "بدر" و سوپای "مهدی" لە لایەن سوپای پاسدارانەوە دامەزراوە و مەشقیان پێکراوە. دوای سەرهەڵدانی داعەش، عێراق بە یارمەتیی کۆماری ئیسلامی "حشدی شعبی" دامەزراندووە و لە پەڕلەمانی عێراقدا وەک ئەرتەشی عێراق بەرەسمی ناسراوە، لە حاڵێکدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەو پوانەی( ئیمتیاز) نەدراوەتێ. "موجاهیدینی خەلق " کە ساڵەها ناوندیان لە عێراقدا بوو، دوای هاتنەسەرکاری حکوومەتی شێعە گلۆڵەیان کەوتە لێژی، لە پێشدا ئەمریکا هەموو چەک و سیلاحی لێ سەندن، بەڵام کەوتنە بەر پەلاماری تاقمە تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەمجارە ئەمریکا بە رەزایەتی عێراق گوێزانیەوە بۆ نزیک بەغدا، بەڵام لەوێش کەوتنە بەر پەلامار و زەرەروزیانی گیانی زۆریان بەرکەوت، کە دیارە بێگومان ئەو کارە تیروریستیانە بە بێ ئاگاداری حکوومەتی عێراق نەدەکران. ئەمجارە دەوڵەتی"ئەلبانی" پەنابەریی دانێ و لە عیراق راگوێزران. وەزعی ئابووری عێراق زۆر خراپە و هەرچەند داهاتی چاکی نەوتی هەیە، بەڵام لەبەر گەندەڵی، ئەو داهاتە بۆ ئاوەدان کردنەوەی وڵات بە کار نایەت. داگیرکردنی موسڵ و ناوچەکانی تری عێراق و ئەوشەڕەی بە هۆی



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێز گرتن

داعەشەوە بە تووشیەوە بوو، زەرەر و زیانێکی زۆری لێدا. ئێستا سوپای عێراق بە یارمەتیی پێشمەرگە و "حشدی شەعبی" کە سەر بە ئێرانە، توانیویەتی لە چەند جێگە دا داعەش شکست بدا.

حیزبەکانی باشووری کوردستان بە تایبەت یەکیتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکڕاتی کوردستان لە دوو بەش لە سێ بەشی کوردستانی باشووردا هەرێمیان دامەزراند کە تا ڕادەیەک نیمچە سەربەخۆ بوو. ئەم هەرێمە لە پێشدا بووە جێی هیوا و ئومێدی هەموو کوردان. بۆ نموونە شاعیری گەورەی کورد زیندوو یاد شێرکۆ بێکەس لە نامەیەکدا کە بۆ نووسەری ئەم وتارەی لە ١٤ - ٢ - ١٩٩٤ دا نووسیوە دەڵێ: بە شانازییەوە وەزارەتی یەکەم حکوومەت باشووری کوردستانم قبووڵ کرد (وەزارەتی ڕۆشنبیری)، بەڵام دوایی لە دەست تێوەردانەکانی ئەملاو ئەولا نائومید بووم و دەستم لە کار کێشایەوە. حیزبە دەسەڵاتدارەکان چەند ساڵێک بە هۆی کەم داهاتی نەیانتوانی هەنگاوی باش بۆ ئاوادانکردنەوەی کوردستان هەڵبێنن، بەڵام دوایی کە پارەی نەوت و گومرک و شتی تریان دەست کەوت، هێندێک ئاوەدانیان لە هەرێمدا دەست پێکرد و لە یەکەم هەڵبژاردن بۆ پارلەمان بە دانانی ٧٪ هەڵەیەکی گەورەیان کرد و پارتی و یەکیتی هەرکام لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆیان هێندێک ساختەکاریشیان کرد و بە فیفتی فیفتی کورسیەکانی پارلەمانیان لە نێوان خویاندا دابەش کرد، بەڵام دوایی کە شەڕی یەکیتی و پارتی هەڵگیرسا پارلەمانە حیزبیەکە هیچی پێ نەکرا و زۆر لە دەسکەوتەکان لەدەست چوون. لە شەڕی نیوخۆدا بزووتنەوی ئیسلامی هەلی دەست کەوت و لە هەڵەبجە و هەورامان حکوومەتی ئیسلامیی شێوە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانی دامەزراند، بەڵام لە یەکیتی شکستی خوارد و هێندێکیان پەنایان بۆ ئێران و هێندێکیان پەنایان بۆ پارتی برد. چەند ساڵ دواتر ئەو کوردانەی چووبوونە شەڕی ئەفغانستان لەگەڵ هێندێک ناکورد گەڕانەوە و لە پێشدا بە ناوی جوندولئیسلام و دوایی بە ناوی ئەنسارولئیسلام حکوومەتێکی شێوە تاڵەبانیان لە هەورامان و بەشێک لە شارەزوور دامەزراند. دوایی یەکیتی بە پشتیوانیی هێزی هەوایی ئەمریکا شکستی دان و بەرەو ئێران پاشەکشەیان کرد.

کوردەکانی بەشەکانی دیکەش بە دامەزرانی هەرێم زۆر دڵخۆش بوون. لە سەرەتادا لە لایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە زۆر ڕێزیان لێدەگیرا، بەڵام دوایی کە ئەو حیزبانە پێوەندیان لەگەڵ ئێران و تورکیە پێک هێنا، ڕێز و خۆشەویستی لە کزی دا و ئەو دوو ڕێژیمە داگیرکەرە بۆ زەربە لێدان لە حیزبە کانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باکووور سنووەریان دەبەزاند. حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە جێی ئەوەی کاروباری کشت و کاڵ کە خاکی کوردستان زۆر بە پیت و بەرەکەتە ببووژێنێتەوە و ئەگەر ئیمکان هەبێ لە بەشی سەنعەتیدا سەرمایەگوزاری بکا، زیاتر گرنگی دا بە بازرگانی کە خەڵکانێکی زۆر بوونە سەرمایەداری قورس و مشەخۆر و جیاوازیی چینایەتی تەنانەت لە دەورەکانی پێیشوو زیاتر بوو، قانوونەکانی هەرێم زۆربەی هەروەکوو قانوونەکانی عێراق بەڕێوە دەچێ، ژنکوشتن بە ناوێ نامووسەوە زەبری لە پرستیژی هەرێم داوە. ئێستا لە هەرێمدا پتر لە بیست کونسولخانەی لێ یە کە دەری دەخا لە لایەن وڵاتانی جیهانەوە گرنگی بە هەرێم دەدرێ.

## ڕێز گرتن

خەتی هەوایی نیونەتەوەیی بۆ هەولێر و سلێمانی بە رێکوپێکی هەیە. لەسەرهەڵدانی داعەشدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانی بە باشی بەرگری لە هەرێم بکا، هەرچەند لە شەنگاڵ لە بەرامبەر داعەشدا پاشەکشەی کرد و کوشتارێکی تری ئیزەدیەکانی بە دەستی داعەش مەیسەر کرد. لە گەڵ زۆر لە سەرکەوتنەکان دوو ساڵ لەوە پێش پارتی دیموکڕاتی کوردستان لە بەرناکۆکی کە لە گەڵ بزووتنەوەی گۆران هەیبوو، پاڕلەمانەکەی کە یەکێک لە مەرجەکانی دیموکڕاتبوونی هەر سیستمێکە، داخست و ئێستا کە پارتی بەپشتیوانی یەکیتی دەیانەوێ رفراندوم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکەن، ناکۆکیەکانی نێوخۆیی گیرو گرفتێکی زۆری پێک هیناوە، ئەوە جگە لەوەی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان هەڕەشە و گوڕەشەش دەکەن.

### * ڕۆژئاوای کوردستان.

**وەڵام**: رۆژئاوای کوردستان. هەل ومەرجی ئەم بەشەی کوردستانێش تا پێش شەڕی یەکەمی جیهانی هەر وەکوو باکووری کوردستان و باشوور بوو. و لە ژێرچەپۆکەی حکوومەتی عوسمانی دا دەیناڵاند. کوردەکان لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە هیچ مافێکیان نەبوو، بەڵام زمان و کولتوری خۆیان پاراستبوو. دوای ئەوەی فەڕانسەیەکان شامیان کردە "ژێر سەرپەرستی" ی (مەندەیت) خۆیان، ئیجازەیان دا کوردەکان بە زمانی زگماکی گۆڤار و رۆژنامە بڵاو بکەنەوە. هێندێک لە بەدرخانیە رووناکبیرەکان وەکوو جەلادەدەت بەدرخان و کامران بدرخان کە لە باکووری کوردستان رایان کردبوو، گۆڤارێکیان بە زمانی کوردی کرمانجی و بە پیتی لاتین بڵاو دەکردەوە و حسەین حوزنی موکوریانیش چاپخانەیەکی لە حەڵەب دامەزراندبوو کە بە پیتی عەرەبی نووسینی کوردی بڵاو دەکردەوە، ئەوانە و لەگەڵ شاعیرانی وەکوو" قەدی جان"، "جگەر خوین"، "عوسمان سەبری" و "نورەدین زازا" لە پەرەپیدانی زمانی کوردی لە نێو توێژێک لە کوردان دا کاریگەرییان هەبوو. دوایی کە سوریە سەربەخۆیی بە دەست هێنا و ناسیونالیستانی عەرەب و حیزبەکانی وەکوو حیزبی بەعس دەسەڵاتیان پەیدا کرد، جگە لەوەی بڵاوکردنەوەی گۆڤار و رۆژنامە بەزمانی کوردیان قەدەغەن کرد، رۆژئاوای کوردستانیان کردە سێ بەش "جەزیرە"، "جیرە سپی" و"عەفرین" و لەنێوان هەر دووبەشدا زۆرتر عەرەب و کەمێکیش تورکمانیان جێگیر کرد. دوای ئەوەی ئەمریکا و رۆژئاوا نەک بۆ خاتری ئەوەی ریژیمی بەعس دیکتاتۆرە، بەڵکوو لە بەر ئەوەی لە ژێر کاریگەریی سیاسەتی رووس دایە هێرشیان کردە سەری، رووس و ئێران و حیزبوڵای لوبنان فریای کەوتن و لە رووخان رزگاریان کرد. لەم بارو دۆخەدا وەزعی ریژیمی بەشار ئەسەد تا رادەیەک لەق ولۆقە. رۆژئاوا و زۆربەی وڵاتانی سونەی سەر بە رۆژئاوا دەڵێن بەشار ئەسەد دەبێ بڕوا و شەرعیەتی نەماوە، رووس و ئێران دەڵێن مانەوەی بەشار ئەسەد پێشی زیاتر پەشێویی سووریە دەگرێ. میلیونها خەڵکی سوریە لە ترسی شەڕو کوشتار پەنایان بۆ وڵاتانی دراوسی و رۆژئاوا بردوە، وەزعی ئابووری زۆر خراپە و خەڵکێکی زۆر نانی شەویان نیە بیخۆن. ئا لەم شێواویەی بارودۆخی سووریەدا گروە و تاقمی توندڕەوی ئیسلامی و یەک

## ڕێز گرتن

لەوان داعەش هەریەک لە ناوچەیەک سەریان هەڵدا کە عەرەبستانی سعوودی و قەتەر و تورکیە بە چرای سەوزی ئەمریکا یارمەتیان دەدان بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ هیلالی شێعە. کوردەکان ئازایانە وەخۆ کەوتن و نەک تەنیا بۆ یەکەمین جار داعەشیان لە کووبانێ شکست دا و نەیانهێشت تاقمە ئیسلامیە توندئاژۆکانی دیکەش بچنە کوردستانەوە، دوایی بە یارمەتیی عەرەب و ئاسووری و ئەرمەنیە ئازدیخوازەکان داعەشیان لە هەموو باکووری سوریە پاڵ پێوەنا، دیارە ئەمریکا کە هەوڵ و تێکۆشانی کوردەکانی رۆژئاوا بە تایبەت شەڕەوانانی "پێ یێ دێ" ی دی، هەڵوێستی گۆڕا و لە پێشدا لە ڕێی هەواوە یارمەتیی دان، دواییش بە پێچەوانەی ویستی تورکیە چەک و تەقەمەنی بۆ ناردن.

### ⁕ بەرەی کوردستانی لە رۆژهەڵاتی کوردستان

**وەڵام**: یەکێک لە پرسیارەکان ئەوەیە کە ئایا ئیمکانی بەرەی یەکگرتوو لە نێوان هێزە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا هەیە؟ و ئایا کورد دەتوانێ گونگرەیەکی هاوبەش لە هەموو بەشەکانی کوردستان پێک بێنێ و کوردی هەموو بەشەکان بۆ یەکگرتنەوەی کورد کە ئارەزووی هەموو کوردێکە یەک بخا؟ بە باوەڕی من لە دنیای سیاسەت دا هیچ نامومکینێک نیە. یەکیتی و پارتی بۆ چەندین ساڵ لە شەڕی نێوخۆیی تێوە گلابوون، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٨ی زاینیدا بارودۆخی کوردستان و عێراق و جیهان وای لیکردن کە بەرەی یەگرتوو لە نێوخۆیان و حیزبەکانی تری باشوور پێک بێنن و لە ساڵی ١٩٩١دا کە هاوپیمانان بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا هێرشیان کردە سەرعێراق بەشێکی زۆری باشووری کوردستان رزگار بکەن. دوو هۆکاری سەرەکی هەن بۆ پێک نەهاتنی بەری یەکگرتوو، یەکەم حیزبی دیموکڕات بۆتە دووبەش و جارێ بۆ یەکگرتنەوە هەنگاوی پێویستیان هەڵنەهێناوە و کۆمەڵەش بۆتە چەند بەش کە هەر ئەو گیرو گرفتەی حیزبی دیموکڕاتیان لە بەرە. دووهەم شەڕی حیزبی دیموکڕات و کۆمەڵە کە زەرەری ئێجگار زۆری لە بزووتنەوەی کوردستان دا، ئێستا بە خۆشیەوە هەموو لایەنەکان بە هەست بە بەرپرسایەتی ئاشتی یان لە نێو حیزب و کۆمەڵەدا پێک هێناوە، بەڵام بە داخەوە کەسانی نابەرپرس زۆر جار لە جێی ئەوە برینەکان ساڕێژ بکەن، برینەکان دەکولێننەوە و رەنگە تا رادەیەک کاریگەریی لە سەر توێژێک لە ئەندامانی هەر دوولا هەبێ. دیارە ئەوە بەو مانا نیە کە دوور لە دەمارگرژی و هاندانی نابەجێ شەڕی کۆمەڵە و حیزب نەدرێتە بەر نەشتەری رەخنەی خوڵقێنەر، لە گەڵ ئەوەش پێکهاتنی بەرەیەکی یەکگرتوو ئەگەرنەڵێم رژیم دەڕووخێنێ، کە زۆر فاکتۆری دیکەش بۆ ئەو کێشە هەیە، بەڵام خۆ گرۆتینێک دەداتە خەڵکی کوردستان، کە ئەوە خۆی لە خۆیدا دەستکەوتێکی باشە.

## ڕێز گرتن

**٭ پرسی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، ئاستەنگەکانی دەرەکی و ناوخۆی؟**

**وەڵام**: لە بارەی کونگرەی نەتەوەییەوە، ئەوە چەند ساڵە کونگرەی نەتەویی پێک هاتووە و ناوەندەکەی لە "بروکسل" پایتەختی بلژیکە و هەموو ساڵێک کۆبوونەوەی گشتیی خۆی پێک دێنی و ئەمساڵ لە کوردستانی باشووریش کۆبوونەوەیەکی پێک هێنا. بە بێ ئەوەی ئینکاری کارە باشەکانی بکەین، هۆی سەرنەکەوتنی کونگرە بۆ یەکخستنی ماڵی کورد ئەوەیە کە ئیمکاناتی ماڵیی کونگرە "پی کا کا" دابینی دەکا و دەبێ لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەودا هەڵسووکەوت بکا. دەزانین کە ناکۆکیی قووڵ لە نێوان پارتی کریکارانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆنەوە هەیە و بە داخەوە جاری واش هەبووە بۆتە هۆی شەڕی خوێناوی لە نێوانیان دا. هەردوو حیزبیش هەریەکە لە بەشێکی کوردستاندا کاریگەری زۆریان هەیە، هۆیەکەی تریش ئەوەیە کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان رەخنە لە "پێ کا کا" دەگرن و دەڵێن کە دەیەوێ شاخەیەکی حیزبەکەی بە ناوی جیا لە ناوی خۆی، بەڵام هەر بەو ئیدەئولوژی و بەرنامەوە دامەزرێنێ. ئەم دوو هۆیە و رەنگە فاکتۆری دیکەش نەیانهێشتووە گونگرە بە ئامانجەکانی بگا.

ڕێکەوتی: ٩ی ڕەزبەری ٢٧١٧ی کوردی - ١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ی زایینی



# ڕێز گرتن

## بەشێک لە وێنەکان















سەرچاوە
Serchawe

## ڕێز گرتن








ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

فێبریوێری ٢٧٢٢ی کوردی - جانێوێری ٢٠٢٣ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتارو بابەتەکان.**

**سپاس بۆ بەشدارانی رێورەسمی رێزگرتنەکە.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان**

**ڕەحمان نەقشی**

